رۆمان

# حەسەن سوورمە

بەکر ئاڵەیی

**سوپاس و پێزانین**

**زۆر سوپاسی ئەو هاوڕێ ئازیزانە دەکەم کە لەگەڵم ماندوو بوون. مستەفا غەفوور. مامۆستا مەحموود هۆمەر. عومەر حاجی. رەها ئەبووبەکر.**

رۆمان

# حەسەن سوورمە

بەکر ئاڵەیی

هەولێر ـ ٢٠٢٢

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**حەسەن سوورمە** (ڕۆمان)

- **نووسینی: بەکر ئاڵەیی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**
- **بەرگ: ئیبراهیم ساڵح**
- **هەڵەچن: خالید فاتحی**
- **تایپ: ڕێگا بەکر**
- **نرخ: (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار**
- **چاپی یەکەم ٢٠٢٢**
- **تیراژ: (٥٠٠) دانە**
- **چاپخانە: چاپخانەی (هێڤی)**
- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤٨٧) ساڵی (٢٠٢٢)ی پێداوە.**

**زنجیرەی کتێب (١٠٩٠)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ئەو بازارە نیوەڕۆیان داناخرێت

### یەک

هیچ نیوەڕۆیەک نەدەهاتەوە، هەرچۆنێک بوو لەفەیەکی لە بازاڕ دەخوارد و چایەکیشی بەسەردا دەکرد، بۆ ماوەی دوو ساڵ ئاوا ڕۆژەکانی بەڕێ کرد. ئێوارەیەک کەمێک درەنگ دوکانەکەی داخست و بەرەو ماڵ بۆوە، دەگەیشتە سەری هەر کۆڵانێک ئیستێکی دەکرد، ڕەوشی وڵات لەبار نەبوو، هەمیشە دایکی دەیگوت نیوەڕۆیەکانیش حەزم لێیە بێیتەوە، پێم خۆشە هەمووتانم لەبەرچاوان بن، بەیەکەوە لەسەر سفرە دانیشین، چێژی خێزان لەوە دایە نان بەیەکەوە بخۆین، دەی دەبێ ئەو ئێوارەیە چ چاوەڕوانییەک، چ دەرگایەکی پۆڵایین، چ خەمێکی گەورە، لەسەر دڵی دایک بێ. مووسا بەدەم ڕێگەوە بیری لەوە دەکردەوە پێویستە ئاگام لە باوکم بێ، ئەو بەو حاڵەش دەیەوێ شەو و ڕۆژ بەبەردەوامی کار بکا، ڕۆژێکیان مووسا پرسی: "دایە

ئێمە پارەمان هەیە؟" دایکی ویستی ڕاستی بەمووسا بڵێ، کەچی بیری کردەوە: "بەڵێ ڕۆڵە ئێمە شکور دەوڵەمەندین، خودا زۆری داوە."

– دەی ئەگەر وایە بۆچی باوکم هێندە خۆی ماندوو دەکا؟ من ڕۆژانە بیر دەکەمەوە بەزەییم بە باوکمدا دێ، ئەی ئەوە نییە منیش دوکانم داناوە، بۆچی هێندە خۆی ماندوو دەکا؟

– ئاخر ڕۆڵە باوکت ڕاهاتووە ناتوانێ دابنیشێ.

– باشە ئەو هەمیشە دەناڵێنێ لەبەر پشتی و چاوانی تووشی شەوکوێری بوون، ئیدی پێم ناڵێی ئەو هەموو خۆماندووکردنەی بۆ چییە؟

لەو وەختەدا ماڵی مووسا، پڕ میوان بوو، ماڵیان کاتی خۆی لە گوندیش هەر وا بوو، هەر غەوارەیەک ڕێگەی کەوتبایە گوندەکە، بێ قەید و شەرت میوانی ماڵی باوکی مووسا دەبوون. حەسەن سوورمە، باوکی مووسا کە دەیدی کەسێک هاتۆتە ناو گوندەکە، یەکسەر سوارەی کوڕە گەورەی دەنارده بەردەمی مزگەوتەکە، بۆ ئەوەی یەکەم کەس میوانەکە گڕ بدات، چونکە ڕێگاکەی ناو گوند بەبەر مزگەوتدا ڕەت دەبوو. ئەو وەختەی سوارە کە میوانەکەی لەگەڵ بایە، وای هەست دەکرد بۆ خۆی پاشایە، چونکە حەسەن سوورمە دڵخۆش دەبوو. ئەو ڕۆژە بۆ هەمووان جەژن بوو، چی خوا دابای بە شەوق و زەوقەوە دەیانخوارد، زۆرجار زەوادیان لە ماڵدا نەبووە کاتێ حەسەن سوورمە میوانی دەبردنەوە و خێزانی،

بەس چۆلەکە تینی بۆ دەهات: "ئەیڕۆ حەسەن خۆ پەلکوتی زەوادمان لە ماڵدا نییە، لە خۆم خەجاڵەتێ چ بکەین؟" حەسەن سوورمە دەیگوت: "بڕۆ ماڵی ئەحمەدی برا، چی نانیان لە کەندووی‌دایە بیهێنە." ئاخر چۆن دەبێت هەموو ڕۆژێک بەو شێوەیە بێت. حەسەن گوێی لەو شتانە نەبوو، ماڵی هەمووانی بە هی خۆی دەزانی.

ڕێگەی دوکان تا ماڵەوە دە خولەکێک دەبوو، نزیکی ماڵێ بۆوە، ژنی جەرجیسی فیتەر زبڵی دەڕشت، واقی وڕما: "بیسمیللا ئەوە بۆ وا درەنگ دێیەوە، نازانی بارودۆخ هی ئەوە نییە؟" مووسا گوتی: "چی بڵێم، یەکێک زۆر ماتەڵی کردم، وا درەنگی خستم."

سوڕەییا ژنێکی جوان و خوێن شیرین بوو، کوڕانی گەڕەک هەموویان ملی خۆیان بۆ دەشکاند، مووسا هەستی کرد بەرخوردی سوڕەییا دنەی دەدات بۆ وەڵامێکی پڕ شەهوانی، ئاخر بە دوو مانگ جارێکیش جەرجیس بەلایدا نەدەچوو، جەرجیس لەبەر چوونەدەرەوەی بۆ گەعدە و رابواردن ئاگای لە سوڕەییا نەمابوو، زیاتر درەنگانی شەو دەهاتەوە، دەستی لەگەڵ پیاوانی بەعس تێکەڵ کردبوو، داوێنپیس بوو، لە گەڕەک هاتوچۆی کەسی نەدەکرد.

شێروان دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین بوو، دەمی لە سیاسەت وەر دەدا، چارەی جەرجیسی نەدەویست، ڕۆژێکیان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی لە هاوینەهەواری بێخاڵ، لەگەڵ پیاوانی ڕژێم تێکهەڵچوونێکی دەبێت، ئەو جەرجیسە یەکسەر لە پشتەوە

کراسەکەی شێروان ڕادەکێشێت و ملی با دەدات. ئیدی لەو ڕۆژەوە، شێروان دەیەوێت تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە.

**دوو**

باران لە شیعردا وەک سەمای شۆڕەژنێک دەردەکەوێت. بەشێک لە گۆرانییە حەزین و ڕۆمانسییەکان، تابلۆی ڕەنگین و ختۆکەی جوانییەکانە. لێ بۆ عەلی، کابووس و دڵتەنگییە. مووسا ئەو ڕۆژانەی باران و تەڕوتوشیبا، خەمی لە کارەکەی عەلی دەخوارد، دەیزانی کەس پێڵاوەکانی بۆیاخ ناکات.

- پێڵاوەکانت دانێ بۆت بۆیاخ بکەم.
- نا بڕۆ ڕێگەکە مەگرە، بەو بارانە کەی کاتی بۆیاخکردنە؟
- ڕاستە، سوپاس.

تازە کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم، لەو درزانەوە دەیانڕوانییە ژیان، درووشمەکانیان بە بۆیاخێکی سوور لەسەر دیوارەکان دەنووسی و زۆر شێلگیرانە شەڕێکی چارەنووسسازیان هەڵبژاردبوو، لەسەر دیواری مزگەوتی گەورە، نوسرابوو: "کاری منداڵان قەدەغەیە!

حەوت سەعات کار لە ڕۆژێکدا!

ئازادی یەکسانی"

ئەو درووشمانە جوان بوون، لە وەختێکدا برسییەتی ژیانی خێزانەکانی هەراسان کردبوو، نانپەیداکردن و بوونی کار زۆر

ئاستەنگ و دژوار بوو. درووشمەکان جێگەیان نەدەبۆوە، چەند کاتژمێرێک بە دیوارەکانەوە دەبریسکانەوە و لەلایەن هێزگەلێکی مەترسیدارەوە، بە بۆیاخێکی ڕەش خەتە سوورەکانیان دەسڕییەوە و بە چەند جنێوێکی عارەبی دیوارەکانیان دەشێواند. شێروان لەو گروپەدا بوو، بەلای عەلیدا ڕەتبوو، بینی عەلی لەسەرمان هەڵدەلەرزێ.

- پێڵاوەکانت دانێ با بۆت بۆیاخ کەم.

شێروان دەیگوت شوورەییە مرۆڤی یەکسانیخواز پێڵاوی خۆی بە کەس بۆیاخ بکا! یان بتەوێ گۆرەویەکانت بە خوشک و دایکت بشۆی یان پێڵاوەکانت بۆ بۆیاخ بکەن!

ئیدی قوربانییەکانی برسیەتی ڕۆژلەدوایڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچوون! چی لە ژینگەیەکی تاریک و دەستەڵاتێکی بێویژدان دەکەی!

- دەتوانی فلچەکەم بدەیەی بۆخۆم بۆیاخی بکەم؟

- بۆچی ئیشەکەی منت بەدڵ نییە؟

- با، تەنیا حەز ناکەم پێڵاوەکانی خۆم بە کەس بۆیاخ بکەم، پێویستە شکۆی تۆ پارێزراو بێ، دەزانم ژیان و ئاستەنگییەکان تۆیان خستۆتە ناو ڕەوشێکی لەو جۆرە! گەر ئەو کارە نەکەی دەبێ چی بکەی! هەست بە خەم و ئازارەکانی تۆ دەکەم، لەو نابەرابەرییەدا گینگڵ دەدەم و بە گژ نادادییەکاندا دەچم.

شێروان دڵنیا بوو پێڵاوبۆیاخکردن بەو بارانە چ سودێکی نییە، تەنها بۆ ئەوەی بوو پەیامی خۆی بگەیەنێ و خۆی پێڵاوەکانی بۆیاخ بکا. عەلی بە دوودڵییەوە حەقی بۆیاخەکەی لە شێروان وەرگرت: "ئاخر چۆن دەبێت، خۆ من شتێکم نەکردووە! دەی کاکە تکایە ئەو پارەیە هەڵبگرەوە."

ئەمڕۆ دەستکەوتی عەلی زۆر کەم بوو.

– ئەمڕۆ درەنگتر دەڕۆمەوە، بەڵکو بتوانم شتێ زیاتر پەیدا بکەم.

درەنگچوونەوەش مەترسیدار بوو، دایکی چاوەڕێی دەکات و ئێستا نا ئێستا عەلی دەگەڕێتەوە، نەیدەتوانی بۆخۆی خواردن ئامادە بکات، دوای شوێنبزربوونی باوکی عەلی، تووشی جەڵتەی دڵ ببوو و لەسەر جێگە بوو.

ئێوارە درەنگ، کاتێ بازاڕ بەرەو تاریکی دەچێ، عەلی دەیەوێ بگەڕێتەوە، لە ڕێگا دەکەوێتە دەست کۆمەڵە چەکدارێک و ناگەڕێتەوە ماڵ. بە بیستنی ئەو هەواڵە، دایکی لەسەر قەرەوێڵەکەی دەکەوێتە خوارەوە و گیانی دەردەچێت.

## سێ

ئەو ڕۆژە دوای بزربوونی عەلی، دەنگی ئاسمانەکان لە گوێی مووسادا هەر ترس و دڵەڕاوکێ بوون، بەیانییەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی بگەنە مەملەکەت، گەڕەک لە پرسەی ونبوونی تاقانەکەدا

بوون. سوڕەییا بە گریانەوە یەخەی مووسای ڕاتەکاند: "کوا عەلی؟ ئەی بۆچی بەو بێویژدانییەوە دەیانەوێت هەموو ڕۆژێک مردنمان نیشان بدەن؟ بۆچی هێشتت ئەو هێندە بەدرەنگ بکەوێت؟" مووسا لەو ڕوبەڕووبوونەوەیە هەستی بە شەرم و نائومێدی کرد، گوتی: "چی بڵێم، ئەمڕۆ هەستم بە شتێک کرد، دەمزانی زەمەن ناهێڵێت ئۆقرە بگرم، ناهێڵێت وردە وردە خۆم و عەلی و ژیانی ئەو گەنج و خوێندکارانە بنووسمەوە، ئەوان لەبەردەم جەللادەکاندا سرودی نیشتمانیان دەگوت، من چی بکەم خاتوو سوڕەییا!"

– خۆ دڵێکم بە تۆ خۆش بوو، دەمزانی بۆ عەلی و دایکی زۆر بەپەرۆشی، ئەوە دایکی لە حەژمەتان گیانی دەرچوو، ڕەنگە تازە بۆ ئێمەش عەلی ببێ بە سەراب و نەیبینینەوە!

– دەزانم دادە سوڕەییا، دەمێکە دەمەوێ برادەرێکی باشی عەلی بم، چونکە ئەو لە ئێستادا بێکەسە، دەمویست برای ئەو بم.

حەسەن سوورمە گوتی: "من پرسە بۆ ژنی ئەحمەد سەلاوەتی دادەنێم و هەر خۆشم مەسرەفەکەی دەکێشم." مووسا دڵی بەو بڕیارەی باوکی زۆر خۆش بوو، گوتی: "من هەر ئەوەم دەویست کە بتوانم قەرەبووی ئەو کەمتەرخەمییەی خۆم بکەمەوە، سپاس بابە گیان، عەلی بۆ من برا بوو، دایکی بۆ من دایکم بوو." بەس چۆلەکەی خێزانی حەسەن سوورمە، پورە ئایشێی شووشت، کفنی کرد و بە دەنگێکی خەمناک گوتی: "بنوو، ئیدی خەون و خولیاکانی تۆ زۆر

بوون و ئێمەش ناتوانین دەرەقەتیان بێین، ڕۆحت شاد بێت و خوای گەورە حەقت بستێنێ."

مووسا لەبەردەم سوڕەییا دڵی لەرزی و جەنگی ململانێیەکانی دەستپێکرد، خزایە ناو درزی مەمکەکانی و کەوتە ناو نیگا پەرجووەکانی، وەختێک فرمێسکەکانی سوڕەییای دەبینی دەبوو بە غەواسێکی شارەزا و بەدەم خنکاندنی هەموو حەزەکانییەوە بۆ قوڵایی شۆڕ دەبۆوە. مەرگی پورە ئایشێ و بزربوونی عەلی ڕاوەستانێکی دەدایە دەست مووسا! دەی کەی وەختی ئەو وروژانەیە! کەی زەمەنی ڕۆمانسییەت و نیگاگۆڕینەوەیە!

بە بەرپرسیاریەتییەوە مووسا دەیڕوانییە ڕووداوەکان، بەڵام هەمیشە ئەو چیرۆکەی لە گوێیدا دەزرینگایەوە کە نەنکی بۆی دەگێڕایەوە، دەیگوت: "باپیرتان فرسەتی لە شەوێک وەرگرت، پیاوێک بەدەستی ئاغاکان کوژرابوو، هەموو خەڵکی گوند بەپەرۆشەوەبوون، باپیرەتان کە برادەرێکی نزیکی خدری برام بوو، ئەو شەوە خۆی نزیکخستەوە و خەڵکی خەریکی شینوشەپۆڕ بوون، ئەویش و خدری براشم زۆر برادەری خوالێخۆشبوو بوون، ئیدی لە من نزیک بۆوە، دەستی گرتم و لە ئاپۆرەکە دووری خستمەوە، باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم. نەمزانی چی ڕوویدا! نەمزانی دڵم کەوتە کوێ! نەمزانی من چی دەکەم!"

مووسا دەیگوت فرسەتلەدەستدان، واتای هەڵکەندنی گۆڕە بۆ حەزەکانت!

ڕوانیم سورڕەییا خەریکە بە باوەشەوە دێت و دەیەوێت وەک منداڵ بمخاتە باوەشی و بۆنی عەلیم پێوە بکا، لە ئامێزیدا ببم بەو خەونانەی، سەفەری گەنجانەی خۆی تێدا بخواتەوە! ئێستا هەموو ئەو ئاخ و ئۆفەی لە هەناومدایە، لەسەر سینگت دەیانکەمە گڕی نەورۆز، خۆم دەخەمە ناو گڕەکەوە، دەزانی ئەو ئێوارانەی دەمی شەقامەکە دەگری و ڕووی سێبەری حەوشەکەمان تێدەپەڕێنی، من و ئەندێشەکانم لە خاچ دەدرێین! دەزانی وەختێک ملپێچە سوورەکەت دەکەوێتە سەرشانت دەمەوێ من بم و ماچێکی گەردنت بکەم و لە ڕۆحی سەرابت بئاڵێم!

مووسا ئەو ئێوارەیە جەنگێکی ڕۆحی لە ژووری یادەکانیدا بڵێسەی دەدا.

# چۆلەکە

## یەک

یادگارییەکان، دێنەوە بەڵام دڵ پڕ خەمگین، ماندوو پڕ برین، ئەوان بەدەم زامەوە دێنەوە. ئاسان نییە بتەوێ بچییەوە سەر ئەو خاڵانەی زەمەنێک برین لەسەر برین، شکان و چەرمەسەرییەکانیان نووسیوەتەوە. مووسا گوتی: "دایە، چۆلەکە واتای چییە؟ بۆچی ئەو ناوەیان لێ ناوی؟"

دایکی گوتی: "جا چی بڵێم، کاتی خۆی سەربانەکان هەموویان گڵ بوون، شەوان لەسەربان دەنوستین، دونیا شامی شەریف بوو، کەس دڵی لە یەکتر پیس نەبوو، منداڵ بووم بەدوای کوڕانی گەڕەک دەکەوتین، وەختێک کوڕەکان خەریکی ڕاوەچۆلەکە بوون، یەکێک لە کوڕەکان چۆلەکەیەکی دایە دەستم، گوتی دەی بزانم دەتوانی سەری لە لاشەی جیا بکەیەوە؟ ترسام و هاوارم کرد، کوڕەکان هەموویان قاقا پێم پێکەنین، تەریق بوومەوە و شەرمەزار بووم، بەڵام پەشیمان نەبوومەوە، ئاواڵەکانیشم بە بەس چۆلەکە بانگیان دەکردم، تووڕە دەبووم، دۆ و دۆشاوم تێکەڵ دەکرد. بابت جیا لە هەموو کوڕەکان

دڵنەوایی دەکردم، دەیگوت ئەوەندە خۆت دڵتەنگ مەکە، کچەکان هەمیشە سۆز و بەزەییيان زیاترە. ئەو قسەیەی بابت پشتیوانییەکی باش بوو بۆ من، تا بۆ ماوەیەک لەگەڵ ناوەکەم ڕاهاتم و هیچ پێم ناخۆش نەبوو. دایکم نەیدەهێشت نزیکی کوڕەکان بم، دەیگوت کچم با عەیبدارت نەکەن، کچ بۆخۆی لە ژینگەیەکی خراپ و نەریتێکی بۆگەندا دەژی. ئەو قسانە بۆ من گرنگ بوون، بەڵام بابت بۆ من گرنگتر بوو. بابت دەیگوت من عاشقی چۆلەکەم، ئێواران لەگەڵ دڵی چۆلەکەکان دەچمەوە ماڵ، بە جریوەی چۆلەکەکان دەخەوم. بابت دەیگوت هیچکات نەمویستووە گۆشتی چۆلەکە بخۆم، نەمویستووە لەگەڵ کوڕەکان ڕاوی چۆلەکە بکەم، زستانان بە دزی بابم گەنمم لە عەمبارێ دەردەهێنا، دەمبردە سەربانەکان و بانگی چۆلەکەکانم دەکرد، کۆترەکانیش دەهاتن. ئەو ڕۆژانە بۆ من جوان بوون مووسا گیان، بۆیە ناوی چۆلەکە بۆ من ئەوپەڕی شادمانییە."

مووسا هەمیشە تەقییەی دەکرد و لای هاوڕێکانی دەیگوت: "خودایە بۆچی ئەو ناوە بەسەر دایکمدا بڕاوە؟ دایکم چەند میهرەبان و لەسەرخۆ و دڵسۆزە، ئەو دەوروبەرەی ئێمە چەند ڕێز لە دایکم دەنێن، دایکم و بابم دەبینم چەند بەپەرۆشن بۆ دۆست و خزمان." جووچکەچۆلەکەیەک لە هێلانەکەی کەوتبووە خوار، دایکم دەگریا و هۆن هۆن فرمێسکی بۆ دەڕشت، ماڵی ئێمە هێندە هۆگری چۆلەکە ببوون، ژێر میچی هەیوانەکەمان پڕی بوو لە هێلانەچۆلەکە، ژوورەکەی میوانمان وێنەیەکی گەورەی چۆلەکەی لێ هەڵواسرابوو، ئیدی چۆلەکە وەک سەمبوولێک لە زەین و دیدی ئێمەدا جێگە و

ڕێگەی هەبوو. بەو ڕوونکردنەوەیەی دایکم زۆر ئاسوودە بووم، پێم خۆش بوو بە مووسا چۆلەکە بانگم بکەن. ئاخر، دەزانی چێژی ئەو هەستە لە دایکمدا چەندە بەرزە! چەندە وروووژانێکی پڕ هەستە! لە عیشقی چۆلەکەدا زەمین و ئاسمانمان دەکرد بە لۆغان، چارەی ئەوانەم نەدەویست کە دارلاستیکیان پێ بوو.

# پێکچوونێکی سوڕەییا و نازدار

## یەک

دوای ئەوەی ئەو کوڕە جوتیارەیان بەکوژراوی دۆزییەوە، نازدار حەجمینی لێ هەڵگیرا. نازدار نازی لێ دەباری، دەشت و دەری لە جوانی هەڵکێشابوو و سوراوی دابوو بە کێوەکانی دەوروبەر. نازدار لە ماڵی باوانی سووتاوی بەژن و باڵای کوڕەکوژراو بوو، سوێندی خوارد، دەبێ تۆڵەی بکاتەوە. ئاخر، بەزۆر و بە نووکی خەنجەر نازداریان دابوو بە کوڕی کوێخای گوندەکە. شەوی بووکێنی خۆی بە دەستەوە نەدابوو، دوای چەند ڕۆژ لەژێر باری هەڕەشە و گوڕەشەی خزم و کەسی زاوا، نازدار ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدا. ئیدی لە دەرفەتێک دەگەڕا، چۆن خۆی دەرباز بکا!

شەوێک بیری بۆ کارێکی مەترسیدار چوو، چۆن شکۆی ئەو پیاوە بشکێنێ کە دەمێکە بەدەستییەوە گیرۆدە بووە! شەو لەکاتی ئاوێزان و دەستلەملان، زەبرێکی بە پشتی سەری کێشا و بێهۆش

کەوت، بە تیغێکی تیژ عەورەتی پیاوەکەی قرتاند و کەمێکی کەمی پێوە مابوو. نازدار بەخێرایی ڕای کرد، شەو ئەنگووستەچاو بوو، پڕ مەترسی و خەیاڵ بۆ زۆر ڕووداوی چاوەڕواننەکراو. نازدار ویستی خۆی قوتار بکا، لە دەستی ئەو نادادییەی کە بەرانبەری کراوە. شەو درەنگانێک دایکی حەکیم، دەیەوێ وەک شەوانی پێشووتر چاودێری کوڕ و بووکەکەی بکا؛ هیچ هەست و خوستێک نایە، چەندجار دێت و دەچێ، هەست ڕادەگرێ، دونیا کش و ماتە. دیقەت دەدا دەرگا کراوەتەوە، فانۆسەکە دەبات، دەچێ سەیری جێگەکەیان دەکا شەلاڵی خوێن بووە! هاواری کرد و دەستی بە لەخۆدان کرد، کوێخا و دەوروبەری خەبەریان بۆوە، چی قەوماوە، بەپەلەپەل حەکیمیان خستە ناو تراکتۆرەکەوە بەرەو شار. چەند پیاوێکی گوندەکەش بە دوای نازداردا دەگەڕێن، هیچ سۆراغێکیان دەست نەکەوت، بۆ ماڵی بابی نازداریش چوون، هەواڵێک لە نازدار نەبوو. دەی ڕاویان دابەش کرد دەبێ ئەو نێچرە هەڵاتووە بگرنەوە، نابێ وا سووک و ئاسان بۆی دەربچێ، ئەوە شکۆی عەشیرەتێکی شکاندووە و گوند بە گوند دەگەڕان. دوا جار خۆی ڕادەستی ئاغای گەورە کردبوو. ئاغا هەواڵی بۆ ماڵی بابی حەکیم نارد، بووکتان لای منە و خۆم کێشەکە چارەسەر دەکەم. ڕۆژان ڕۆیشتن و حەکیم چارەسەری بۆ کراو کۆبونەوەی خزمانی حەکیم و بابی نازدار و کەسوکاری بەردەوام بوو، بەشێکیان کۆک بوون دەبێ نازدار بکوژرێ، تەرمەکەشی بخەنە ناو زێی بچووک. بەشیکیشیان دەیانگوت: "نا، نا پێویستە ئەو ژنە بێحەیا و بێقیمەتە هەموو ڕۆژێک بمرێ و بیخەینە زیندان، خۆ

حەکیم هیچ ڕەگی پیاوەتی نەماوە و لە بنی بنەوە عەورەتیان بڕیوە، کەواتە دەیبەینەوە، دەیخەینەوە پاڵ حەکیم و دەبێت بەدەستییەوە بناڵێنێ!"

ئیدی هەموویان ئەو بیرکردنەوەیان پەسند کرد و نازداریش ناچار قبوولّی بوو. تاقە برایەکی هەبوو، ئەویش سووربوو لە سەر کوشتنی خوشکەکەی و دەیگوت: "هیچ شتێکم ناچێتە گوێ جگە لە کوشتنی، دەبێ بکوژرێت، چۆنکە سەری هەمووومانی نەوی کردووە." ئیدی خێزانێک و عەشیرەتێک خەریکی کوشتنی نازدارن.

مووسا خەیاڵی بۆ سوڕەییا چوو، دەبوو دەمێکبایە سوڕەییا لە جەرجیس جیا بووبایەوە، چونکە جەرجیس جگە لەوەی سیخوڕە و هاتووچۆی کەسیشی نەدەکرد، هەموو گەڕەک ڕقیان لێی دەبۆوە. جەرجیس بەهەڵکەوتماڵی کەوتبووە ئەو ناوچەیە، لەلای موسڵەوە هاتبوو، زۆرجار ئەو پیاوە دەبوو بە هۆکاری کێشەی خەڵکی ناوچەکە. مووسا حەیرانی سوڕەییا بوو، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێ و دەستبردنی بۆ کارێکی لەو چەشنە، مەحاڵە بتوانێ ئەو حەزەی بدرکێنێ و پێی خۆش بوو جەرجیس قەت نەیەتەوە هەر لە دەرەوە بێ، تا هیچ نەبێت بە کامی دڵی خۆی، بڕوانێتە سوڕەییا. ئەو ڕۆژانەی سوڕەییا لەبەردەرگاکە دەوەستا، خۆر بە ئاڵووالا و بە تێکستی ئاوێزەوە دەڕژا، جەنگی ڕەنگەکان بۆ سوڕەییا وەک مۆتیڤ و تابلۆکانی خودا دەچووە ناو گمەی کۆترەکان، ئیدی سوڕەییا هاوتای نازدار درەوشاوە بوو، مووسا پێی وا بوو، ئەو تابلۆیەی بۆ نازدار کێشراوە هەمان وێنا لە سوڕەییادا هەیە.

## دوو

لەو مشتومڕ و دوودڵییەدا، بیرکردنەوەی مووسا بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوا، نایەوێ شۆرەتی بنەماڵە و شووناسی خێزانەکەی لەکەدار بکات! دەی ئاخر دڵ ئەوە نازانێ کێ ناوبانگ و خاوەنی کەسایەتییەکی بەرزە، کێ دەتوانێ بە ویقارەوە تێکەڵی کۆمەڵگا بێ! خەون و خولیای گەنجێک چ کارێکی بەو ئایدیا و فەلسەفە و پرەنسیپانەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەوە هەیە! گەنجێکی ماندوو و پڕ یادەوەری، شکان و دەردەسەرییەکانی دەکا بە تابلۆ! دەیەوێ ئەو ئازارانە لەبیر خۆی بەرێتەوە، وای دەڕوانی دەمێکە لە چەرمەسەرییەکانی ژیاندابن، دەمێکە بەدەست کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانی و عەشائیری دەناڵێنین، دەیگوت : "بیر لەوە دەکەمەوە چۆن دەرباز بم، چۆن بتوانم خەمی کۆن و نوێ پشتگوێ بخەم!" پەشیمان دەبۆوە "نا نا ناکرێت خوڵقەتی باش و کاری باش لەبیر بکەم، ئەو کۆمەڵگەیە نوقمی نابەرپرسیارییەتی بووە، بە جارێک ژیان و مردن بووە بە کارێکی ئاسایی، ژیان بەو ئاراستە بڕوا شکۆی هەموو شتەکان دەشکێ. کەواتە بۆ منێک کە وا دڵم لە مستدایە بۆ مردنی مێرووڵەیەکیش، گەر جەرجیس بەو حاڵەتە بزانێ، نە من دەتوانم لێرە بژیم و نە سوڕەییاش بە ڕۆح دەتوانێت بژیی!" ئیدی چش لەو دڵە کە لەبەر بەڕۆچکەی خۆرێکدا خەریکە دەبێتە قەرەبرووت، هەنییەی دڵێکی ماندوو خەریکە دەبێ بە سەراب، ئیدی جەنگێک لەگەڵ خودی خۆیدا بەردەوام، دەچێتەوە سەر برینەکان و

یادی عەلی و مردنی دایکی عەلی قووڵتر دەچێتەوە سەر خەمەکانی. سورڕەییام خۆش دەوێ، لێ زۆر شت و کارگەلێکم لەدەست دەچێ. بە مردنی سورڕەییا ڕەنگە تەواوی ئەو هەست و ئەوینەم بمرێ، خۆم لەوە دەگەڕێم کە دەبێ عاشق بم و ژیانی وشەکانم ئاودێری ئەوینی دۆستێک بکەم، دەمەوێ ڕۆحم بە بەربەڕوچکەی نیگای سورڕەییا گەرم بکەم، کە ئەو بمرێ نیگای ئەو کانییانەش دەمرن کە دەڕێژێنە ناو باخچەکانەوە.

بەردەوامبوونم لەسەر خواستەکانم دەمشکێنێ و لە هەموو بەهاکان دوورم دەخاتەوە. ئەو ڕۆژەی یەخەی کراسەکەی گرتم و ڕایتەکاندم، خۆشی خەونێکی گەنجییەتیم کەوتە سەما، خەنیبوونم لە قاپی خودایەک جریوەکانی ڕۆحم دەچوون بۆ ئاسمان! مووسا بەو سەما و گۆرانییانە ڕیتمی ڕۆیشتنەکانی ئەوینی لەسەر ڕەفەی دواڕۆژیدا وێنا دەکرد؛ لێرەوە ئیستێکی کرد، دەبێت بەسەر سۆزی گڕگرتوومدا زاڵ بم.

***سێ***

ئێوارە لە گەمە و تەنیاییی خۆیدا نقووم ببوو، فرمێسکەکانی ماڵاوابوونی هەموو شتەکانی دەبینی، لە ڕۆخی ماندووبوونی خۆیدا، سەفەری دڵێکی ئاوریشمی کەوتوو بوو، نووزەی هەلابەهەلابوونی ژنێک، عەرشی خودای ڕادەژاند! ژنێک بەدەم چامەیەکی ئەوینەوە تروسکاییی خۆی دەنووسییەوە، دەنگی ماتەڵبوونی ژوانەکانی

دەکرد بە شیعر، چەترێکی لە هەناسە بریندارەکانی خۆیەوە دەدایە دەست ڕەشەبا و جیهانی زامەکانی لێ دەنەخشاند.

بەدەم بارانەوە سرودی گوڵەکانی دەخوێند، ئێوارە لە سەفەرەکانی سپێدە غەریبتر بوو، ئێوارە کتومت مووسا بوو، زۆر لە ڕۆحی نازدار دەچوو، بەشێکی زۆری شکانی دڵی سورەییای تێدا بوو. ئێوارە پڕ پڕ بوو لە ماندووبوونی عەلی و تەژی بوو لە چاوەڕوانی دایکی عەلی. حەسەن سوورمە دەمێک بوو بەو گەمە و خەرەندانەدا تێپەڕیبوو، چەندان زامی قووڵی بێبن و سارێژنەبوو، چەندان ڕامانی تەواونەبووی دڵی لە ئێوارەکانی تەمەنی جێ هێشتبوو، چەندان ڕۆحی پەپوولەییی سپێدەی لەدەست چووبوو، ئەو هیچکات نەیدەویست بۆ ڕۆژە تاریکەکان بگەڕێتەوە، دەیگوت: "نا، نا تۆ پێویستە هەمیشە باش بی و لە کاری چاک دوا نەکەوی، تا دەوروبەر بە کارە باشەکانی تۆ بۆ هەناسەدان دوورتر بڕوانن، تا خراپەکان لە درەوشاوەی کارە باشەکانی تۆ بە خۆیاندا بێنەوە."

حەسەن سوورمە ئەو شەوەی بە تەڕوتووشی و شەوکوێرییەوە بەدوای ئەسپەڕەشەکەی کوێخاڵڵا دەکەوت و دەیویست بیگێڕێتەوە ناو ڕەوەکە تا بیپارێزێ لە دەمی گورگ و بزربوونی، دە جار هەڵدێراو بەری دەستەکانی بریندار بوون، سەر ئەژنۆکانی شەلاڵی خوێن ببوون، شوێنی وشکی ددان بوو، دەیگوت: "قەیدی چییە، دەمەوێ نانەنەکەم حەلاڵ بێ و ڕووڕەشی باری تەعالا نەبم!" حەسەن سوورمە چەندان ساڵی ئاوا تەڕووتووشی تێپەڕاندووە و هەر زیندوویە. ئەو زۆر لە ئێوارەکان غەریبترە، زۆر لە پاییز

دەچێت، دەبێ هەڵبوەرێ و بەسەر مەرگی گەڵاکانی خۆیدا بڕوات، بە تەنیشت مەرگی ئارەزووەکانیدا گوزەر بکات، دەبێ خەمی هەمووانی لەبەر بێت، دەبێ ئەو ئێوارانەی تەڕوتووشییە سۆبەکەی مزگەوت پێبکا و مزگەوت گەرم بکات، دوای نوێژی شێوان پێپێچە و لباد و پێداویستییەکانی بخاتە کۆڵی، بەرەو لای رەوەکە بڕوات و هەورازەکەی پشت ماڵان ببڕێ، نابێ دوا بکەوێ، دەبێ وڵاخەکان خڕ بکاتەوە لەژێر ئەشکەوتی چیاکە، ئاگرێک بکاتەوە و شەوانە لەگەڵ بڵێسەی ئاگرەکە قسە بکا، ژنەکەی و منداڵەکانی، شەوچەرەی گوند و جەفەنگ و گەڕەلاوژێیەکانی، سەردان و میوانداری و تەکبیرەکانی گوندی جێ هێشتووە: "دەبێ نانی حەڵاڵتان بدەمێ؛ ژنە جوانەکەم، منداڵە خۆشەویستەکانم، ئێستا وا دڵم لاتانە و ناهێڵم سەرماتان بێ، ناهێڵم برسیتان بێ." ئاگرە بڵێسەسەندووەکە گوتی: "نووری من لە ڕووناهی چاوەکانتەوە بەسەر سوانە و شیپانەی مزگەوتدا دەڕوانێ، بەسەر یەک بە یەکی ماڵەکانی گوند، دەستم بەسەر کەرامەت و شکۆی هەموو گونددا دەڕوات، لای مووسا و هەیوانی ماڵەکەت، لای وەتاغ و دیوەخان و تەویلە پشتم بە کۆڵەکەی هەیوانەکەتەوە داوە، دە خەمی منداڵەکاندا مەبە."

**چوار**

کەمال باری دەروونی تێکچووبوو، خەڵکی شار بوو، لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی گوندەکە ژیانی بەسەر دەبرد. هەموو بەیانییەک بە

ئاوی سارد خۆی دەشووشت. ئەو شەوانە درەنگ میوانی حەسەن سوورمە دەبوو، دەمێکی باش لای دادەنیشت و ڕێک دەچوو بۆ ناو ڕەوەکە، جوانووماینێکی دەگرت و بەبەرچاوی حەسەن سوورمەیەوە پشتێنی لە ملی دەکرد و ئارەزووە سیکسییەکانی بەتاڵ دەکردەوە. حەسەن زۆر بەو کارەی کەمال دلتەنگ دەبوو، بەڵام چاری نەبوو. کەمال مرۆیەکی تێکسرِماو و وەرزشی بوو، دەرچووی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا بوو، چەند دکتۆریان پێ کردبوو، هیچ فەرقێکی نەکردبوو. وێنەی دەزگیرانەکەی وەک هەویە کەپس کردبوو، لە گیرفانیدا بوو، بە دەنگێکی بەرز بانگی دەکرد و دوای چەند ساتێک بە گریانەوە بە هەورازەکەدا ڕایدەکرد، پڕ بەو دۆڵە هاواری دەکرد. حەسەن وەک هاوڕێیەکی گیانیبەگیانی، دڵخۆشی کەمالی دەدایەوە، زۆرجاریش لەگەڵ کەمال دەگریا: "کاکە با بەس بێ، دەزانم ئازارەکەت چەند زۆرە بەڵام چ دەستەڵاتێکمان هەیە، ئیدی ئەو ڕۆیشتووە و ناکرێ هێندە خۆت نارِەحەت بکەی." کەمال دەستی دەکرد بە پێکەنین و دەیگوت: "کەرباب تۆ دەڵێی چی؟ ئەو هەموو شەوێک دێ بۆ لام، دەستە نەرمەکانی بە ڕوومەتمدا دێنێ، بە پەنجەکانی پرچی ئاڵۆزم شانە دەکا، ناهێڵێ ڕیشم بێ، سبەینان لەسەر کانییەکە دەمشوا و جلکەکانم ئووتوو دەکا. ئەو کاتانەشی جێم دەهێڵێ خەمبار دەبم، دونیا لەبەرچاوم تاریک دەبێ، پێم خۆشە کەسێک بکوژم، پێم خۆشە نزیکترین هاوڕێم سەر ببڕم، حەز دەکەم ئەوەی بەلاشمدا تێپەڕێ سەری پان کەمەوە، تۆ دەڵێی چی تۆ کەی لە من تێدەگەی؟ چەند ساڵە من و تۆ بەیەکەوەین، هێشتا تۆ من

ناناسی گێلە؟ بڕوات بێ برادەری ئازیزم حەسەن گیان خۆت کەر مەکە! هیچیش مەترسێ تۆم لەبەر چەند شتێک خۆش دەوێ، تۆ دەستم بەردەستی نانێی و هەموو ئێوارەیەک بەشی منیش خواردن دێنی، تا درەنگانی شەو ئاگام لێتە هیچ گومانی خراپ مەکە." حەسەن ئەهوەن دەبۆوە، دڵنیا دەبوو کە کەمال دەستی لێ ناوەشێنێ. حەسەن دەیگوت قیرۆسیا خوا بۆ خۆی دەیزانێ کە من لە چ حاڵێکدا دەژیم، لە شانی من ئەو کارانە خۆش نین، یا ئەوەتا دەبێ واز لە ڕەوکەوانی بێنم یا ئەوەتا دەبێ لەگەڵ کەمال تێکی دەم، ئەوەش زەحمەتە! ئاخر کاتێک کەمال لەگەڵ جوانوومایینێی ماڵی مام عەزیز ئاوێزان دەبوو دەیگوت: "گیانەکەم ئەوەی تۆ لە من دەستێنێ لە بابی خۆی نەبووە، وەڵڵا پشتی دەشکێنم، ڕەگ و ڕیشەی دەردێنم، ئاگر لە ماڵەکەی بەر دەدەم و ناهێڵم زیرۆحیان دەرچێ. تۆ هەموو گیانی منی، بێ تۆ ڕەنگە نەتوانم دەقیقەیەک بژیم. دەزانی ئێستا ئەو دونیایە چەند لەبەرچاوی من جوانە؟ تۆ بەو هەموو هەستەوە منت لە باوەش گرتووە، خودا دەزانێ چەند ئاسوودەم." کەمال ئەو کاتانەی لەگەڵ جوانوومایینەکە جووت دەبوو، هیچ بەڵایەکی لێ نەبوو، شیعر و شانامەی دەخوێندەوە، گۆرانی دەگوتن. شەوێکیان جوانوومایین دابڕابوو، کەمال چی قسەی ناشیرینە بە منی گوت، ماڵی مام عەزیزی شڕی جنێو و قسەی ناشیرین کرد. نامەوێ کەمال تووڕە بکەم، نامەوێ خەیاڵی کەمال پەرت بکەم، نامەوێ برین و ئازارەکانی زیاتر بکەم، حەسەن بەو خۆدواندنە قەناعەتی بە خۆی دەکرد. حەسەن زۆر هۆگری وەڵاخەکان ببوو، تەنیا ڕقی لە جوانووماییینەکە

دەبۆوە، دەیگوت: "سەری منت شۆڕ کردووە، من کەی دەمەوێ ئەو کارە بکەی؟ حەزم دەکرد هەر پیاوێک تخوونت دەکەوت بە جووتە کوشتبات! وەڵڵا خۆ حەیای هەزار ساڵەی منت بردووە، دەڵێی تیاترۆی، چ جوابی خاوەنەکەت بدەمەوە؟ چی لەو هەموو شکان و دڵتەنگییەی خۆم بکەم، ئاخر پیاو زۆر شەرمە ڕێگە بە کەسانێک بدا تخوونی وەڵاخەکان بکەوێ." حەسەن لە نێوان دوو بەرداشدا دەخولایەوە، ناچار دەبوو بێدەنگی هەڵبژێرێ و لەگەڵ کەمال وەک دوو هاوڕێ بمێننەوە، چش لەو بێڕەوشتییەی کەمال، هیچ نەبێ شەوانە وەک ئاودەنگییەک و ڕەواندنەوەی تەنیایی، جێگەی دەبێتەوە.

## پێنج

شەو ڕەگی تاریکی هێندە قووڵ دایکوتابوو؛ چاو چاوی نەدەدی، بە برووسکەی هەورەکان ژێرپێی خوی دەدی. باران بەلێزمە دەباری، جۆگەکان پڕ پڕ دەهاتن، حەسەن سوورمە پێش ئەوەی ڕێگای چیا بگرێ و ڕەوەکەی خڕ بکاتەوە، سەربانی ماڵەکەی و تەویلەی باش گێڕابوو، مەترسی دڵۆپە و تەڕبوونی ماڵەکەی نەبوو، دەیگوت: "ئەوەی دڵۆپە قبووڵ بکا، ملی بۆ زۆر شتی دیکەش نەوی دەکا." بۆیە تا سەربانەکان چاک نەپەستێتەوە، هیچ کارێکی دیکە ناکا. ئێواران ئالیکی دەدا بە مانگاکان و چی خەمی ئێوارە هەبوو دروست جێبەجێی دەکردن و ئەرکەکانی تەواو دەکردن؛ داری بۆ سۆپاکە دەشکاندن و ئامادەی دەکردن، مریشک و پەلەورەکانی دەخستنەوە ناو کۆختەکان، بیری دەکردەوە چی دی ماوە جێبەجێی بکەم، دەی

بەبێ خەمی دەڕۆم و هیچ شتێکم لەبیر نەچووە، نا نا تەواو بە ئاسوودەیی بڕۆ و بیر لە هیچ شتێک مەکەوە، ئەو بارانەش وەک گۆزە سەرەوبن نەیدەهێشت پشوویەک بدەم. هەڵکەوتی ڕێگاکەش وا بوو پەنایەکی نەبوو تا تۆزێک خۆی گیر بکات و هێندە تەڕ نەبێ. ئەو ڕەشەشەوە جیا لە هەموو شەوەکان زۆر ناڕەحەت بووم، دڵیشم لای وڵاخەکانە، دەڵێن لە شەوە تاریک و نووتەکەکاندا، گورگ زەفەر بە ماڵات و حەیوانەکان دەبا! دەڵێن گورگەکان ڕێک دەکەون، تا بتوانن گەورەترین دەستکەوتیان هەبێت، تاریکی بە دەرفەت وەردەگرن و هیچ شتیک ناپارێزن، تەنانەت بنیادەم و سەگ و جانەوەریش دەخۆن! نا نا هیچ نییە تۆزێکی دی دەگەم و ئاگرێکی خۆش دەکەمەوە، دەڵێی کەمال نەیەت و بەیەکەوە چایەک وەسەر نێین و منیش حیکایەتی دێوەکانی بۆ دەگێڕمەوە. ئەها ئەوەتا ئاگرێک دەرکەوت، بۆیە دەڵێن ئەوەی لە خوا خافڵە، کافرە. دەنگێک لە دوورەوە: "کێی زەلام؟ نەجووڵێی دەتکوژم!"

– هۆی کەمال ئەمنم حەسەن، حەسەنم حەسەن.

– بۆچی وا درەنگ گەیشتی؟

– جا باران هێشتی کاکە! وەڵڵا تا گەیشتوومەتە ئێرە بە مردنی خۆم ڕازی بووم! خۆ چاو چاوی نەدەدی، شوێنی وشکم نەماوە! بەڕاستی کوڕی تەنگانەی کەمال، ئەوە تۆ لێرە نەبای ئێستا چیم کردبا؟

کەمال ئاگرێکی کردبۆوە بە ماوەیەکی کەم، حەسەن وشک بۆوە، کەمال ڕەوەکەی خڕ کردبۆوە، وەڵاخەکان لەبەر باران و برووسکەی هەورەکان، گوێقوڵاخ، بە خشپەی دەوەنێکیش دەسڵەمینەوە.

– چایەکە ئامادەیە کەمال، دەی ئەمڕۆ ساوار و دوو سەلک پیوازم هێناوە، خۆ ساوارت حەز لێیە؟
– ئەمن ئەوەی لە بەردی نەرمتر بێ دەیخۆم، باکم خواردن نییە هێندەی خەمم ئەو باران و ڕەهێڵەیە. ئەوەتا جوانومایینەکە هیچ گیانی نەماوە، تۆ بەو دەردەسەرییە دێی و شەوەکانت لەگەڵ من دەکەیتەوە، کاکە من خەمی تۆمە. حەسەن لە ناخەوە دەگریا، بەدەست ڕۆژگار و قاتوقڕییەوە دەینالاند. کەمال ڕاست دەکا؛ ئیدی ئەو بەدبەختییە چییە خودایە؟ ئێستا دەبوو لە باوەشی چۆلەکەدا سەمام کردبا و بەدەم حەیران و لاوکەوە شەوەکانم بەڕێ کردبا! دەبوو خۆم لێفەم بەسەر منداڵەکاندا دابایەوە، دەبوو کە سۆپاکە داری تەواو دەبوو خۆم دارم خستبانەوە ناوی، ئاخر خودایە ئەوە جگە لە مردن چ گوزەرانێکە! میحنەتی ئەو ژیانە چ هونەرێکی تێدایە! دەی وانییە، ئەی هەر خۆت نەتگوت نانی حەڵاڵ نەبێ دەرخواردی منداڵەکانمی نادەم؟ دەمەوێ مووسا بەخۆیدا نەشکێتەوە، دەمەوێ ئەو سێبەرێکی نەبڕاوە بێ و کەس نەتوانێ کەرامەتی بشکێنێ! دەبینم مووسا چەند سەنگینە! چەند دڵخاوێن وخۆبەخشە! ڕاستە منداڵە و هێشتا دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناناسێ، بەڵام هەست دەکەم دەبێ بە پیاوێکی باش. من دواڕۆژی مووسا و منداڵەکانم پێ لە هی خۆم گرنگترە.
– کەمال گیانەکەم هیچ نییە خەمی منت نەبێ، دەی با نانی بخۆین، دونیا بە خەمان پێک نایە.

# دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو

## یەک

حەسەن دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژانێک، ئەحمەد سەلاوەتی تێیدا ناسیبوو. لە ڕەگی ئەو سەفەرانەوە دەنگی باڵندەکانی دەکرد بە سەلا، وەک چاوی هەورەکان دەبوو بە دەنگی برووسکە و تا دەگەیشت بە باران، بەدەم وێنەکانی سروشەوە دەڕوا، سروشی ئایەتێکی پێغەمبەرانە! بە گەرمە تەریقەتی سۆفییەکی جاهیدانە لە چیاکانەوە پەرش دەبوو. سەلاوەتی بۆ ئەندێشەکانی خۆی، بۆ سەودای ئەوینە بلێسەدارەکەی، بۆ شکستەکانی دڵی خۆی دەڕژایە ناو گۆرانییەکانی ئیلاهی. حەسەن سوورمە دەحەپەسا بۆ چریکەی پڕ برووسکەی سەلاوەتی، دەنگی لە دڵی خۆیدا ناشتبوو، بە بخووری نزاکانی زەمەنی پڕ عەتر دەکرد. حەسەن سوورمە زۆرجاران دەگژ سەلاوەتەکانی ڕادەچوو، بە تامی سەلاوەتی دەیچریکاند. سوارە، کوڕە گەورەکەی حەسەن سوورمە بە گۆرانییەکانی سەلاوەتی دەبوو بە دێوانە و جەزم دەبوو! وەک موتریبی ڕێگەکانی بەهەشت بە سەماکردن دەجەنگا، بۆ گەیشتن بەخودا، تەقواکانی بە گریانەوە دەڕژان و سرووتەکانی بە درووودبوونی دەچنی و داوێنی تاتەکانی دەڕواند و بە

هەناسەیەکی قووڵ لە کڕنۆشی خودادا دەبوو بە سەڵا! ئاخر کوڕی خۆم بۆچی هێند خۆت ماندوو دەکەی؟ ئاخر، هۆگربوونم بۆ دەنگی سەڵاوەتی پەیامێکە لە خوداوە بۆ من! شەوێک لە خەونمدا بۆ سەربانی مزگەوت، لە ڕۆخ سێبەرێکی ڕژاودا برووسکەیەک هاتە ناو ڕۆحم و بە گوێیدا چرپاندم، گوتی: "تا دەگەیتە ئاسمان لە دەنگی ئاسمانەکان دامەبڕێ، لەسەر بەرماڵەکانی نیشتیمان سەڵاوەتی ڕەنگەکان بخوێنە، بۆیە سرووتەکانی ساڵ دەخوێنم بۆ ڕازیبوونی ڕۆح، ڕەوتی دەروازەکانی خودا دەگرم تا دەگەم." لەو ڕۆژەوە سەڵاوەتی شوێنبزر بوو، سوارە دەم و ساتەکانی شکان و ئێوارەکانی بزربوون و ڕۆیشت بۆ ماڵی عیرفانی، لە مەکۆی موناجاتدا، خەڵوەتی سەڵاوەتەکانی دەخوێند و بە نزای پڕ زامەوە، دەگریا! حەسەن سوورمە خەیاڵ و ئەندێشەکانی لە تەڕوتووشی خڕ کردنەوە و بە دواکەوتنی وڵاخەکاندا کە لە ڕەوتی ڕۆیشتندا بوون، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "خودا بتانپارێزێت، لەبیرم چوو زاری گورگتان لێ ببەستم، دەترسم شەو گورگەکان فرسەت وەربگرن و پەرژینی چاودێریم بشکێنن، ڕۆحی ئێوەم لێ ون بێت ڕەنگە وەک سەڵاوەتی بۆ هەتایە بزربم.

**دوو**

زستانێکی تووش بوو، دەوروبەری مەملەکەت یەک پشتێن بەفری تێکردبوو، سەربانەکان سپی سپی، ڕەشانگ و بەردێکیش بەدی نەدەکرا، خەڵکی ئاوایی بە نۆبە بانەکانیان دەماشت و فریای ماڵینی بانەکان نەدەکەوتن. ڕیشسپییەکانی ئاوایی دەیانگوت: "ساڵی وا سەختمان نەبینیوە، خوایە وەخێری بگێڕی." باڵندەکان لە فڕین و نەغمەکانیان،

جوانترین تابلۆیان دروست کردبوو. چۆلەکەکان لەژێر سوانەکان بە جریوە و هەڵبەزودابەزیان دیمەنێکی ئەڤینداریيان دەڕشت. گەمە و گۆرانییەکانی چۆلەکە لەسەر پشتی بەفر لە سەمادا نقووم بووبوون.

دایکی مووسا بە تەشتێک گەنمەوە لەبەردەم هەیوان و لە ڕۆخ پەنجەرەکەوە، دەیویست بە چۆلەکەکان بڵێ، وەرن وەرن ماڵی دڵم گەرم گەرم بۆ ئێوەیە، داتان دەپۆشم، باڵە تەزیوەکانتان گەرم دەکەمەوە، کوو کوو بە دەمتاندا دەکەم، ناهێڵم شتاقتان بمرن! وەرن وەرن لە بەری دەستم چیرۆکی چۆلەکەییی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە! بە فووغان و گریانەکانی خۆم نوسیوومەتەوە. دەمەوێ تێر گەنمتان بکەم، تا ئاسوودەیی بۆ منداڵەکانم ببەمە ژوورەوە. بەڵێنتان پێ دەدەم ناهێڵم سەرماتان بێ، جەنگی بەفر دەکەم تا بتانپارێزم! حەسەن سوورمە بە لەرزینەوە، بە دڵێکی شکاو و پڕ حەسرەتەوە گوتی: "بەسێ هۆی بەسێ، سەلاوەتی خۆی بزر کردووە، شەو دوای نوێژی خەوتنان ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە! دوای ئەو هەموو سەرکۆنەکردن و سووکایەتی و تۆمەتدرووستکردنە بۆی، نغرۆ بووە و دیار نەماوە، دوێنێ لە مزگەوت چی خراپ و ناشیرین بوو بە ڕوویاندا دا، لە ماڵی خوا دەنگی سرووتەکانی خودایان بێدەنگ کرد، نەیانهێشت میهری خودا لە کلاوڕۆژنەی ماڵەکاندا بدرەوشێتەوە." حەسەن سوورمە بەگریانەوە دەیگوت: "لە ئاوی حەیات پاکتر بوو، سووژدەبردن و نزاکردنی بۆ خودا خەسڵەت و ئاکاری ئەو بوو، لەوەتەی ئەو دەناسم، هەڵەیەک و دەستپێسییەک و داوێنپیسییەکم لێی نەدیوە! خوا بتانگرێت بۆچی ئەوەندە بێویژدان و لەخوا نەترسن؟

خوایە گیان بەزەییت بەسەر سەڵاوەتی و ماڵومنداڵیدا بڕژێنە، لە دەنگی گریان و فووغانی ئایشێ و عەلی، ئاگر لە هەناوم بەر بووە! چ دەستەڵاتێکم نییە و هیچم پی ناکرێ، ئاخۆ دەبێ ئێستا سەڵاوەتی لە چ نسرمێک و لە کام ئەشکەوتدا گیانی دەرچوو بێ؟ سەڵاوەتی لە ڕۆژێکی ساردوسەرمادا، بڕیاریدا تاهەتایە ژینگەیەکی پیس و بێنەوا جێبهێڵێ و لە نەریتێک پەشیمان بێت کە عەیامێکە جوانییەکانی پێ دەشکێ! نەگەڕایەوە، نا مەگەڕێوە تا زیندەگی و ڕاستی دێنەوە."

**سێ**

شەوێکی تەمتومان، لە شەڕێکی قورسی دەروونیدا، خەمێکی بریندار و دڵێکی بەهەزارجارشکاو و پارچە پارچەوە، خەرەند و هەڵدێر و ڕێگە عاسێکانی ئەو شەوەی بڕی و ڕۆێشت. یادگاری و گریانەکانی کەفوکوڵی نامورادی خۆی خستە ناو تووربێنی خەمەکانی، کۆڵی سەڵاوەتی هێندە گران کردبوو لەبەر گرانی و میحنەتی دەردەکانی، پشتی سەڵاوەتی کۆم کردبۆوە. بەو ئومێدەوە ڕۆژێک بۆ شەوچەرەی خۆی و عایشێ و عەلی، نهۆمی باڵەخانەی زیندەگی خۆی پێ بەهێز و پتەو بکات. مەلا حەسەنی مەلای ئاوەدانی، چی ئایەت و حەدیس هەیە خستبوونییە ناو دەستی و بۆ فتواداان و ڕشتنی ڕقێکی تووڕە، بۆ ڕەشکردنەوەی ژیانی سەڵاوەتی، هەپروونهەپروونکردنی ڕۆحی سەڵاوەتی: "دەبێت سەڵاوەتی غوسڵ لە خۆی دەربکات و تا قیامەت لەسەر ئەو تاشە بەردە، ئاوی

بەسەردا بکەن. تا بەردەکە دەبێت بە کانی و ئاوی لەبەر بڕوات و شوێن بسمیلبوونەکەی ببێت بە کارێز!"

سەلاوەتی لە دووڕیانی مردنێکی خەجاڵەتی و چاوشۆڕییەوە، شکانی شکۆی عەلی و عایشێ و کەسوکاری و خۆفەنابوون و بزربوونی هەتاهەتاییدا، گینگڵی دەدا و خۆی دەخواردەوە. دەیگوت: "چۆن بەردێک دەبێت بە ئاو و کانی؟ ئاخر، بڕیارێکی وا مەترسیدار و سزادانێکی وا ئەستەم بۆ سەلماندنی پاکیزەیی و پاکبوونەوەم زۆر ئەستەمە! بەرگە ناگرم و دەڕۆم، لەبەر مردنی خۆم نا، بەڵکو بەرگەی شکانی شکۆ و کەرامەتی عەلی و ئایشێ و کەسوکارم ناگرم! ئاخر ئەو خەجاڵەتییە تاهەتایە بە ناوچاوانی خانەوادەکەمەوە دیار دەبێ. دەڕۆم تا ئەو شوێنەی ئاو دەڵێت کس!

هەدا نادەم و ڕاناوەستم، چش لە لەدەستچوونی ئێوە و دابڕانێکی ڕۆحی و مەعنەوی. دەزانم ناتانبینمەوە، بەلام بۆ پاراستنی شکۆ و ناووناوبانگتان، ئێرە جێ دەهێڵم، دەزانم ژیانتان دەبێت بە دۆزەخ! دەبنە جێی گاڵتە و سەرزەنشتی خەڵک، چیرۆکی تۆمەتبارکردن و خیانەتی من دەبێتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری خەڵک، چاوی ئێوەی پێ دەشکێنن، ناهێڵن چاوتان هەڵبێنن، ڕۆژانە بەسەر چاوتاندا دەدەنەوە، کەس ڕووی خێرتان لێ نانێت و دەبن بە پەندی زەمانە. دەڕۆم ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرم و ئاوڕ بۆ هیچشتێک نادەمەوە، منداڵیم لەسەر جۆگە وشکبووەکەی پشت مالان جێ هێشتووە، ساتەکانی پڕ نەهامەتی و ڕۆژە تاڵ و شیرینەکانم لە کۆڵ ناوە و ناگەڕێمەوە.

برێک نوێژی بریندارم لە ڕۆخ مزگەوت و ڕێگای سەرکانییەکەی پشت ماڵان شاردۆتەوە، دوورزەمانێک بیدۆزنەوە بۆ دڵنیابوونتان لە پاکیزەییم، بۆ ڕیسوابوونی دەستی غەدر و وێرانکردنی ڕۆحی پیاوێکی بێ گوناهـ ڕۆحی من، ڕۆحێکی پڕ گازەندەیە، پڕە لە پرسیاری بریندار! پڕە لە سەڵاوەتی نەگوتراو!

مزگەوت و پیاوەکانی ماڵی خوا شەڕی منیان هەڵبژاردووە، دەیانەوێت لەکەدارم بکەن و شکۆم بشکێنن! بمکەنە پەندی زەمانە، ئەوان لەوە نەگەیشتوون کە دەبێ میهرەبانی بە گوێی سوانەکان و لە ڕۆخ کۆڵانەکان و بڵندی چیاکانەوە بژنەوێت و شەفەقی ئیلاهی پەخش بکا! ئەوان هێندە بەئاگا نین، تا بزانن ئادەمییەک بەسەر مردنی هەر بوونەوەرێکدا بڕوات، لە ناخەوە دەشکێ و نووقمی سەرگەردانی دەبێ!

خولقەتی خۆم بە سەگ و ئەسپ و مایین و باڵندە و هەموو بوونەوەرەکانە، هێندە هۆگریان بووم، لەگەڵ درەخت و گوڵەکان و سەوزبوونی کەژوچیاکان ئەویندارم، لە پاکی بوونەوەرەکانەوە دەمەوێ سەڵاوەت و نزاکانم ببەمەوە بۆ قاپی باری تەعالا؛ من و نارەسەنایەتی؟ من و داوێنپیسی؟ ئاخر چۆن دەهری نەبم و ئەو مەملەکەتە جێ نەهێڵم؟ دۆستی سەگ و باڵندەکانم، نامەوێ برین و گیانەڵاییی بوونەوەرەکان بە چاوی خۆم ببینم، دەڕۆم و ناگەڕێمەوە."

# دوای چەند ساڵ نامەکەی گەیشتە ئاوایی

## یەک

مووسا دەیگوت نابێ ئەو ڕۆژانە لەیاد بکەم، بڕیارماندا دەبێ خۆمان فێری خوێندەواری و نوێژ بکەین، لەبیرمە دایکم دەیگوت: "ئەرکی سەرشانی دایک و باوکانە منداڵەکانیان فێری نوێژ بکەن." ئێوارە کە چوومەوە گوتم بابە گیان دەمەوێ لە حوجرە بخوێنم، قسەم بۆ لەگەڵ مەلا حەسەن بکەی، فێری نووسین و خوێندنەوەمان بکا، زۆریشم حەز لە نوێژکردنە.

– کوڕی خۆم زۆرم پێ خۆشە، سبەی نیوەڕۆ لەدوای نوێژی جەماعەت، جیای دەکەمەوە و پێی دەڵێم. هەر زۆر زۆرم پێ خۆشە. دەچم بۆ شاریش چی پێویست بێ بۆ دەرس وخوێندن بۆتان دەکڕم، پێڵاوەکانیشت دڕاون کەڵکیان نەماوە، چەند جارە بۆت پینە دەکەم و ئیدی چی دی بەرگە ناگرن.

– ئاخر هەر بەتەنیا نیم، عەلی کوڕی مام ئەحمەد سەڵاوەتیشم لەگەڵە و بەیەکەوە بڕیارمان داوە.

– جا لەوە باشتر دەبێ! من و سەڵاوەتی وەک دوو برای دایک و بابی واین، هیوادارم ئێوەش بەردەوام بن لەو برایەتی و

خۆشەویستییە. سەلاوەتی وەک مامی خۆت تەماشا کە و عەلیش وەک برا.

مووسا لە خۆشیی ڕازیبوونی باوکی و خۆشەویستیشی بۆ عەلی؛ ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی، خەونەکانی دەبریسکانەوە، لە خۆشیان چەند جار بڵند دەبوو، لەبەرخۆیەوە پێدەکەنی، توند باوەشی بە سەرینەکەدا دەکرد و لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد. باوکی هەستی بە جۆرێک نائارامی و دڕدۆنگی مووسا کرد و گوتی: "کوڕم بۆچی ناخەوی؟ خۆ شەو درەنگ بووە و کەس بەخەبەر نییە، دڵ لە دڵ مەدە و بیر لە هیچشتێک مەکەوە."

ئەو چێشتەنگاوەم قەت لەیاد ناچێ، خۆر لە درزی گەلا هەنجیرەکانەوە دەیدا لە پرچی سوورئاڵی عەلی و بریسکەی دەدایەوە بە شیوەکە، هێشتا هەنجیرەکان پێ نەگەیشتبوون، ئێمە بەدەم لێکردنەوەی 'تۆقیلکە' و خواردنەوە، لەبەرخۆمانەوە گۆرانیمان دەگوت، لەگەڵ سرووتەکانی چنار و ڕاژاندنی شۆڕەبییەکان مەست دەبووین، جەفەنگ و پێکەنینمان سروشی شیعرێکی ڕووناکی دەبەخشی.

عەلی بەدەم سۆزێکی نەرم و پڕ ئەوینەوە گوتی: "مووسا باوکم هێندە نیگەران بوو، بۆی گێڕاینەوە کە میرزا برایم چەندە نامەردە! تۆزقاڵێک خوێندەواری هەیە، بە لووتبەرزی و لەخۆباییبوونەوە خۆی هەڵدەکێشێت و خەڵکی ئاوایی گەر ناچار نەبن، هیچ کات ئامادە نین بۆ مەجلیس بانگی بکەن و نامەی پێ بخوێننەوە. باوکم دەیگوت ئەو ڕۆژە چەندە دڵمان خۆشبوو، نامەی عەولاچرچ هاتبوو،

بۆ بەدبەختی مەلا حەسەن لە سەفەر بوو، بانگی میرزا برایمیان کردبوو، زۆر لووتبەرزانە بەفڕوفیشاڵەوە نامەکەی بۆ ئەهلی مزگەوت خوێندبۆوە. باوکم زۆر بەو بەرخوردەی میرزا برایم تێکچووبوو، ئاخر دوای چەند ساڵ عەولاچرچ کە پیاوەکانی دەوڵەت گرتبوویان و بێ سۆراغ بوو، هەموویان بەدڵخۆشییەوە هەواڵی ئەو نامەیان وەرگرت، بۆچی میرزا تەڕەماش پێی دڵتەنگ و قەڵس بوو؟ میرزا برایم بە هەوای گونی خۆی، زۆر بەتەنبەڵی و بە بێتاقەتی نامەکەی خوێندبۆوە. باوکم گوتی عەلی ڕۆڵە، بۆچی خۆتان فێری خوێندن و نووسین ناکەن؟ تازە من لەو تەمەن و سەلیقەیە ناتوانم هیچ فێر ببم و ئێوە خۆتان فێر بکەن. باوکم نیگەرانە مووسا، دەڵێی چی خۆمان فێری خوێندن و نووسین بکەین و نوێژەکانیش فێر ببین؟

یان باوکم دەیگوت ئەو شەوەی کوڕەکەی عەولاچرچ لەبەردەمی مزگەوت دەگریا، کافر پێی موسڵمان دەبوو، لە خۆشییان ژێر نەدەبووەوە. دایکی لەژێر سوانەکانی مزگەوت وەستابوو هەر لێوی خۆی دەکرۆشت و لەچاوەڕوانیی ناوەڕۆکی نامەکەدا بوو. کوڕی خۆم ئێمە کەسوکاری یەکترین و هەموومان بۆ سۆراغی عەولاچرچ بەپەرۆش بووین، عەولاچرچ کەسێکی شیرین و خۆشەویست بوو، بە تۆمەتی هاوکاریکردنی یاخیبووان دەستگیر کرابوو، ئەسپێکی ڕەشی ڕەسەنی هەبوو وێرغە، تا بڵێی نەرم و بڵند و جوانڕەخت بوو. ئێواران عەولاچرچ کە دەگەڕایەوە، بە سواری ئەسپە ڕەش چەرخەلەیەکی بە دەوری گوند لێ دەدا و دەیگوت بۆ من ئەو ڕۆژە

خۆشترین ڕۆژە کە ئەسپەکەم کەیفی هەیە، کە دەحیلێنێ وا دەزانم خۆشترین حەیرانی سەر چیایە، قوربانی سمکۆڵ و پاژنە بەڵەکەکانت بم، قسەی لەگەڵ ئەسپەکەی دەکرد و دەیدواند، نەیدەهێشت چڵکن بێت و باڵەکانی بۆ شانە دەکرد و ئەڕنەکی ئەسپەکە شاز و خاوێن بوو، زۆر نەرم پشتی ئەڕنەک دەکرد و ماچێکی نەوچەوانی دەکرد، دەیگوت هەی باوکی باوکم بمێنی بۆم، هێندە بەشەوقەوە ئەسپەکەی دەلاواندەوە، ڕۆحیان ئاوێتەی یەکتری ببوو. عەوڵاچرچ جیاواز لە خەڵکی بیری دەکردەوە، خۆنەویستبوو بۆ ئاوایی، پێش هەمووان هەرەوەزی خڕ دەکردەوە تا جۆماڵی جۆگەی پشت ماڵان بکەن، تا ئاوی کانییەکان بە ڕەوانی بڕواتە ناو گوند و سەر مەزراکان.

لەناو ئاواییدا جیاوازی نەدەکرد، بۆ هەر کارێکی گوند درێغی نەدەکرد، ڕۆحی هاوکاری و خۆبەخشین لە عەوڵاچرچدا لە چڵەپۆپەدا بوو، بۆ ئاوایی خدری زیندە بوو، کە ئەو گیرا خەڵکی ئاوایی دەم و لێویان وشک بوون و کۆڵەکەی ماڵەکانیان لەقین."

عەلی ئەو ڕۆژە هێندە دڵگەرم بوو، لەیادم ناچێتەوە.

## دوو

عەوڵاچرچ، نامەکەی ئاوا نوسیبوو: "من ماوم، لەگەڵ چەند کەسێک لە زیندانم و خەمی منتان نەبێت. ڕەنگە دوای ماوەیەکی دی من هەر وا بێدەنگ بم و سۆراغم لەوە زیاتر نەزانن، ئەوەی بەلامەوە گرنگە سەلامەتی ئێوە و خزمانە. ئەسپەکەم بپارێزن،

ئاگاتان لە ماڵ و منداڵەکەم بێ. من باشم، زۆریش باشم، هەمووشتێک بەدڵی ئێوە دەبێ."

ئەو ڕۆژە خۆشیی هەمووان بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا سەمای دەکرد. لۆغانی چۆلەکەکان و دڵی ئاوایی پڕ گۆرانی بوو. حەزینی ئەو ڕەنگانەی کە پاییزێکیان لە دڵدا جێمابوو، لە ڕۆخی ئاوابوونی خۆردا بە برووسکەیەک گەشانەوە. ئەو ڕۆژە مێژوویەکی نازدار بوو. ئەو ماوەیە کە عەوڵاچرچ بەدەست پیاوەکانی دەوڵەتەوە دەستگیر کرا، کەس بەتەمای نەبوو. دەوڵەت هەر کەسێکی دەستگیر دەکرد، شوێنبزری دەکرد و بێ سۆراغ دەبوو، چەند کەس کە لە گوندەکانی دەوروبەر لەلایەن دەوڵەتەوە دەستگیر کراون، تا ئێرە سۆراغ و هەواڵێکیان نەبوو. بۆیە عەوڵاچرچ هەر خوا نەیکوشتووە، خوا بۆخۆی دەزانێ لەبەر خاتری ئاوایی پاراستوویەتی، خودا عەبدەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە، خودایە زۆر شوکر کە بە هەواڵی عەوڵاچرچ، سێبوری و دڵنەواییت بەخشی بە گوند و خزم و کەسوکاری. ئەحمەد سەڵاوەتی و حەسەن سوورمە هێندە خۆشحاڵ بوون مەزەندە ناکرێت. لە ئاوایی دەیانگوت: "هەموومان مەولوودمان لەسەرە و بۆ هەواڵی زیندووبوونی عەوڵاچرچ پێویستە قوربانی بکەین." سەڵاوەتی پڕ بە دەنگ سەڵاوەتی لێ دەدا و بەدەم هەستێکی پڕ ئەوینەوە فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهات، دەیگوت خودا ئاواییەکەی ئێمەی خۆش دەوێ، خودا نایەوێ ئێمە بەو ناڵینەوە بمرین! شایی و لۆغان و جەفەنگ، تەواو دڵی میرزا برایمیان تەنگ

کردبوو، ئەویان هەراسان کردبوو، هێندە بێتاقەت بوو هەمووان لەوە گەیشتن کە میرزا برایم چەند بوغزاوی و دڕدۆنگ و دڵپیسە.

**سێ**

زۆربەی شەوەکان بۆ کاروان دەچوو، کاروان، مەبەستم بە قاچاغی باری بار دەکرد بۆ ئەودیوی سنوور، ڕێگەیەکی دوور بوو، دروست نازانم چەند سەعات دەبوو بە وڵاخ و پیادە، ئەوەندە دەزانم ئەو ئێوارەیە دەڕۆیشت و بۆ سبەی شەو گەر هیچ ڕووینەدابا و سەلامەتبان، پێش ئەوەی منداڵەکان چاویان بچێتە خەو دەگەڕایەوە. گەر دەنگی پێی وڵاخێک یان پڕمەی ئەسپێک دەهات، منداڵەکان یەکپێ بڵند دەبوون و دەیانگوت: "دایە شکور بابمان گەڕایەوە." دایکیان بە دڵێکی پڕ چاوەڕوانییەوە، دەیگوت: "خەمتان نەبێ، ئێوە خەوتان نایە؟ بنوون تۆزێکی دی بابتان دەگەڕێتەوە، ئێوە خەیاڵتان ئاسوودە بێ." بەڵام بەس چۆلەکە دڵی بۆ زۆرشتی نەخوازراو دەچوو، ئاخر هەفتەیەک پێش ئێستا کەمینی چەتەکان چوار کاروانچیی ڕۆژەڵاتیان گرتن، پارە و ماڵەکەشیان لێ سەندبوون و دوای ئەوەش گولەبارانیان کردبوون. پارساڵیش لەو ڕێگایە دوو 'چل قاتی'[١] کەوتنە دەست چەتەکان و دوای ئەوەی سووکاتییەکی زۆریان پێ کردبوون و بە قۆڵبەستراوی وەک دیارییەک هێنایاننەوە بۆ دائیرەی ئەمن و بە دوای

١ – چل قاتی: بەوکەسانە دەگوترا, کە یاخی دەبوون لە رژێم جا چ بە هۆکاری سیاسی, یان هەڵاتن لە سەربازی, لە رێگای قاچاغەوە دەچوون بۆ شوێنی ئازاد کراو, ئەوان چەند قات زیاتر پارەیاندەدا بۆ ئەوەی دەربازبن.

کەسوکاریاندا ناردبوون، لەبەرچاوی کەسوکاریان گولەبارانیان کردبوون. بەس چۆلەکە لەوە دەترسا حەسەن سوورمە بکەوێتە کەمین و بە مەیت یان بە قۆڵبەستراوی بۆی بێتەوە. حەسەن سوورمە دووشەو نەگەڕایەوە، دڵی بەس چۆلەکە خێرا خێرا وەک دەفەی درویشانی تەریقەت، وەک زەنگی لێدانی پێش مردن! دەمی وشک وشک بووبۆوە، لێک لێک دەچۆ سەر گۆزەکە و قومێک ئاوی دەخواردەوە. دەستی بە سەری منداڵەکاندا دەهێنا و دڵخۆشیی ئەوانی دەدایەوە. لەبەرخۆیەوە چەندان ئایەتەلکورسی دەخوێند و دەپاڕایەوە، شەو تا سپێدە نوێژ و شەونوێژی دەکرد، مەلا حەسەن فێری نوێژی ئیستیخارەی کردبوو، لەسەر بەرماڵەکە خەوی لێ کەوت و منداڵەکانی خەوتبوون. شەوی سێیەم، حەسەن سوورمە بە ئەسپایی دەرگاکەی کوتا: "منم حەسەن."

بەس چۆلەکە دەنگی ناسییەوە، دەرگای کردەوە، لە خۆشییان شاگەشکە بوو، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: "سەد شوکر خودایە."

بەری بەیان بوو، دەنگی چۆلەکەکان وەک مۆسیقای هەمیشەییی گوند، سەمای خستبووە ناو دڵی بەس چۆلەکە و چریکەی ئەو سپێدەیە وەک شنەی فێنکی کوێستان و نەرمی لاواندنەوەی فریشتەکان، ئاسوودەیی خستە ماڵی حەسەن سوورمە. بە دڵێکی پڕ ئومێدەوە، حەسەن سوورمە گوتی: "بمبوورن، دوێنێ شەو تووشی حاڵێکی خراپ بووم، بووم بە پەند، هەر ئەو خوایە نەیکوشتم، خوا فریام کەوت و ئەسپەکەش بوو بە فریادرەس! کاتێک چووم

بۆئەودیو سنوور ئەو ژنەم تەسلیم بە خاوەنەکەی کرد و دوای خواحافیزی گەڕامەوە، ویستم لە چۆمەکە بپەڕمەوە، نەمتوانی، چۆمەکە بواری نەدا، لەبیرم چووبوو لێفەکەی سەر ئەسپەکە بە پشتی ئەسپەکەوە ببەستمەوە، بایەکە خێراییەکەی هێندە زۆر بوو لێفەکەی هەڵدایە ناو چۆمەکە، زۆر هەوڵم لەگەڵدا، بەڵام بێفایدە بوو، جڵەوی ئەسپەکەم لەدەست دابوو، خۆم خستە ناو چۆمەکە تا لێفەکە بگرمەوە کە پڕ یادگارییە، ئەسپەکەم بەر نەدا، چەند جار شەپۆلەکە فڕێیدام و دواجار جڵەوەکەم لەدەست بەربوو، شەپۆلەکان فڕێیاندامە ئەوبەری چۆمەکە و نەمتوانی لێفەکە بگرمەوە، چەندی کردیشم نەمتوانی بچمەوە لای ئەسپەکەم! ئەسپەکەش شێت ببوو، دەیحیلان سمکۆڵی دەکرد وەک منداڵ بۆم دەگریا! بانگم کرد، وەک دۆستێکی ئازیز، وەک برایەک جێی نەهێشتم، هەرچۆنێک بێت پەڕییەوە و خۆی لێم نزیک کردەوە، بڕوات بێت بۆنی پێوە دەکردم، هەموو گیانم تەڕ تەڕ بووبوو. هەستام و ناوچەوانم ماچ کرد و پێم گوت: "نەتتوانی بەجێم بێڵی؟ نەتهێشت پیاوێک لە چاوەڕوانیی منداڵەکانیدا بمرێ و گورگ بیخوات و منداڵەکانی بێ باوک بن؟ ئاخر تۆ چ فریشتەیەک بووی بۆ من؟" گیانەکەم نەمتوانی لێفەکە بگرمەوە، کە دیارییەکی کۆنی سەرەتای ماڵدروستکردنمان بوو. دەی بەشی من هەر ئەوەیە، بە هەزاران شەویش لە ڕەوکەوانی خەریک بووە سەرما بمبات!"

## چوار

وەختێک ڕۆحێکی شپرزە و ماندوو، دەیەوێ لەبەردەمت، ئەو ئازارانەت بۆ بگێڕێتەوە، گوێگرتن دەبێ چ مەحشەرێک لەپەنای گریانەکانی ناخی ژنێک گڕ بگرێ. چ برینێک کە دەستاودەستی پێ کردووە بۆ ئەوەی نەکولێتەوە، تا تەشەنە نەکات و ڕەگەکانی ژەهراوی نەبن. بەدەم گوێگرتن لە گێڕانەوەی شەوی دابڕانی لە ئەسپەکە و بەدوای دەستکەوتنەوەی یادگارییەکی دێرین و بزربوونی سەلیقەی تیژی نیگای پیاوێک، کە لە ڕۆحییەوە نزیکە! بەس چۆلەکە دەستەکانی کەوتنە خوارەوە و ئەشک بە چاوانیدا دەهاتنە خوار. بەبێ دەنگی گریا. وەک منداڵێک لەبەر کاریگەریی برینەکەی نەیتوانی پەنا و پشتیوانێکی ڕۆحی بشکێت و سوورمە هەست بە شکان و بێئومێدی بکا.

لێوەکانی لەرزین، گوێی بۆ دەنگی ترساوی شەوێکی پڕ مەترسی ڕاگرتبوو. گوێی بۆ هاژە و تووڕەبوونی شەپۆلە سەرشێتەکانی ڕووبارێک ڕاگرتبوو، کە چەندان ڕۆحی لوول داوە و لە ڕۆخی ڕووبارەکانەوە دەستیان لە زیندووبوونەوە شووشتووە! تەنیاییی حەسەن سوورمە، بۆنی هەزار مەرگی تۆقێنەری لێ دەهات! لەو ساتە شەڕانگێزییەی شەپۆلەکاندا، گریانی هەورێک پڕ بەو دۆڵ و شیوە نەدەگەیشتە خودا! پنچکێک و پەنجەرەیەک نەمابوو بۆ دەربازبوون! هەناسەیەکی بریندار، ئەوەتا خۆی لەگەڵ مەرگ

یەکلایی کردۆتەوە، هەردووک دەستی بەخۆیدا بەرداوەتەوە. تروووسکەیەک بە نائومێدییەوە دەڕژا و دەیگوت: "دەست بە پاکیزەیی خۆتەوە بگرە، بەیەکەوە ئەو عیشقە دەبەینەوە." ڕەسەنایەتی و خۆڕسکی ئەسپەکە ئەو تەلیسم و پەرجووەی شکاند، سوورمەی گەڕاندەوە بەردەم ئەوینێکی ئەزەلی و بۆ ناو دەستی ژنێک، کە عەیامێکە کاری ئەوە دەکات بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکانی. بەس چۆلەکە بەوە دەگەیشت، جادوویەک یا هێزێکی مەزن، بە درزی جۆگەکاندا، بەنێو ڕێگا پێچاوپێچەکانی مەترسیدا، بە بڕینی کەمین و شکاندنی تەلیسمەکانی مەرگدا، بەسەر پشتی بایەکی ئاچوغدا ڕۆیشت و لە ڕەگی ڕۆحێکدا، بوو بە فریادڕەس، نەیویست ئەسپێک لە هاوەڵەکەی داببڕێت! زیندەگی لە ژنێکی چاوەڕوانکراو نەستاندەوە، ماڵێکی سارد نەکردەوە، سبەینێیەکی گریان و کابووسی بۆ ماڵێک دروست نەکردا!

هێوربوونەوەی هەڵچوونەکانی لەسەر تاقەی ئاسمانەکان جێ هێشت، بۆ حەسانەوەی ئادەمییەک هاتە گۆ: "گریانەکانت لە تەنیایی دەستێنم، لە درەنگانی شەو ئەو هێزە دەبم تا ورە و ئومێدەکانت نەشکێن! نابێ بەو ئازارانەوە بمریت و ئەو کابووس و دڵەڕاوکێیەت دەبەمەوە بۆ سەراب، تا ماڵەکەت و چاوڕوانییەکانیان ببنە ئۆخژن و ئاسودەیی."

بەس چۆلەکە گوتی: "عیشقی ماندوویی من بوو گەیشتە لات، هەر وا ئاسان نییە تۆم لەدەست بچێت و قەلایەکەم وێران بێت! تۆ هەر ئەو خەمخۆرەی کە بۆ سەرپەڕاندنی چۆلەکەکان جۆش

دادەمای و گریان قورگی جێنەدەهێشتی! بۆ سەوزایی و ئاسوودەیی خوڵقاوی نەک بۆ سڕینەوەی هیوا و ئومێدەکان!

لە یادم ناچێتەوە بە بیستنی گریان و نزای چۆلەکەکان چەندە هەراسان ببووی! بە دیوارە قوڕینەکە هەڵگەڕایت، ویستت ڕزگاریان بکەیت و نەبن بە خۆراکی ڕۆحێکی بێپەروا، هەستت بە تەنێکی نامۆ کرد! ژێر سوانەکان و تەنیشت ماڵی چۆلەکەکان خشپە و دەنگێکی نامۆ دێت!

خوێندنی چۆلەکەکان ڕیتمێکی جیا بوو لە ڕۆژانی پێشوو، بە دیقەت و سروشتی ویژدانی خۆت نزیک خستەوە، چونکە ئۆقرەت نەمابوو! هەراسان ببووی! بە ئەسپایی لەسەرەخۆ هێواش هێواش دەستت برد بۆ دەربازبوونی جوچکەچۆلەکاکان، تا زیندوویەتییان بۆ بگێڕیتەوە!

لەناکاو، بەخێرایی مارێک کە خۆی مەڵاس دابوو خۆی کێشا بە پەنجەی شایەتمانت، هاوارت لێ هەڵساو خستیتییە خوارێ، بە ئازارێکی زۆرەوە، گوتت پەتێک یان پەڕۆیەکم بۆ بهێنە تا توووند ببیەستم با ژەهرەکەی بڵاو نەبێتەوە، مار پێی وەدام، تۆزێک زوو بە! توووند بەستت تا پەنجەت سڕ بوو! چ نەخۆشخانە و چارەسەرییەک نەبوو. بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێت پەنات بۆ تەورداسەکە برد، پەنجەت خستبووە سەر کۆلکەدارەکە و کێشابووت بە پەنجەکەت و قرتاندبووت! هەندێک خۆڵەمێشی ئاگردانەکەت خستە سەر برینەکە و توند پێچات، تا خوێنی پەنجەکەت وەستا.

تۆ لەپێناو دەربازکردنی جوجکەچۆلەکەکان ژیانی خۆتت خستە مەترسییەوە، چۆن خودای ئەویندارى لەپەناى پشتیوانییەکانت نابێ؟ بەڵێ ئەوە عیشقێکی بەرزە ناهێڵێ تۆمان لەدەست بچێت! دەی ماڵەکەمان وا لە سێبەری ئەو ئەوینەدا خەریکە ئۆقرە دەگرێ و بۆ هەمیشە ئەو خۆشەویستییە گەورە دەبێت."

## پێنج

مووسا دەیگوت: "بەو هەستە جوانەی دایکم و باوکم، دڵم خۆش دەبێت و لەبەرخۆمەوە ئۆخەی دەکەم و ئاسوودە دەبم. دایکم بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، بە منی دەگوت ڕێگەی ڕاستی ڕێگەی ویژدانە، ئەو دەمانەی کە دڵم زۆر زۆر پەرێشانە بۆ سادەیی و دڵخاوێنی باوکت دەگەڕێمەوە، ئەو چەند ساڵەی کە بۆ دروستبوونی بەختەوەری، چەندان کۆسپ و ڕێگەی سەختی بڕیوە. بە سەر ڕاوەشاندنەوە، بە سۆزەوە، بە ڕۆحی پڕ برین و ئازارێکی بەسوێوە، دەیگوت چ شتێک هێندە ئازاردەرە کە خەریکە ئەو جوانییانە بەبەرچاوی خۆتەوە دەڕوخێن و دەبن بە خۆڵەمێش!" دەی، خۆ زۆرجار مرۆڤ دەتوانێ  سوود لە خۆڵەمێش ببینێت، هێندەش بێ بەها نییە، هێندەش ناچێتە خانەی پەراوێز و بیرچوونەوە، ئەو حەز و ئارەزووانەی لەژێر گڕێکی تووڕەدا دەسووتێن، لە بەرەبەیانێکی ڕۆشندا دەیانەوێ بگەن بە ڕاستی، دەیانەوێ خۆر لە نیگای یارەکەیانەوە هەڵبێ و ژوان و سرووتی ئاخاوتنەکان جوان بکا، ناگەن و لە ڕێگەدا بە دەنگێکی تووڕەی شمشێرێکی داغان، بە

خەونێکی دۆزەخییانە دەسووتێن و دەبن بە خۆڵەمێش! دواجار ئەو دیدگا و ڕوانینانە وەک مەرهەم برینەکان سارێژ دەکەن، هیچ نەبێت بۆ ساتێک دەبێ بە دڵنەوایی بۆ بەس چۆلەکە. خۆڵەمێش لە یادگارییەکانیدا ناچێتە دەر، ئەو بەو ئەزموونەدا تێپەڕیوە. بەس چۆلەکە لە دیدی خۆیدا سەدان شانامە و لاوک بۆ فریاکەوتنی خۆڵەمێش دەهۆنێتەوە! ناتوانێ وەک چرکەساتێکی جوان خۆشی نەوێت، بەس چۆلەکە لە پەنجە بڕاوەکەی حەسەن سوورمە بەوە گەیشت، ئەو شتانەی فڕێدراون و چونەتە پەراوێزی ژیانەوە، لە تەنگانەکاندا دەگەڕێنەوە و سووچێک لەو ژیانە ڕۆشن دەکەنەوە.

دەیگوت: "گەر خۆڵەمێشی ئاگردانەکە نەبوایە، پەنجە قرتاوەی حەسەن سوورمە ژەهراوی دەبوو، ژیانی وێران دەکرد وماڵێکی کوێر دەکردەوە!"

ئەو ڕۆژەی حەسەن سوورمە، پەنجەکەی بە تەورداسەکە قرتاند، بەس چۆلەکە لەو حاڵەی حەسەن سوورمەدا بوو، نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەس چۆلەکە ئاسمانی هێنابووە دەنگ! دەیگوت: "ئاخر قرتان و پەڕاندنی ئەندامێکی جەستە کە بیری لێ دەکەیتەوە موچوڕک بە جەستەتدا دێنێ و ئازارێکی قووڵی هەیە، ڕۆحت لەگەڵ ئەو ئازارە ژان دەکا. ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێ فریای وەدەستهێنانەوەی ژیان بکەوێ و ئومێدێک لەتەنیشت ئازارێکی بەهێز دروست بکات!"

حەسەن سوورمە نەیدەهێشت ئاسۆی ژیاندۆستی و مانەوەی تاریک بێ، بۆیە لەو ساتە بە باشترین چارەسەری دانا، بۆئەوەی

ژەهری مارەکە نەچێتە ناو هەموو گیانییەوە، پەنجەکەی خۆی قرتاند. حەسەن سوورمە پێی وا بوو ژیان هێندە جوانە، بە کەمێک قوربانی دەتوانی ڕۆژەکانی ژیان درێژتر و پڕ ئاسوودەتر بکەی.

بەس چۆلەکە هێند چروسابووەوە، دەگەڕایەوە سەر هەموو ئەو حاڵەتانەی لە ژیاندا گوزەری پێیدا کردووە، بۆیە بەرەنگاری ئازار و ماندووبوون و برینەکان دەبووەوە.

ڕاستییەکەی سووتان و ڕەشبوونەوەی یادگارییەکان، کارەساتێکە زەحمەتە ئادەمیزاد بتوانێت لەبیری بکات و بۆی نەسووتێ! حەسەن سوورمە لە ڕەوشێکی ئاوا نەخوازراودا، بە درەنگانی شەو لەبەردەم مردنێکدا و لەپێناو وێراننەبوونی لانەی چۆلەکە و سەلامەتی جوجکەچۆلەکاندا، قرتاندنی پەنجەی شایەتمانی، لەپێناو سەرنەپەڕاندنی چۆلەکەکان، دەیسەلمێنێت، کە ویژدان بگەڕێتەوە بۆ پاراستن و پشتیوانی. ئەوەتا حەسەن سوورمە دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و حەزێکی بۆ ئێمە چاندووە، خەریکە سەوز دەبێ و چرۆ دەکات.

گوتم: "دایە ئەوە بۆ من بەسە! هەوڵ دەدەم بتوانم ئەو یادگاری و ساتە بریندارانە بنووسمەوە."

مووسا بە دیدێکی سەرسوڕمانەوە، ئەو سووتان و برینانەی ڕستە بە ڕستە، وشە بە وشەی دەهاویشتە ناو هزری و دەیگوت: "ڕۆژانێک ئێوە من گڕدەدەن و دەمکەنەوە بە خۆڵەمێش."

# گەر بەردیش ببارن هەر دەچم

## یەک

مووسا گوێی لە قسەکانی دایکی نەگرت و ڕۆیشت. دایکی دەیگوت: "بەرد دەبارن (واتا ڕەشەبا و بەفر و تۆفانە)، بۆ کوێ دەچی؟ نابێ خەمی خۆت بێ؟ ئاخر ئێستا کەی وەختی چوونە دەرەوەیە؟"

ڕاستی دەکرد، بەڵام ئەو دەیگوت: "تەنیا خشپەیەک یان کۆکەیەک بکە، جەرجیس بەو شەوە سارد و تۆفان و تەمتومانانە دەخواتەوە، خۆی مەست دەکا، تۆ بێخەم بە، شەو درەنگانێ وەختی ماڵنووستنان وەرە، دەمێکە دەمەوێت ئاوێتەی ڕۆحت بم."

دایکم هەستی بە شتێک کردبوو، کە کەڵکەڵەیەک لە مێشکمدایە، بەڵام بێدەنگم، خۆم لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم، بەرخوردم گۆڕابوو، نەرم گوێم  بۆ سرووتەکانی ئێوارە هەڵدەخست و بە نیگایەکی پڕ سۆزەوە دەمڕوانییە دەوروبەر، بە دەنگی بەرز سەمای

ڕۆحم بریندار دەبوو. لە دوکان گەڕامەوە، سوڕەییا بەردەرگەکەی لە جوانی هەڵکێشابوو، دەنگەکانی ئاسمان وەک سروە دەڕژانە ناو جوانییەکانی و دڵم بە بینینی، فڕینی جەستەمی دەخستە باوەشی و پێم دەگوت: "زۆرم خۆشدەوێی، بەڵام کوا دەتوانم بتهێنمە لای خۆم؟"

ڕۆژێکیان پێی گوتم: "دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم؟"

سەری ڕەزامەندیم لەقاند و چوومە بەردەمی، هەستی بە ترپەترپی دڵم دەکرد! کراسەکەم بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو، دەتتوانی هەموو جووڵە و هەڵبەزودابەزی ترپەی دڵم بژمێری! پێی گوتم: "بۆچی هێندە پەشۆکاوی؟ کەی بتەوێ دەتوانی بێیە ناو خەونەکانت!" سوڕەییا بە تەنیا بەزەردەخەنەیەکی دەیتوانی سەرنجی من بکات بە گڕ ئاگرێک، کە شەیتانەکانی هەوەس لە دۆزەخیش لێی ناپرینگێنەوە! دەی دەزانم ڕۆحی من ئێستا گیانی شەیتانەکانی بەبەردا کراوە، بۆ سووتانی خۆم دەست دەبەم و گوێ بەو شکان و ماندووبوونەش نادەم، کە لەبەردەمی سوڕەییا هەپروونبەهەپروون دەبم. ئەو ڕۆژەی بەدەم گریانەوە، یەخەی گرتم و ڕایوەشاندم، گوتی کوا عەلی چییت لێ کرد؟ بەڕێکەوت لێوم بە لێوی سوڕەییا کەوت و دونیایەک خوڵقا! پڕ بوو لە ئۆخژنی! پڕ بوو لە ئاسوودەیی! خۆ گەر بزربوونی عەلی نەبووبا ڕەنگە هەڵەیەکی چاوەڕوان نەکراوم کردبا. دەستەکانی گەرم بوون، بۆنی هەناسەی وەک بخووری بەهەشت دەگەیشتە ناو سینەم!

سورِەییا هەر وا خۆی جوان بوو، ئەو ساتانەی دەیەویست ختۆکەی ئەوینی بدات، وەک چرا ڕۆشن دەبوو و دەبریسکایەوە، وەک ئەوەی خودا تەنیا ئەو خولْقەتەی بەسورِەییا بەخشیبێ، هیچ کاتێک نەبوو عاشق نەبێت و وەک ڕوناهی خۆر نەدرەوشێتەوە!

گوتم: "دایە، لە سەرما و تۆفان و کرێوەدا، جەنگی من و زەمەن دەست پێ دەکات! لێم گەڕێ دەمەوێ بەدیار خەونێکەوە گیانم بچێتەوە ئاسمان و عیسائاسا لە ئاسمانەوە هەموو جوانییەکانی ژیان ببینم."

**دوو**

شەو درەنگ بە ئەسپایی لە جێگەکەم هاتمە دەر، نەمهێشت دایکم هەست بەوە بکا کە من بۆ کارێکی مەترسیدار دەچم، بۆ بابەتێک خۆم ئامادەکردووە، کە کارێکی بەجێ نییە، بەلاّم نەمدەزانی چۆن ئەو بەرکەوتنە لەیاد بکەم! خۆم خزاندبووە ناو یادێکی پڕ ڕۆمانسی، دەمگوت خۆزگە تەنیا جارێکی دی توانیبام، خۆزگە لێوم هەر ئەو تەڕایی و گڕەی بەر نەدابا! دەنگی پڕ وروژێنەری سورِەییا، هزرم بەر نادات! "کوا چییت لە عەلی کرد؟ کوا بۆچی ئەوەندە بە ئاسانی ئەو کورِە شوێنبزر بوو؟ وەک سەلاّوەتی باوکی چارەنووسی هەمان چارەنوسی ئەوە!" لە گوێچکەمدا دەنگی دەزرنگایەوە، نیگای بە ڕژانی خۆرێکی سپێدەدا دەڕژایە ناو ڕۆحم، وەک ئاو دەهاتە ناو جەستەم، جەنگی من و تەڕبوون، کۆتا جار منی ڕاخزاندە ناو

جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ هەوەس، لێوی سورەییا بۆنێکی سەرنجڕاکێش و وروژێنەری لێ دەهات! دەمویست بیکرۆژم، ئەو لاستیکانەی کە لە قوتابخانە وەرمان دەگرتن و هەڵەکانمان پێ دەسڕینەوە، بۆنی ئەو لاستیکە و بۆنی لێوی سورەییا بۆنێک بوون! چەند جار ئەو لاستیکەم بە ددانەکانم خاشخاش کردووە. هەناسەی سورەییا، چەند لە هەناسەی باران دەچوو، بارانی پاییزان، ئەو بەرامەی خۆڵی کۆڵانەکانی دەڕشاند و دونیای پڕ دەکرد لە بۆنی خاک.

زۆر جار دەمگوت ژنێک خاوەنی مێرد بێ، ناکرێ ڕێگەی خیانەت بگرێتە بەر و نابێ منێکی زەحمەتکێش و کوڕی پیاوێکی زەحمەتکێش و ژنێکی میهرەبان، تێکەڵی کارێکی قێزەون و بێمانا بم! ناکرێ بکەوم و لە بەرانبەر هەوەسێکی کاتی و پڕ شەرمەزاری بشکێم!

دەیان جار ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، نەمدەتوانی باوەڕ بە وەڵامەکانم بکەم، زاڵبوونی سۆزی سورەییا، سنورەکانی نەدەناسی، دەهاتەوە بیرم، چۆن ئەو حاڵەتەم نەقۆستەوە؟ لێوی سورەییام ڕاموسیبا و بە باڵا و چاوەکانییەوە وەک تەڵسیمێک پێوەی گرێدرابام، چێژێک کە بۆ هیچ کات لەیاد نەدەچووەوە. ڕۆیشتم، سووک و ئاسان توانیم بچمە ناو حەوشەکەی جەرجیسەوە، ئەو لە پرخەی خەودا بوو، هیچ بە خەمی سورەییا و کەسایەتیی خۆیەوە نەبوو. سورەییا دەیگوت: "هیچ ڕۆژێکی خۆشم لەگەڵ جەرجیس نەبردۆتە سەر، هەمیشە بەدوای کاری خراپ و جاسووسییەوە بووە، چیرۆکی مانەوەی من بە جەرجیسەوە دوورودرێژە و وا بە

ئاسانی ناتوانم بیگێڕمەوە. من لە تەمەنی خۆمدا هیچ خۆشییەکەم نەبینیوە، جەرجیس پیاوێکی دڵڕەش و بەدڕەوشتە، لەگەڵ پیاوە خراپەکان لە بیرەوشتی ڕاناوەستێت." زۆر سانا چووم بۆ لای سوڕەییا، هەمووجەستەم سەرئارەقە کەوتبوو، سەرەڕای ئەو سەرما و بەفر و کڕێوەیە گەرم گەرم بووم، شەرمێک جەستەمی تووشی لەرزین و دڵەڕاوکێ کردبوو! نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێبکەم.

توند باوەشی پێدا کردم و سەرنجم دایە چاوەکانی پڕبوون لە ئاو، بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانی گوتی: "تەنیا ئەو ساتە بۆ من بەسە!"

بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "ئەمشەو من دەمرم و تەواو ئاسوودە دەبم! عیشقێکی ئەزەلی لەگەڵ خۆم دەبەم و ڕۆحی زەمەنە جوانەکان دەچنە ناو ژیانی منەوە."

دەمم نایە سەر ڕوومەتی، شەوێکی چەند شیرین و بێگرێوگۆڵ بۆ ژوانی من و سوڕەییا دروست بوو. سوڕەییا لەبەردەستم شل بوو! ترسام، برێک بێدەنگ و سارد بووەوە! گوتم: "چ بوو بۆچی وات لێ هات؟" حاڵەتی سوڕەییا بەر وروژانی حەزێکی خەفەکراوی زەمەنێکی تاریک کەوتبوو! بە چاوێکی تینوو، بە سەیرکردنێکی پڕ هیواوە ڕوانییە من و لێی تێگەیشتم کە نایەوێت دەستی لێ بەر بدەم و ئەو شەوەی بۆ بکەم بە شەوێکی درەوشاوە لە حەزی ئاوریشمی، بیخەمە ناو جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ.

دەستی گرتم، گوتی: "برۆ، با ئەو خەونەی دەمێکە کاری لەسەر دەکەم، لەبار نەچێ!"

تێگەیشتم، هاتووەتەوە هۆش خۆی، ئیدی ئەو دڵەڕاوکێیەی منیش لەبارەی بێهۆشکەوتنی سورەییا، گەر حاڵی سورەییا باش نەبووبا، دووڕیانێک بۆ من دەهاتە پێش، یان دەبێ جێی بێڵم و بیدەمە دەست قەدەر، یان دەبێ شەوی لەگەڵ ڕۆژ کەمەوە و شکاندنی شکۆ و کەسایەتی خێزانەکەشم دەبێتە بابەتێکی تاهەتایی.

**سێ**

مووسا ئەو شەوەی لەگەڵ سورەییا لە ژواندا بوو، بە ڕێگەی باوکیدا نەڕۆیشت. وەختێ کچوکاڵ لەگەڵ کوڕەکان دەچوونە دەشتودەر، هەمیشە گومانێک یان ترسێک هەبوو لە پەلاماری کوڕەکان و کچەکان، کەمێک بە ترسەوە مامەڵەیان دەکرد، لە چاوی ئەوانەی کە پەرێزیان پیس بوو.

دەیانگوت: "مەکروفە شەو کچ لای کوڕی نامەحرەم بمێنێتەوە، شەیتان دەچێتە بەینیانەوە." بەڵام لە گوند تۆزێک ئاساییتر بوو، کچان و کوڕان وەک نەریتی گوند وەرزی بەهاران، تێکەڵ دەبوون و بۆ هێنانی کەنگر و کاردوو و گژوگیا، بە چیاکان دەکەوتن. هیچ گومانێکی هێندە بەهێز دروست نەدەبوو. لە یەکێک لە ساڵەکانی گەنجییەتی باوکم، لەگەڵ کچ و کۆڕانی گوند بەڕێکەوتبوون بۆ دەشتودەر و چیاکانی دەوروبەر، شەویان بەسەردا دێت و ناتوانن شەو بگەڕێنەوە. هەموو کچەکان دەیانگوت: "ئێمە لای حەسەن سوورمە دەبین و ئەو کوڕێکە نموونەیی." دەیانگوت: "دەبێ پشتمان بە پشتی ئێوەوە بێت."

کەس خایلەی خراپی بەرانبەر حەسەن سوورمە نەبوو، دڵودەروونپاک و دەستوداوێنپاک بوو! خودانی ڕاستگۆیی و کاری باشە بوو، لەناو گوند و قەوموقیلەدا بێفەرق بوو. نەیدەزانی ڕاوەستان چیە، لە کاری هەرەوەزی و پەرۆشی خەڵکەکەدا نموونە بوو. بە باسکردنی باوکم بستبەبست بڵند دەبووم، شکۆ و هەیبەتی باوکم هەیەجانی دەبەخشییە دڵم و بۆ وێناکردنی جوانییەکانی باوکم وەڕەس نەدەبووم. لەبەرخۆمەوە دەمگوت: "من کویێم بە باوکم دەچێت؟ ئەوەتا لە باوەشی ژنێکدام، ژنێک بە مارە و تەڵاقی پیاوێک و لە سێبەری مرۆیەکی دیکەدایە، بە شەوێکی تەمتوومان و ساردوسۆڵ، نوێنی مێردەکەی جێهێشتووە بۆ من! بە ئەسپایی دەیەوێ ئاوێتەی حەزێک بێت و ڕەگی ئەوینێکی شێتانە ئاو دەدا. ئەوەتا منێک خەریکە دەبم بە شەیتانێکی عەجول و جەنگێکی مەترسیدارم هەڵبژاردووە. نازانم باوک و دایکم بەو شێوەیە وانە و دەرسی منیان دانەداوە، عیشقێک لە خشتەم بەرێ و ڕێگەی باوکی خۆم ون بکەم! کچانی عازەب و شۆخوشەنگ و تەڕوتۆڵ خۆیان لە پشتی باوکم پەنا دەدەن تا پارێزراو بن، تا کوڕانی سەر بە گێچەڵ دەستدرێژییان نەکەنە سەر! ئەوەتا منیش ڕۆحێکی پیس و نغرۆ لە هەوەس، بۆ باوەشی ژنێکی بردووم، بۆ بەزاندنی حەرەمی ماڵێک، بۆ شکاندنی پەرژین و چوونەناوجێگەی پیاوێکی خومار، دەمەوێ چ لە دووڕیانێکدا ماتەڵم دەکا و ئەو جەنگە لەززەت و حەزی گەنجییەتی خۆم هەیە بە سوڕەییای ببەخشم، بەوە شکۆی دایکم و باوکم

دەخەمە ژێر پای ژنێکی تەڕ، ژنێکی کویلە، ژنێکی چەند ساڵ زیندانی!

ژیانی سوڕەییا ئەو مردنە بوو، بە زیندوویی سەری بەر بەردی ئەلحەد کەوتبوو، لە هەلێکی وا دەگەڕا، تامەزرۆی ڕۆژێکی لەو شێوەیە بوو. ئەو شەوە دەیگوت: "تۆ هێندەی پەیامبەرێک پەیامی جوانیت بۆ هێناوم، ڕەنگە ئەمشەو من بمرم و دوا چێژی ماڵئاوایی تا هەتایە لە باوەشی تۆ دابم."

## چوار

شەو هێندە بیرم لە سوڕەییا کردەوە، چەند خۆم هێنا و برد، خەوم لێ نەکەوت. خەیاڵم بۆ زۆر شت دەچوو، دەمگوت: "ئەو بەو هەموو جوانیی خۆیەوە، وەختێک لە کۆڵان سەر دەردێنێ، خۆر ئیرەیی پێ دەبا و گەر لە دەستی هاتبا تیشکەکانی دەگێڕانەوە بۆ ئاسمان، دەرگەکانی لەسەرخۆی دادەخست." مووسا هەستێکی ناسک و درەوشاوەی شاعیرانەی بۆ دروست بووبوو، دەیگوت: "دەنگی هەناسەکانی سوڕەییا، سرووتێکی دڵگیر و ڕەنگاوڕەنگ بوون، سوڕەییا خەتمی ئەوینێکی کردبوو، وێنای عیشقێکی دابوو بە من، دڵم تا لە لێدان دەکەوێت لەو هەستەدا سەما دەکا و سروشتی وەرزەکان دەخاتە ناو زیندەگیم."

دەتوانم ڕۆمانێک بۆ ئەو ژوانە بنووسم و جوانترین شیعر بڵێم! ژوانێک بوو سەوزتر بوو لە ڕۆحی مەسیح، نەرم وەک باوەشی مەریەم، جوان هێندەی تاقگەکانی ئیرەم، ئاڵووالا وەک سوڕەییا! لە

دەستی مندا بوو دوو کۆتری پڕ نەعمە و چیمەنێکی سەوزی ئاوریشمی، کانییەکی زولاڵ، چەمێک لە وروژان. ئەمشەوە، گریانەکانیش لە گۆرانیدا نقوم بوون، دڵە شکاوەکانیش لە شایی و خرۆشاندا بوون، عەرشی دڵی سورەییا لە زەمزەمی ئاوازەکان پێکهاتبوو، چریکەی لە ڕامانی دێوانەکان دەچوو ئەو شەوە بۆ من، هەستێکی جوان بوو بۆ تریفە، تروکاندنێکی ڕەسەن بوو بۆ عیشق! یەکەم جارم بوو ژنێک بمخاتە ئامێز و پێم بڵێ: "ژیانی من بەتۆوە بەندە!"

ئەو ئێوارەیەی عەلی هاوڕێم شوێنبزر بوو، شەو لە خەونێکی وەنەوشەییدا سورەییام لە باوەشدا بوو، نیگای ئەو ئێوارەیە، وەک ڕۆحێکی زیندوو هەموو دەم و ساتەکان، دنەی دەدام و ڕێگەی بەرماڵی سورەییام وەک ڕیگەی بەهەشت دەگرتە بەر، ڕاوەشاندنی کراسەکەم لەو ئێوارەیەدا، بە دەستی سورەییا، کردنەوەی ئەو دەرگایە بوو کە شەرمێکی جاویدانی لە چاوانمدا، شکاو بووم بەو ئەویندارەی سنووری هەموو تەشقەکانم شکاند!

وەک دێوانەیەک شەوانە زیکرم گەرم دەکرد و بە دەفی دەستی درویێشان مەست دەبووم، بە سترانی هەورەکان باڵم دەگرت، بە جەفەنگی جریوە و سەمای چۆلەکاکان دڵم پڕ دەبوو لە گۆرانی، هەستم دەبووە سێبەرێکی جاویدانی و سرودی سەراپا دڵدانەوەی ئەوینم دەچڕی. شەوێک بوو دەستم بە باڵی کۆترەکانەوە گیر کردبوو، لە ڕۆحمدا ماڵی بووبوون.

دڵم دەیگوت: "سەرابی سرووتەکانم تێپەڕاند و لە دامێنی شیعرێکی تەڕدا دەخەوم، لە ترۆپکی ئەویندا ماڵی هەناسەکانم ڕێک دەخەم و جریوەکانی ئێوارە لەبەر دەکەم، بەسەر مەرگی ترس و شەرمدا ڕادەکەم."

مووسا لە برینێدا سەوز بوو، دەنگی چی خەمی قووڵ هەیە ئەو شەوە کردی بە ئەستێرە و شەبەنگی لە چوارچێوەی عیشق ڕواند! گوێی لە سەدای ئاسمانەکان بوو بە ئایەتییێکی سپی ژوانێکی دیکەی خستە سەر کتێبەکانی عیشق.

## پێنج

ئەو سپێدەیە بۆ مووسا، ڕوناهی لە دەریچەوە پڕ شەوقتر بوو.

ئەوینی بە دڵێک بەخشیبوو، بەدەم نەسیم و بۆنی خۆرەڵاتن، ڕیتمێکی بە نەغمەکان دابوو، سروشی بەدەم هۆنینەوەی شیعرەوە سەمای دەکرد. ساکاری و بێگەردیی مووسا، بۆ هەموو دراوسێکانی ئاشنا بوو. ئەو سپێدەیە، بە گۆرانییەوە سڵاوی دەکرد و وەک سرووتێک دەڕژایە ناو سپێدەوە. حەزی دەکرد، هەزار جار ڕێگەی بەبەردەرگای ماڵی سوڕەییادا بێت و بچێت، ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خۆزگە ڕۆژ پێنج ژەمە با، تا پێنج جار بەبەر دەرگای ماڵی جەرجیسدا چووبام و هاتبام." ئاخر، مووسا جاران نیوەڕۆیانیش بۆ نانخواردن نەدەچووەوە. زارای خوشکی، ئەو هەموو هاتووچۆو هاتنەوەی مووسای بۆ ببوو بە پرسیار!

ئەو ڕۆژان، نیوەڕۆیانیش نەدەهاتەوە، گەر ئەو کاتانەی دایە تۆزێک نەساغ دەبوو، دەهاتەوە. لام سەیرە دەبێ غیرەیەک یان هەر بابەتێکی نەخوازراو لە زەینی مووسادا نەبێ! هەست دەکەم جۆرێک گۆڕاوە، شەوانەش خەوی کەم بووە، لەبەرخۆشییەوە گۆرانی دەڵێ، گوێ لە شیعرەکانی هێمن دەگرێ و زەوقێکی تایبەتی و زۆر جاریش خەمبارو دڕدۆنگ، کەمتر گوێ بە ماندووبوونی بابە دەدا و سەیر دێتە بەرچاوم.

زارا خوشکی تاقانەی مووسا بوو، دوو ساڵ لە مووسا گەورەتر بوو، ڕێکخستن و جوانکردنی ماڵ، ئەرکی هەموو ڕۆژەی ئەو بوو، خەمی قووڵی زارا، وای لێ کردبوو، زۆر لاواز و بێتاقەتی کردبوو، زارا داخوازی هەبوو ئەو ماڵەی کە هێندە هۆگری ببوو، جێی بێڵێ، کەسوکاریشی قبووڵیان نەبوو. زارا بێ ژنبەژن نەیدەتوانی ئەو ماڵە جێبێڵێ، خزمەکانی دەیانگوت: "ناکرێ کەسێک نەیەتەوە جێگەی زارا، ئەو ماڵە هەر کوێر دەبێتەوە."

ڕۆژانە هەستت دەکرد زارا، عیشق دەیهاڕێ و ناتوانێ ژیلەمۆی ئەو هەستەی دابگیرسێنێ، ناتوانێت ئەو هەستە دەرببڕێ و بە کامی دڵی خۆی بێ. ئیدی خەمی شکانی و گریانەکانی ناخی زارای هەژاندبوو. ئەو هەستەی مووسای درک پێ کردبوو، مرۆ کە عاشق دەبێ سەرەتاکانی شێتی تێدا دەردەکەوێ، ئاڵۆزی و قەلەقی بە سەروسیمایەوە دیار بوو.

یادەوەرییەک لە ژیانی مووسادا زۆر تاریک و قێزەون بوو؛ ساڵانێک پێش ئێستا زارای خوشکی خوازبێنی هاتبوو، مووسا بۆ

ئەو یادە چووبووە ناو ئەوینی خۆیەوە، عیشقی زارا و دڵخوازەکەی لە عیشقی خۆی و سوڕەییادا دەدی. بەڵام زارا نەیتوانی بەو رۆژە بگا و ئاواتەکانی بێتە دی. هۆکاری سەرەکیش نەریتی خێڵ و بیری تاریکی کۆمەڵگا بوو. مووسا گوتی تا زارا دەبینم، زامێک لە جەستەم دەکولێنێتەوە. ئەو ڕووداوە ناخۆشە وەک فیلمێکی تراژیدی بە رۆحمدا دێت و دەچێ. من لەو مۆتەکەیە رزگارم بوو، بەڵام نەمتوانی هیچ بۆ زارا بکەم.

# مووسا تا ئێستاش هەر شەرم دەکات!

## یەک

شەو خزم و کەسوکار کۆبوونەوە، چۆن دەبێ زارا هەروا ئاسان دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ و شکۆی ئێمە بشێکێنێ؟ هەموویان ڕوویان لە حەسەن سوورمە کرد، تۆ شەرم ناکەی وا کچەکەت بەرەڵڵا کردووە؟ ئێمە قبووڵی ناکەین، تێگەیشتی؟ دەبێ هەرچی زووترە ژنبەژنی پێ بکەیت و ژنێک بێتە شوێنی زارا!

حەسەن سوورمە، فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوار، پەرۆشی هەستەکانی زارای بوو، دەیگوت: "دەترسم چۆن سوارە کوڕە گەورەکەم شوێنبزرە و تاهەتایە نایبینمەوە، ئەو جارەش شکانی پشتم ببینم و کارەساتێک بەسەر زارادا بهێنن."

سۆفی فەتاح ئامۆزای حەسەن سوورمە وەک ڕیشسپی و کوێخای گوند، بەهەڕەشەوە پەنجەی ڕادەوەشاند ودەیگوت: "داوەشێی پیاو، وەک ژن دەگریی، بۆچی هێندە بێ دەستەڵاتی هەی ناپیاو؟ ئەوە شکور بۆ خوا کوڕت گەورە بووە، چواردە ساڵە و هەڕەتی ژنهێنانییەتی، دەچم دەگەڕێم و پشکەگۆڕکێکی بۆ دەدۆزمەوە."

دەی مەجلیس و کۆبوونەوەی خزمان ڕێک کەوتن کە سۆفی بەپێی زانیاری و ئەزموونی خۆی لەو هەوڵەدا بێ.

سۆفی گوتی بانگی مووسا بکەن، من قسەی لەگەڵ دەکەم، لە قسەی مامی خۆی دەرناچێت، مووسا کوڕێکی مەند و هێمنە و زۆر لێی ڕازین.

سۆفی لە ژوورەوە گوێی لە گریانی زارا و بەس چۆلەکە بوو، شیپانەی لێ گرتن و پێی گوتن: "دەتانەوێ سەرمان نەوی بکەین؟ هەر کەسێک قسەیەک لەو مەسەلەیەدا بکا، بەو خەنجەرە ئەنجن ئەنجنی دەکەم، وەک کاریلە سەری لە لاشەی جیا دەکەمەوە. لەبەر خوا بپاڕێنەوە کە زارا ناکوژم، بەسە گوێم لە فنکەفنک و گریان نەبێ، ئێوە نازانن حەیا و حورمەتی ژن، گوێڕایەڵی و دەنگبەرزنەکردنە! لەسەر پەتی خۆتان دانیشن، ئەوە ئیشی منە و هی کەسی دی نییە."

سۆفی بەو ڕیتمە دوا و نۆبەی قسەی نەدەدا بە کەس، زۆرجاریش دەنگی بەرزتر دەکرد تا دەوروبەر نەتوانن قسەی لە قسەیدا بکەن.

مووسا بەناچاری هیچ حەزیشی نەدەکرد، بەڵام نەریت و خەسڵەتی کۆمەڵگە وا بوو، نابێ مێرمنداڵ و بچوکەکان جوابدەنگیی گەورەکان بکەن، نابێ لە مەجلیس و دیوەخانیش دابنیشن و تێکەڵی قسەکانیان ببن، ئەگەر عەشیرەت و بنەماڵە بڕیاریان لەسەر چارەنووست دا، دەبێ وابەستەی ئەو بڕیارە بیت.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو دانیشتنە، سۆفیماڵێکی دەستنیشان کرد، لە گوندێکی دەوروبەری گوندەکەی خۆیان کە هەردووک لا حازر بن، یەکتری ببینن و ناوی خوای لێ بێنن.

جەمەدانییەکیان خستە سەری مووسا، قیت و پۆشتەیان کرد و بەڕێکەوتن بۆ بینینی کچی ئەو ماڵەی ژنبەژنەیان لەگەڵ دەکەن. گەیشتن و دانیشتن، خزمان کۆبوونەوە، کچەیان هێنا و لە بەرانبەر مووسایان دانا، کچە تەمەنی زیاتر بوو، زۆر لە مووسا گەورەتر بوو. مووسا سوور و شین ببووەوە و عارەقەی کردبوو، چایەکیان لەپێش دانابوو نەیتوانی چایەکەش بخواتەوە. سۆفیش لێک لێک دەیگوت: "دەی کوڕی خۆم جوان سەیری بووکەخان بکە، بووکی من چەند جوانە، چی دەڵێی مووسا بەدڵتە؟"

مووسا نوتقی گیرابوو!

کچە بەپۆزەوە لەگەڵ براژنەکەی لەژێرەوە زەردەخەنەی دەهاتێ و چاوێکیشی لە مووسا دەکرد. مووسا چەندە بچووک بوو، هێندەی دیکەش چووبووەوە ناو قالبی خۆی، شەرم داغانی کردبوو، ئیدی جەنگی ڕۆحدەرچوونی خۆی دەکرد و خواستی بوو مردبا بەڵام ڕۆژێکی لەو چەشنەی نەبینیبا.

حەسەن سوورمە، گوتی: "سۆفی برای گەورەمان خەبەرتان دەداتەوە، ئێمە کچەمان بینی و ئێوەش کە خەبەرتان وەرگرتەوە، وەرن کچەکەی ئێمە ببین و خوا کردبی ئیشەکە تێکدەپەڕێنین."

سۆفی گوتی: "قسەی حەسەنی ئامۆزام دروستە، خوا ئاسانی بکا، ماڵتان ئاوەدان بێت و خوا ئاگای لە هەموولایەک بێ."

مووسا هێندەی پێ خۆش بوو زوو ئەو جەهەننەمە جێبهێڵێ و هەناسەیەکی قوڵ هەڵبمژێت.
سۆفی ڕووی لە خاوەنماڵەکە کرد و گوتی: "قوربان ئێمە لە خزمەت مەرەخەس دەبین و دەڕۆین، ئەو ماڵە هەزار ماڵی دیکەی لێ بکەوێتەوە."
هەڵسان، یەکێک لە کوڕەکانی ماڵەکە پێڵاوەکانی ڕیز دەکردن، پێڵاوەکانی مووسا پاتەی وێنبوون زۆر بچووک بوون، کوڕەکە پێڵاوەکانی فڕێدان و گوتی سەیر کە ئەو کچەتیوەی ئێمە پێڵاوەکانی بۆچی هاتوونەتە ئێرە! مووسا بەدەنگێکی نوساو و غەریبەوە گوتی کاکە ئەو پێڵاوانە هی منن. هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، مووسا تا ئێستاش هەروا تەریق دەبێتەوە.

**دوو**

مووسا، هێندەی بیر لەو حاڵەتە شەرمکردنەی خۆی کردەوە، پەنجەکانی لێک لێک دەتەقاندن. دەیگوت: "ئەوە چ دۆزەخێک بوو، گەر سەعاتێکی دی لەو ماڵە مابایینەوە، ڕەنگە دڵم ڕاوەستابا. دەی لەو چارەڕەشییە، سەیر کە بڵێ پێڵاوەکانی من بۆچی هێندە بچووک و کچانە بوون! هیچ بەزەیی و ویژدانێک، لە مەزەبی گەورەکاندا نییە، ئەو پێکەنین و ڕابواردنە بۆچی؟ ئاخر خۆ من ئێستا نازانم پرۆسەی ژنهێنان و هاوسەرگیری چییە، ئەوەندە دەزانم کە دەبێ زارا بەبێ ژن لەو ماڵە نەچێتە دەرەوە. جا دەبێ لە قسەی سۆفی و خزمان نەچمە دەر، دەبێ ئەو عەگید و ئازایە بم کە ئەوان دەیانەوێ. دەبێ

ئەوجار بە وردی چاودێریی زارا بکەم، چونکە شەرمەزارییە زارا جارێکی دی بیر لە دڵخوازی خۆی بکاتەوە. ڕۆژێکی سەیر بوو لام، هیچ کات چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم نەدەکرد، پێم وا بوو من و زارا ، تا ئەبەد لە یەک ماڵدا دەبین و ئەو ناچێ بۆ ماڵ و مێردی خۆی و منیش هیچ ژن ناهێنم، خۆشەویستیی بەتینی خوشک و برایەتیمان هەر لە گەشیدا دەبێت. ئەو ڕۆژە چەند بەزەییم بە زارادا دەهاتەوە، دەمگوت: "زارا دەچێتە زاری عەزیاوە، دەچێتە ناو دونیایەکی سەیر و جیاواز. زارا، وەک دایکێک ئاگای لە هەموومان دەبوو، شەو سەری هەموومانی دەدا و لێفەی بەسەردا دەداینەوە. ئەو خەمی ماڵگەرمکردن و خاوێنکردنەوە و ماڵ و میوانداری و موحیببەتی بەسەر هەموماندا دەڕژاند.""

زارا دەیگوت: "مردم هێندەی جلەکانتان بشۆم، کەستان پەرۆشی منتان نییە؟ کەستان خەمی منتان نییە؟ ئێوە بە پێڵاوی پیسەوە دێنە ناو بێڵایەکە، ئەی نازانن، من چەندە دەمەوێت ئەو ماڵە خاوێن ڕابگرم و پڕینچکێک قوڕی پێوە نەبێت."

زەحمەتیی زارا، ویژدانی حەسەن سوورمە و بەس چۆلەکەی هەژاندبوو! حەسەن سوورمە چەند جار لە ئیش و کار دەگەڕایەوە، لە خەمی ئەوە بوو، ماڵەکە پیس نەکا و چۆن بتوانێ جلکی کارێی لە پەنایەک دابنێ و زارا هێندە ماندوو نەکات.

وەک فیلم، یاد و یادگارییەکانی زارا لە بیرکردنەوەمدا دەهاتن و دەچوون و بە چاوی خۆم. ئازارە خەمهێنەرەکانی زارام دەهاتە بەرچاو. خەمی باوکێکی زەحمەتکێش و چۆغەڵەی عارەقاوی و

ماندووبوونێکی هەمیشەیی چ ئازارێکە بۆ من! ئەو ڕۆژە ڕەشەم لەبەرچاو لا ناچێت، کچێکی بەتەمەن لە من گەورەتر و ماڵێک، تەنیا بۆنی هەڕەشە و عەشیرەتی لێ دێ و منێکی سادە و بێئەزموون، منێکی کەوتووی بەردەستی سۆفی و بڕیاری خێڵ! چ کارەساتێکە، کە ناتوانم بڵێم نا! نامەوێ کەسێک، خۆشم نەویستبێ و هیچکات دوو قسەمان بەیەکەوە نەکردبێ، ببێتە هاوسەرم. ئاخر، خۆ من کەی وەختی ژنهێنان وماڵبەڕێوەبردنمە؟ من تا ئێستا شەو لە نزیک باوکم نەبێ ناتوانم بخەوم و بیرم بۆ زۆر شتی نامۆ دەچێ! من منداڵم و ژنهێنان و ژنبەژن کاری من نییە.

نەگبەتی من لەوەدا بوو، پێڵاوەکانم چ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ پێڵاوی کچە بچووکەکەی ماڵەکە، چەند تەریق بوومەوە! وەختێک دەستی دایە پێڵاوەکانم و گوتی ئەو کچەتیوە بۆچی پێڵاوەکانی هێناونە ئێرە! ئێستاش هەر عارەقە دەکەم کە گوێم لە قاقای جەماعەت بوو، هەر ئەوەندەبوو نەبووم بە قەترەیەک ئاو.

ئەو شەوە نەخەوتم دڵەڕاوکێیەکی سەیرم گرتبوو، ڕەنگم زەرد زەرد ببوو، من و ژنبەژن! ئەی بەنەفرەت بی یاسای عەشیرەت و خێڵ! ئاخر زارا، چ تاوانێکی کردووە بەبێ ژن نابێ دووپێی لەو ماڵەی بچێتە دەرێ؟ سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەتییەی زارا کە ڕۆژانە خزمەت بە هەموومان دەکا، ئەوە پاداشت و چاکەکەیە دەرێتەوە بە زارا. نازانم چۆن توانیم بە دەنگی بەرز بڵێم: "ئیشتان بە ئیشی منەوە نەبێ، من دەخوێنم و ژن ناهێنم."

یەکڕاست دایکم باوەشی پێدا کردم و گوتی ڕۆڵە زارا دەکوژن، تۆش سووک و ڕیسوا دەکەن.

گوتم: "دایە هیچ دڵگران مەبە، هیچ نابێ و ئەو کارە وردە وردە کۆن دەبێ و لەبیریان دەچێتەوە."

ئیدی زارا بوو بە قوربانی نەریتی خێڵ و تا قەیرە بوو، کەس لە دەرگای نەدا و بسکەکانی سپیکردن و چاوەکانی قووپان و ڕوومەتەکانی چرچولۆچ بوون.

## بە مەرگیان تاقیم مەکەوە خودایە

### یەک

که نەدەگەڕایەوە، دونیای لێ وەیەک دەهات و دەهری دەبوو، قاوەڵتی و ژەمەکانی دیکە و چێشتەنگاویشی لەوان تێک دەدا، خۆی ماندوو دەکرد و بێتاقەت دەبوو. دەیگوت: "ئاخر بۆچی وا خۆت دەخەیتەوە مەترسییەوە؟"

حەسەن سوورمە، لەسەرەخۆ، هیچ خۆی شلوێ نەدەکرد، دەیگوت: "ئێوە خەمی منتان نەبێ، نانی خۆتان لەسەر من ڕامەگرن، بەدەستخۆم نییە جار جارە دوا دەکەوم. جاری وایە، ئیشی خۆم تەواو بووە، ئیشێکی دیم بۆ دێتە پێش."

دایکم، بۆی گێڕامەوە دەیگوت: "ڕۆژێکیان زۆر لەدوای بابت گریای، دڵی نەهات لەگەڵ خۆی نەتبا، ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو که دەگریای. پێی دەگوتم: "گەر دەستت لە ئاوی زێڕیدا بێ نەهێڵی مووسا بگری، من هیچم ناوێ بەس ئاگات لە منداڵەکان بێت.""

دەیگوت: "ئێوارە بابت گەڕایەوە و تۆی لەگەڵ نەبووی، دەستم کرد بە هاوارهاوار و لەخۆدان، دراوسێکان و خزمان بە پیر دەنگی گریان و هاوارهاواری منەوە هاتن."

– ئەوە چی بووە؟ خۆ کەس هیچی لێ نەهاتووە؟

بابم لەسەرەخۆ گوتی: "ئەوە دەچم دەیهێنمەوە، لەژێر دارتووەکە خەوی لێ کەوتووە." باوەشی پێ داکردم و گوتی: "دڵنیابە سەلامەتە، لەیادم چوو هەڵیستێنم و بیهێنمەوە."

هەموویان کە گوێیان لە حەسەن سوورمە بوو، ڕاخزین و بەرەو کارێز چوون، کە گەیشتن تۆ لە پرخەی خەوێکی خۆشدا بووی، دەتگوت ئێستا خەوتووی. ئیدی کوڕی خۆم ئەو ڕۆژە بیرم لە زۆر کارەسات دەکردەوە.

دەمگوت: "دەبێ گورگ نەیخواردبێ؟ دەبێ نەترسێت بەو درەنگییە تاکوتەنیا لەو دەشتە بەجێماوە؟"

بە هەزاران غایلەی خراپ و مەترسیدارم دەهاتە خەیاڵەوە.

ئێستا کە تۆ لە خەیاڵی ژنهێنان و ژنبەژن و ئەو شتانەدا سەرت گێژ بووە و خەریکە لە پێستی خۆت دەچیتە دەر، منداڵی و یادەوەرییەکانی شیرینیت و بێدەنگیت، خەریکە وێرانم دەکات. کوڕی خۆم ئەوەندە خۆت سەغڵەت مەکە! جەرگم خەریکە هەلابەهەلا دەبێ. ئەوەندە شپرزەت دەبینم، بێهێز و کەلەلا، ڕەنگ زەرد و مات، هیچ شەوق و زەوقێک لە چاوەکانتدا نابینم. کوڕی خۆم هیچ دەستەڵاتێکم نییە، تەنیا دەتوانم نزات بۆ بکەم و چوار فەڕزە لە بەر قاپی باری تەعالا لە کڕنۆشدا بم. کوڕی شیرینم، لەگەڵ درێژبوونەوەی وەخت

و کۆنبوونی بابەتەکە، ئەو خەمە کۆتایی دێ. ڕاستە دایکم لە من تەنگەتاوتر و بێئۆقرەتر بوو، هەدادانی نەبوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "بۆچی دەبێت ئەو دەرگەی من هەر داخراو بێ؟ هەر کارێک خودا بیکا ئەویان جوانە، سەد شوکر خوایە، بەس بە مەرگیان تاقیم مەکەوە، بە هەمووشتێک ڕازیم."

دایکم هێندە ئاوێتەی ڕۆحی منداڵەکانی بوو، لە فرمێسکی چاوەکانیدا، تابلۆی خەمگینی و چروسانەوەی ژیانی هەموومانی تێدا دەخوێنرایەوە. ئەو وەک فریشتەیەک، دەبوو بەرگەی خەمی هەمووان بگرێ و بە هەمووان ڕابگات، لە دیدی ئەودا چی خەمی نەریت و کۆن و بیری داپلۆسێنەر هەیە دەبینرا، ئەو زەمەنە پڕ ئازارەی کە عەیامێکە ژیانی تەنیوە دەخوێندرایەوە.

**دوو**

تاراوگەیەک، لە دڵی مندا هەیە و ڕەنگە تۆ هەستی پێ نەکەی. لەوسەری دونیا تا ئەوسەری دونیا، هەر دێمەوە بەرقاپی ئەوینت و سووچی ئەو دواکەوتنەم، دەگەڕێنمەوە بۆ خۆم. تۆ بەو هەستەوە، دەتەوێ پەنام بدەیت و نەریتی وەسوەسەکانی سروشم بۆ خۆت بەریت، من (کانیی شام) لە ڕۆخی ڕێگاکەت چێ کردووە، من بە تەنگ ئەو دڵەی خۆمەوە نیم، کاتێک دڵێکی دی دەیەوێ لە دڵی مندا جێی خۆی بکاتەوە. بەدیار لێدانی ترپەکان و چریکەی چێژە نەبڕاوەکانی دڵی تۆوە ڕادەوەستم. سورِەییا، من لە بیرەوەریدا خەریکە دەخنکێم و قاتڵی نیگاکانیشم لە ڕۆحمدا، پێم دەڵێن: "گرگنی

نەریت و سێبەری هزری خێڵ، شەڕابی ئەو جەنگەی پێ نۆشی!" پێم دەڵێ: "بەئاگا وەرەوە، زەیتوونی دەنگە عەگیدەکان، لە ماڵی نێرگزەکانی ئەوین جێبهێڵە و سوڕەییا بخە باوەشت."

مووسا، وەک ئاوێکی ساردی پێدا بکەن، سەری بەرز کردەوە، لەژێر نیگاکانییەوە، ئەو تابلۆیانەی دەبینین، کە لە سەر ڕوومەتی ئاسماندا، بە باوەشی خۆریکەوە، گۆرانییان دەگوت. مووسا، ئەو یادویادگارییە خێڵەکییانەی جێهێشتبوون، دەیگوت: "سوڕەییا، بەتەنیشت ڕۆحمدا دێت و سپێدەکانم ڕەنگ دەکا، لە دڵمدا ئەو وێنانە دەکێشێ، کە لەنێو دوو مەمکیدا خەوتووم و بە نیگایەکی شیرین خەبەرم دەکاتەوە، هەست دەکەم لەگەڵ تۆنی دەنگمدا سەما دەکا و خەونەکانم دێنێتە دی."

مووسا، لە جوغزی بیرێکی تاریکدا دەخولایەوە، بەدەست دڕدۆنگی و خۆشبەختی و مەترسییەکاندا دەتلایەوە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "ئەو ئازارانە بۆ سوڕەییا دەگێڕمەوە، بەس بتوانم بە کامی دڵی خۆم، لەگەڵ سوڕییا دابنیشم و چی لە دڵمدایە پێی دەڵێم!"

کە قەدەری من دەیەها تەگەرەی ئاوای تێپەڕاندووە، پێی دەڵێم: "ئەوەتا، بە قەراغ ڕێگەکاندا هاتووم و خەریکە چاوەکانم لێ دەکەون و ناتوانم خڕیان بکەمەوە، ناتوانم ئەوینت جێبهێڵم و تراویلکەی ڕابردووم نەخوێنمەوە! ئەوتا، لە تەنیشت نەریتێکی تاریکدا، دەیانویست بەرم دەنەوە ناو بیرەکەی یوسف و هەرێمی نیگاکانی تۆ نەبینمەوە!" لەبەرخۆمەوە دەمگوت: "ئەو ڕێگەی هەڵمبژاردووە، ڕێگەیەکی سەخت و دژوارە. ژنێک خاوەنی ماڵ و مێردی خۆی بێت

و تۆ بتوانی، ئەو پەرژینە بشکێنێ و هەودای ئەوینێکی بێ بنەما بخەیتە ناو کەلەت، بیر لە داهاتووەکانی نەکەیتەوە!"

دەمگوت: "دەستی سوڕەییا، پەرجوویەکی تێدا بوو، وەختێک یەخەی کراسەکەی گرتم، ئاوێکی گەرم بەر دڵم کەوت و خوێن لە زەینمدا بردمی بۆ جووتبوون!"

سوڕەییا سەیر دڵی لێ ستاندم و بردمی بۆ ئامێزی خۆی، لە چاوەکانیدا، لە دەستەکانیدا، لە تەماشاکردنی جوڵە و هەڵسوکەوتیدا، ڕێک خۆم لە بەرپرسارییەتییەکدا بینیەوە. ئەو ئێوارەیە، چ مەنوایەک و چ هەناسەیەکی دامەوە! چ گرێکی سووتێنەری دایە دڵم و بەدەم گریانی سوڕەییاوە دەچوومە نێوان هەردووک مەمکی، ئەو درزەی نێوان هەردووک مەمکی، حەیرانی کردم! بیرم لەوە دەکردەوە، لەسەر تەختێک، لە ژوورێکی ڕازاوەدا، ڕووت ڕووت بووینەوە، دەستم بەناو پرچیدا دەگێڕم و بە کامی دڵی خۆم ئاوێزانی دەبم.

قۆپچەکانی کراسەکەم هەڵوەرین، نەگەڕامەوە سەریان، نەمهێشت زارا قۆپچەکانیم بۆ پێوە خاتەوە، نەمهێشت کراسەکەم بشوات، نەمهێشت کەس کراسەکەم ببینێ و شەوانە درەنگانێک بەدیار کراسەکەمەوە دەڕۆیشتمەوە بەردەرگەی جەرجیس و دەمویست بێ ئیزنی هیچکەس خۆم بە ماڵی جەرجیسدا بکەم، بچمە سەر تەختەکەی سوڕەییا، لە نیگاکانیدا گۆرانی فێر ببم و شیعر لە ڕۆحیدا بخوێنمەوە. دەستەکانم نەدەشووشتن و بیسمیلم نەدەکردن، تا پەرجووی دەستەکانی سوڕەییا لەسەر کراسەکەم بەتاڵ نەبنەوە.

**سێ**

مووسا ئەو چەند ڕۆژە، بەدوای درەوشانەوەی جوانترین پەیڤدا دەگەڕا. لەبەرخۆیەوە دەدوا و شیعری دەخوێندەوە. دەیگوت: "هەمووڕۆژێک بۆ ئەوەی تۆ ببینم، سپێدەکانم لە خەو دەکرد و بەتەنیشت کاتەکانی تۆدا دەهاتم."

سبەینەیەکم کەوتە جۆگەلەی ڕەنگەکان و خودا لێی کردم بە کۆلکەزێڕینە. لەو ڕۆژەوە، بۆ باران دەستم بەرز دەکەم و چاوەکانیشم داناخەم. لەو ڕۆژەوە، هەموو گۆرانییەکانی کازیوە لەبەر دەکەم، دەیانڵێمەوە بۆ نیگا، دەیانڵێمەوە، بۆ ڕژانی چریکە و بۆ خەوتنی گوڵەگەنم، دەیانڵێمەوە، بۆ ئاوریشمی سروش، تا بتوانم شیعرێکی لێ فێر بم.

تا بە دەنگی ئێوارەکان تورە نەبم و
لە ئاوابوونی خۆردا، تابلۆی ئاوێزە ببینم.
تۆم لێ دیار بێ، ڕەنگە بیر لە دڵشکان نەکەمەوە،
تۆم لێ دیار بێ، هەمووڕۆژێک، ئەو ڕێگایە تاقی دەکەمەوە.
بەیانی و چریکەی دڵی من، مۆمی خەنیبوونی ڕۆح پێ دەکەن.
لە چامەی ماچێکدا، بڵند دەبن و هەریمی ژوان ڕێک دەخەن.

ئیدی شیعر لە قەدەمی ڕێگاکان دەڕژا و شنەی ئەوینێک ڕایدەژاند و دەیخستە کۆشی بەس چۆلەکە. بەس چۆلەکە، کە لە بەژنی مووسا ڕادەما دەیگوت: "خودا منی خۆشدەوێت، گیانێکی هێندە شیرینی بۆ فەراهەم کردووم، ڕەنگە نەتوانم تێر بە چاوەکانم سەیری بکەم."

ئێواران تا مووسا دەگەڕێتەوە، نزاکانم لە ڕێگاکە ڕادەخەم و پیرۆزیی خودا بە گژ سەلامەتی مووسادا دەکەم.

بەس چۆلەکە، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "من لەوە گەیشتم کە خوالێخۆشبوو ئایشێ ژنی ئەحمەد سەڵاوەتی، لە تاوان گیانیدا، کە هەواڵی شوێنبزربوونی سەڵاوەتی مێردی بیست، سەکتە لێیدا و چەند ساڵ لەسەر جێگا، هەر لە دەمی ڕۆحکێشاندا بوو، کە هەواڵی تاقەکوڕەکەی عەلی بیست و لەوە حاڵی بوو، ئێسک بکەوێتە دەم سەگ، هاتنەدەرەوەی زەحمەتە، ئیدی هەواڵی بزربوونی عەلی، گیانی لێ سەندەوە. بۆیە خودایە، بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، بۆ خاتری چلوچوار هەزار پێخەمبەر مووسام بپارێزە، نە من و نە سوورمە بەرگەی جەرگسووتانێکی دی ناگرین، هێشتا برین و ئازارەکانی سوارە، لەسەر دڵمدا دەکولێنەوە."

# هێشتا خۆر نەگەیشتبووە ماڵی مووسا

## یەک

بەیانییەکی زوو، سوڕەییا بە بیانووی ماستکڕین، تەقولبابی ماڵی حەسەن سوورمەی کرد، بەس چۆلەکە واقی وڕما و گوتی: "ئەیەڕۆ سوڕەییا خان بەو سبەیساڵحانە چ خێرتە؟"

سوڕەییا بەشەرمەوە، زمانی تەتەڵەی دەکرد و گوتی: "هاتووم ستڵێک ماست ببەم و چەند قسەیەکی دڵی خۆمیشت بۆ باس بکەم."

بەس چۆلەکە گوتی: "توبەشقێ خوای چ قەوماوە؟ خۆ پیاوەکەت لێی نەداوی و دەری نەکردووی؟"

سوڕەییا گوتی: "نابەخوای، بەڵام شتێک هەیە دەمەوێ کورت و کرمانجی لێت حاڵی بکەم و لێت نەشارمەوە، کە دەمەوێ ڕەدووی مووسا بکەوم و لە عیشقی مووسادا خەریکە جەهەننەمێک لە ناخمدا دەسووتێت! خەریکە وەک قەقنەس لەناو ئاگردا گەرای ئەوینم دادەنێم. فریام بکەوە، نامەوێت مووسام لەدەست بچێ، ئەو بۆ من

هەموو شتێکی ئەم دونیایەیە، دەستم بە دامێنت لێت دەپاڕێمەوە، پێڵاوەکانت سەر سەرم دادەنێم فریام بکەوە، توخودا من غەریبەم و لای ئێوەم دڵم بە مووسادا چووە، ناتوانم دەستبەرداری بم، گەر مووسا بۆ من نەبێت ئاگر لەخۆم بەر دەدەم!"

دایکی مووسا، زۆر بەئێشتیا و بەسەلیقەوە گوێی لە نزاونزوولەی سوڕەییا گرت، لە ئازار و دەردەکانیدا تلاوتلی دەکرد و بەدوای چارەیەکدا دەگەڕا. بیری زۆر ڕێگەی سەیر و نالۆژیکی دەچوو، دەیگوت: "نەکا مووسا کەتنی کردبێت و کاری خۆی تەواو کردبێ و هەرێی بەسوڕەییا دابێ سەری خۆیان هەڵبگرن و سوارەئاسا ببێت بە دیداری ئاخرەتێ!"

دەیگوت: "ئەو هەموو نزا و پاڕانەوە و نوێژ و عیبادەتەی من و حەسەن سوورمە بۆ خودا، بۆ ئەوەی سپاسگوزاری خودا بین و منداڵەکانم بپارێزێ! دەی دیارە خودا وا قەڵەمی لێ داوە! خودایە لێت بەزیاد بێ."

بەس چۆلەکە گوتی: "سوڕەییا کچی خۆم، قوربانت بم لە سەر سەرت گەڕێم، دەستی منت دامێن تخوونی مووسای مەکەوە، لێت دەپاڕێمەوە جەرگمان بە کوچکی وەمەدە، دەزانم پیاوەکەی تۆ ئەو بابەتە بزانێ، مووسا لە من دەستێنێ و دەچێتە دەم سەگ و تاهەتایە نامووراد دەبم. مادام مووسات خۆش دەوێت و دڵت لێی سەندووە، توخوا مەهێڵە بمرێ، چونکە دەزانم ئەو شەللاتیانە هەنجن هەنجنی دەکەن، یان شوێنبزری دەکەن و بە مەرەدی عەلی دەبەن، دیتت

عەیشێ چۆن دڵی ڕاوەستا و قەت کەسیان نەما! ئەوەندە بۆ دایکی خۆت بکە و لە مووسا دووربکەوە."

سوڕەییا، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، کۆڵەگری لە ئەوکێ مابوو، بەدەم هەنسکەوە گوتی: "دایە بەسێ گیان، ئاخر دڵی منیش خۆ بەرد نییە، ئەوەتا بەو وەختە ناوەختە باخەڵی جەرجیسم جێهێشتووە و پەنام بۆ تۆ هێناوە، زەحمەت دەتوانم مووسا لەبیر بکەم، خۆ ئەگەر ڕۆژێک مووسا نەبینم جەرگم دەبێ بە ئاو، ڕۆحم دەبێ بە خۆڵەمێش، هەدادانم نەماوە، ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە و بەدوای چارەیەکدا دەگەڕێم..."

**دوو**

بەس چۆلەکە، وەک کێچ کەوتبێتە کەوڵی هەدادانی نەبوو. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "ئاخر ئەوە چ بەڵایەکە، خۆ سوورمە بزانێ چنگان لە ئەستێران دەدات، ناکرێ و نابێ مووسا تێکەڵی بابەتێکی لەو جۆرە بووبێت."

دەیگوت: "ناشکرێ ئەو بابەتە لای سوورمە و مووسا و زاراش باس بکەم، مووسا ڕەنگە هیچ ئاگای لەو وەزعە نەبێ، لەوەیە سوڕەییا تاک لایەنە مووسای خۆش بوێت و مووسا بێخەبەر بێت. گەر سەیری هەڵسوکەوتی مووسا دەکەم، جۆرێک گۆڕاوە، پێدەچێ عاشق بووبێ و ئێمە هەستمان پێی نەکردبێت. زۆر بەخۆیدا دێت و دەچێ، ناهێڵێ یەخەی کراسەکەی پیس بێ و جلکی بێ ئوتووش

لەبەر ناکا، پرچی بە موجەفە وشک دەکاتەوە، ڕۆژانە سێ جار قۆندەرەکانی خاوێن دەکاتەوە و فڵچەیان لێ دەدات. زۆریش سەر دەخاتە سەر کتێب و ماوە ماوەش تەسجیلەکە پێدەکات، بەدوای ماملێدا دەیلێتەوە. دەبێ مووسا و سوڕەییا ڕێکنەکەوتبن و سەری خۆیان هەڵبگرن!"

ئەوە بۆ بەس چۆلەکە گرفتێکی گەورە بوو، جەنگێکی دەروونی گەورە هەراسانی کردبوو، ڕێگاکانی لێ داخرابوون، هەرچۆنێک بیری لێی دەکردەوە، خراپتر دەشکایەوە، پێی وا بوو دەبێ زیاتر سوڕەییا بدوێنێ و کەسی دی تێنەگەیەنێت، دەنا ڕیسەکەی لێ دەبێتەوە خوری.

لەسەر کۆڵانەکە بەبیانووی زبڵڕشتن، دەیڕوانی کەی جەرجیس بڕوات و خۆی بگەیەنێتە سوڕەییا. ناکرێ ساردەی لەو بابەتە لێ بکا، بەزووترین کات پەردەپۆشی بکا و نەچێتە دەر. مووسا بۆ سەر کارەکەی دەڕۆیشت، بینی دایکی مژووڵی کارێکە و نازانێ؛ "باشە دایکم کەی وا بە حەزەرەوە ڕوانیوویەتی و سەرەتاتکێی کردووە؟"

– دایە چ بووە وا مژووڵت دەبینم؟ دەچمە دوکان، خۆ کارێکتان بە من نییە؟

– نا کوڕی خۆم خوا ئاگادارت بێ، وا منیش دەچمەوە ماڵێ.

مووسا، لێک لێک ئاوڕی دەدایەوە، نەبادە دایکی چاوی لێ بێ کە بەبەردەرگای سوڕەییادا دەڕوا و هیچ نەبێت دامێنی کراسەکەی سوڕەییا ببینێ و ئۆخژنی دێت، دەرگا کرابێتەوە ئاسوودە دەبێ. سپێدەکانی مووسا، ڕەنگاڵە بوون بە هۆی ڕژانی نیگاکانی سوڕەییا،

دڵی مووسا، بە سپێدەکانی ئەو دەڕژا و دەکەوتە ناو سێبەرەکانی عیشق، بەیانییەک لە چاوی مووسادا بێ سوڕەییا بەتاڵ بوو، بێ نیگای ئەو ژیان و سرووتەکانی عیشق مەحاڵ بوون. بە نیگایەکی شێتانە درزی دەرگای سوڕەییا گەورەتر بوو، دوو نیگا، کە دەڕژێنە ناو کێویێکەوە سروشی شیعرێکی ئاڵتوونی لێ سەوز دەبێ، بە زەردەخەنەیەک و بە سیلەی چاوێکی دەرگاکە کرایەوە، تەمی نائومێدی سینەی پڕ ئاگرینی مووسای جێهێشت، دڵێکی ئاچووغ کەوتە سەر پایەکانی ئەوین و بەدەم گۆرانییەوە سڵاوێکی گەرمی نارد و چاوەکانی سوڕەییا وەک پشکۆ مەملەکەتی ئەو ناوەی دەدرەوشاندەوە.

***سێ***

مووسا تێپەڕی و ماڵی جەرجیسی جێهێشت، ئەو سپێدەیە بەرامەی بۆ مووسا دەڕژا و ئۆخەی نیگاکانی سوڕەییای لە دڵی مووسادا دەدرەوشانەوە.

جەرجیس وەک ئەوەی هەستی بە شتێک کردبێ، دەرگای گەراجەکەی کردەوە و سواری ترومبێلەکەی بوو، خێرا پێی لە بێنزینەکە ناو خۆی نزیکی مووسا کرد، بە چاوێکی غەزەبەوە ڕوانییە مووسا.

مووسا خێرا نەبا، سەیارەکەی جەرجیس دەیشێلا، پانوپلێشی دەکردەوە. بەس چۆلەکە لەسەرهەست بوو، گوێی لە دەنگی

ترومبیلەکەی جەرجیس بوو، بەپەلە هاتە دەرێ خۆی گەیاندە کۆڵانەکە سەیری کرد دەرگای گەراجی ماڵی سوڕەییا پێوە نەدرابۆوە، سوڕەییا هاتە دەر ویستی دەرگاکە دابخاتەوە، بەس چۆلەکە خۆی گەیاندە سوڕەییا، سڵاوی لێ کرد و گوتی: "ئەوە خێر بوو هێندە بەخێرایی پیاوەکەت ڕۆیشت، خۆ هەستی بە هیچ نەکردووە؟"

گوتی: "نازانم هیچ لە باش ناچێ، شەو هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەکردووم و یەک تەنەکەشی خواردبۆوە دەتگوت کێشەیەکی هەیە، لای من باسی ناکا."

بەس چۆلەکە گوتی: "ئەوەی لێی دەترسام ئەوەیە. تو خودا کچی خۆم، قوربانت بم با لێرەوە کۆتایی پێ بهێنین، نەبادا ماڵی هەردووکمان وێران بێ."

سوڕەییا گوتی: "هیچ خەمت نەبێ، ئەو هێندە لە بیری مندا نییە، پیاوێکی شەللاتی وسەرسەرییە. دایە گیان ژیانی خۆمت بۆ باس بکەم؛ ڕەنگە بە دەستی خۆت بیخنکێنی و بێمنەت بە بازاڕدا بچیتە خوار و بڵێی هۆ خەڵکینە من جەرجیسم خنکاند! دەزانی چ عەزابێکم بەدەستییەوە چێشتووە! من بە خواستی خۆم شووم بە جەرجیس نەکردووە، بەڵکو بەزۆر منی ڕفاندووە. لێت دەپاێمەوە ئەوەی بە تۆی دەڵێم با کەس لە دەمی تۆوە نەیبیستێ، چونکە جەرجیس پیاوی دەوڵەتە و چی پێی خۆش بێ ئەوە دەکات."

سوڕەییا بەردەوام بوو: "دایە گیان چیرۆکی من بە دەم باس ناکرێ، دەزانم ترسی تۆ لەدەستچوونی مووسایە، بەڵام دڵنیات

دەکەمەوە ناهێڵم زیان بە مووسا بگات، مووسا بۆ من هەموو ژیانمە، ڕەگێکە لە ڕۆحمدا، هیوایەکە و ناتوانم خۆم بێهیوا بکەم، بەس مووسا سەلامەت بێ من هیچ کێشەیەکم نییە. خەمت نەبێ ئەو بڕیارەی دابووم دەزانم کارەساتە، لەو بڕیارە پەژیوان بوومەتەوە، با مووسا توشی شتێکی خراپ نەبێت، بەڵام تۆ نازانی چەندەم خۆش دەوێت!"

بەس چۆلەکە گوێی لە چیرۆکە پڕئازارەکەی سوڕەییا ڕاگرت و هۆن هۆن فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوار، زەنگوڵ زەنگوڵ عارەقەی دەڕشت، هەستا و تێر بە باوەشی خۆیەوە نوساند و پێی گوت: "کچی خۆم لە ئازارەکانت دەگەم، دڵم لەگەڵ هەموو برینەکانتدا دەکوڵێتەوە، بەڵام ئیدی ئەوە چارەنووسە، چ دەستەڵاتێک نییە!"

سوڕەییا گوتی: "جەرجیس ڕۆژێک گوتی لێرە دەڕۆین و دەچین بۆ شارێکی گەورە تا بتوانم خۆم بزر بکەم، ئەوە ب ۆمن زۆر ناخۆش دەبێ چونکە لە ئێوە دووردەکەومەوە، مووسا نابینم و بە داخەوە سەر دەنێمەوە."

بەس چۆلەکە هەستێکی خۆشی بە دڵدا هات و گوتی: "کچی خۆم چ دەستەڵاتێک نییە، جەرجیس پیاوی خۆتە و کوێی پێ خۆش بێ لەگەڵی بە، چ چارەیەک نییە، منداڵتان لەبەیندا هەیە، تازە ڕیخۆڵەت لە ڕیخۆڵەی ئالاوە و هیچ لەزەتێک لە ژیان ناکەی، دەزانم بەرگەی دووری منداڵەکانت ناگری و ناچار بە خۆت بگونجێنە، ئەوە قەدەری خوایە و ڕەتکردنەوەی مەحاڵە."

سورەییا بەدەم گریانەوە گوتی: "دایە گیان دەزانم، بەڵام خۆ منیش هەر ئەو هۆکارەیە کە لە بڕیاری ڕەدووکەوتن پەژیوانی کردمەوە، هەر وا دەکەم، با مووسا تووشی کارەساتێکی خراپ نەبێ، با مووسام لێ نەبێتە دیداری ئاخرەتێ، دەزانم نزاونزوولەی ئێوەی دایک، ڕەشم دەکات و کۆتاییم پێ دێنێ."

سورەییا گوتی: "دایە گیان، ئەمن تا مردن پێڵاوت بۆ دادەنێم، دڵنیات دەکەمەوە هەمووشتێک بە دڵی تۆ دەبێ، بۆهیچکاتێکیش مووسام لەبەرچاو لا ناچێت، سوپاس بۆ هەمووشتێک."

# ئەگەرەکان لای مووسا ببوون بە ڕاستی

## یەک

مووسا ئەو نیوەڕۆیە زۆر بێحەواس و بێتاقەت بوو، دەتگوت بابت کوشتووە، کەس نەیدەوێرا قسەی لەگەڵ بکا. زارا چووە بنی و گوتی "کاکە ئەمڕۆ شتێک بووە ئێمە نەمانزانیبێ؟ بە خێر بێیتەوە کاکی خۆم، گەر کێشەیەکت هەیە لای من باسی بکە." مووسا گوتی: "شتێکی وا نەبووە، هەر بۆخۆم تۆزێک بێتاقەت و بێمەیلم، چاک دەبم، هیچ بیرت بۆ شتی خراپ نەچێت، جار جارە تووشی ئەو حاڵەتە دەبم." مووسا کەوتە خەیاڵ و بیرکردنەوەوە: "ئاخر خۆ هەر ئەو خوایە فریام کەوت، دەنا جەرجیس پانوپڵیشی دەکردمەوە. جەرجیس غەزەبی لە ناوچەوانیڕا دیار بوو، دەتگوت شەیتانە و سواری سەری خۆی بووە، ئاگر لە چاوانی دەباری، نێوچەوانی ڕەش داگەڕابوو، ترومبێلەکەی سوڕاند و، گوێم لێ بوو گوتی: "دەبێ بۆ بابیشت تەمبێ بکەم سەگی سەگباب!" ئەو خودایە دەزانی

جەرجیس هەمووشتێکی من و سوڕەییا دەزانێ، کە ئەو شەوەی لەبەردەستم بوراوەتەوە، حەتمەن پێي وایە کە هەردووکمان خۆمان ڕووتوقووت کردۆتەوە و چەندە ئاوێزانی سوڕەییا ببووم، دڵنیام لە یەکەم ئێوارەی بزربوونی عەلی، جەرجیس هەستی بەو پەیوەندییە کردووە، هەر بەوەڕا دیارە، دەم و چاوی ئاگریان لێ دەباری، گەر فریای خۆم نەکەوتبام خوا دەزانێ چۆن وێرانی دەکردم. دەزانێت چەند جار لەگەڵی خەوتووم، بۆیە دەیویست بمشێلێ و داکیشم نەمناسێتەوە، جەستەم هەلابەهەلا بکا و لە خەڵکی بگەیەنێت، ئەوەتا کوڕی حەسەن سوورمەم تۆپاند، چونکە شەرەفی شکاندووم و تەعەدای نامووسم لێ دەکات."

ئەو هەموو ئەگەرانە، لای مووسا بووبوون بە واقیع و خەریک بوو لە جێگەی خۆی شەق بەرێ، بۆیە مات و مەلوول، بێدەنگ و بێ کەیف، دەیگوت: "ئەو ڕۆژانە دروست دەکەمەوە سوڕەییا، بەس سەبرم لێ بگرە، بەس با کەمێک ئەو بابەتە کۆن بێ و سارد بێتەوە، جەنگی هەموو دونیا دەکەم و هیچیش گوێم لە جەرجیس نابێ، بەناو دۆزەخیشدا بێ، ئەو شەوانە دروست دەکەمەوە کە بە نوقڵی ماچەکانت تێر دەبووم، بە پڕبوونی حەزە ڕۆمانسییەکان، ئاسوودە دەبووم، نەمدەزانی کە تۆ هی من نیت و لە باوەشی ژنی پیاوێکی دیدام، نەمدەزانی کە من حەرەمی ماڵێکی دیم شکاندووە و پێشێلی نەریت و یاسای کۆمەڵگەم کردووە، وام بیر کردۆتەوە، سوڕەییا جگە لە من حەرامی هەموو کەسێکە."

مووسا لەو جەنگەدا خەریک بوو دەیقیژاند، مووسا هیچ ئەو شتانەی نەدەدی، جگە لە عەشقی سورەییا.

**دوو**

ئەو شتانەی زۆر خۆشت دەوێن، تا زامدارت نەکەن ناتوانی فڕێیان بدەی، قەڵەمێکم هەیە سەدان نامە و شیعرم پێی نووسیوە، ویستم چەند وێنەیەکی پێ بکێشم و یادگارییەکی شیرینی پێ بنووسمەوە، ئیدی لە دەستم شکا و چی دی نەیتوانی لای من بمێنێتەوە. پەرۆشی ئەو هەموو عیشقەی ڕۆژانی ڕۆیشتووم، پەرۆشی دڵنەوایی و ساتە پڕ حەژمەتەکانی بووم، کە سورەییا لەبەردەرگاکە، بە نیگایەکی نەرمەوە دەڕژایە ناو دڵم. قەڵەمەکەم هاوڕێم بوو، دەردی ئەو زامانەی دەنووسییەوە، دەروازەکانی وێنا دەکرد و بەدەم چڕینی گۆرانییەکی سپێدەوە قەڵەمەکەم دەستەکانی خستبۆوە ناو دەستم و لێم دوور نەدەکەوتەوە. پەرۆشی ئەو ڕۆژەم، کە لە تریفەیەکی سپیم خواستبوو، ئیدی ڕەنگە مانگ چیتر نەتوانێ دیارییەکانی پێم ببەخشێ و دڵنەواییم بکات.

قەڵەمەکەم بەبەرچاوی خۆمەوە، بێدەنگ و مەلوول شکا و دڵمی زامدار کرد، لەو گریانە حاڵی بووم کە بۆ ڕۆحی شەکەتی خۆی گریا. لەوە گەیشتم کە شکانی منی بە دڵێکی حەزینەوە یادداشت

دەکرد، پەرۆشم بوو، ئاخر دۆستێکی راستگۆم بوو، قەڵەمەکەم سورەییای لە من باشتر دەناسی، چی ماچ هەیە ئەو نووسیویەتەوە، بە هەموو ئەو ژوان و ئاوێزانانە ڕادەگەیشت، وەک پەرجوویەک لە هەناسەکانمدا بوو.

دەیگوت: "متفەرکی لێوەکانی سورەییا بۆ هەموو برینێک سارێژن و سووتانیش خامۆش دەکات."

دەیگوت: "کەونەوار و چیغدەوارانیش گەرم دەکاتەوە

دەیگوت: "ئەو کە دێتە دەرکەژی خۆر، وێنەی نیگاکانی دەباتەوە بۆ ئاسمان."

ئاخر قەڵەمەکەم، بە جریوەی چۆلەکەکانی دایکیشم ڕادەگەیشت و سەرگوزشتەی هەموو بەیانییەکی دەکردە تابلۆ. قەڵەمەکەم لەیاد ناکەم، هەوڵ دەدەم پارچەکانی کۆ بکەمەوە، هەوڵ دەدەم شکان و زامەکانی بنووسمەوە.

شکانی پێنووسەکەم هاوکات بوو لەگەڵ بریندابوونی ڕۆح، ئەو ڕۆژە بوو، کە سورەییا لە دەرکەوتنی خۆر نیگەران ببوو، ئەو ڕۆژە بوو کە جەرجیس، وەک ڕێوییەکی نەخۆش و بێهەست چاوی سووربووبوون و دەیویست چی زەنوێرو کانی و شیوودۆڵ هەیە پیسی بکا و درک بخاتە ژێر پای سورەییا، دەیویست بە ترۆمبیلەکەی وێرانم بکات و چی سرووتی دڵ هەیە بیڕوخێنێ.

شکانی پێنووسەکەم، وەک ئەوە وا بوو دەستەکانی باران بشکێن، وەک ئەوە وا بوو سەفەری کۆلکەزێڕینەکان قەدەغە بکەن، دڵم لە خاچ بدەن و سەراب بۆ ئەوینم ڕێک بخەن.

**سێ**

یەکێک لە غەیبەوە پێی گوتم: "هەموو ئەو شتانەی بە چاو دەیانبینی مەرج نییە هەموویان ڕاست بن، بەڵکو ئەو شتانەی بە نهێنی ئەنجام دەدرێن ڕاستترن."

ئێوارەیەکی خامۆش تەنیا دەنگی دەرگایماڵەکان دەهات، دەمزانی ئەوە یەکێک دەرگای ژووری چێشتخانەکەی کردەوە، جیڕەی دەرگاکە ناخۆش بوو، زۆرجار لە هەستێکی قووڵدا بووم و ئەو بە دەنگە گڕ و ناخۆشەکەی خەیاڵی پەرت دەکردم.

حەزم دەکرد ماڵمان بێ دەرگا با
حەزم لێ بوو ماڵی سوڕەییا دەرگای نەبا
حەزم لێ بوو هیچ کات دەرگا و دیوار بەربەست نەبان
چۆن ئاسمان ئاواڵایە بۆ دەرکەوتنی خۆر
دیوار و بەربەستەکانی ئەوینیش ترازابان و

لەوسەری گەڕەک تا ئەوسەری سەمای ڕۆحی پڕ خەیاڵی سوڕەییام لێ دیاربا.

ئەو ڕۆژانەی دەمەوێت بەردەرگای سوڕەییا تەی بکەم و بۆ قەولێکی شەو چاوەکانی ببینم، ڕێکەوت ئەوەیە سوڕەییا لە دەرەوە نییە، چەند جاری دی خۆم دەخافڵێنم و ئیستێک دەکەم بە بیانووی لەبیرچوونی کلیل دەگەڕێمەوە. نەفرەت لە دیوارەکان دەکەم، ڕقم لە دەرگاکان دەبێتەوە، خۆ کاتەکانی چوونم بۆ دوکان دیار بوون بەڵام ئەو زۆرجار بەوە ڕانەدەگەیشت بێتە دەر، بەوە ڕانەدەگەیشت لە

کاتژمێری سەر دیوارەکە بنۆڕێ و سەری لە شیپانەی دەرگەکە بێنێتە دەرێ. ئاخر ئەو دیوار و حەوشە و دەرگا نەفرەتییانە چین!

دەمگوت: "ئەی دەنگی دەرگاکان نەبن، چۆن بزانم جەرجیس دەڕوا و دوای ئەو دەبێ منیش بڕۆم، ئەوکات دەرگاکان بۆ من دەکرێنەوە، دوای جەرجیس دەتوانم بڕێک لە دیدی خەیاڵەکانمدا بڕویم و هیچ نەبێ ژنێک دەبینم کەرامەتی ئاسمانێکی هەڵگرتووە. ژنێک چاوم لێ دەکا مەیلم لەسەر نائومێدی لا دەچێت و دەست لە ملی هیوایەکی ڕەنگین دەکەم، هەستێکی شاراوە لەگەڵ ڕۆیشتنمدایە، لێم نزیک دەبێت و دەمخاتەوە دووڕیانەوە. زۆرجار لە بەرژەوەندیمدایە، زۆرجاریش دەمباتەوە بۆ بڵندایی یادداشت و دەمکاتەوە بە منداڵێکی ئاچووغ. سەر کۆڵانەکان دەکەم بە نیشانەی سۆسە، لەو شتانە دەگەڕێم کە دەیانناسم و بەدیار پێکەنینی ئەو مێرمنداڵانەوە شین شین دەبمەوە، وەک لۆتی چەقۆیەک و دارلاستیکە شکاوەکەم دەخەمە ناو دەستەکانم، لە بەردێکی لووس دەگەڕێم و سێرە لە پێکەنینی چۆلەکە، لە فڕینی پەڕەسیلکەکان، گمە گمی کۆترەکان، لەو قازەباڵشکاوەی ناو جۆگەکە جیفڕکان داوێم و یەکسەرە ڕادەکەم بۆ شیوەکەی تەنیشت مزگەوت و بەدزییەوە دەمەوێت پەنجەرەی ئاودەستی مزگەوتەکە بەردباران بکەم. هەستە شێتوشوورەکەی ناو ناخم شەرم لە سێبەری ئاسمان ناکا و کەیفی دەچێتە ڕووتی بێوەژنەکان و شێتانە چاویان لێ دادەگرم، کەیفم بە شەنگوشۆڕی کچە قەیرەکان دێت. زۆرجاران دەبوومە ئەو شەیتانەی کە شەوانە لە خەونی کچە عازەبەکاندا باوەشیانم تەڕتەڕ

دەکرد، بەدزییەوە لە دایکیان دەشاردەوە کە کورێکی قنج، شەو لێفەکەیانی گەرم کردووە. سبەینان زوو گوێم لە شلّپەشلّپی کانییەکەی گوند دەگرت دوای خۆماتدانێکی دوورودرێژ، کەیفم بەخۆم دەهات و قاقا پێدەکەنیم. بەهۆشخۆم دەهاتمەوە، شەرمم دەکرد بۆچی هێندە جلّەوم بۆ ئارەزووەکانم شل کردووە، بۆچی نەمتوانی ڕێگەی بابم بگرم و بابم (حەسەن سوورمە)، جێگەی متمانەی هەموو خەڵکی بوو، ئەو سەرڕاست و داوێنپاک و خاوەن خەڵقەتێکی جوانی کۆمەڵگە بوو."

شەڕێک لەگەڵ خۆم و لەگەڵ خۆم بەردەوام بوو. عیشقی سوڕەییا هیچ تخووبێکی بۆ حەزەکانم نەهێشتۆتەوە، گەر دەرگای گەرماوەکەیان ڕووی لە حەوشەی ماڵی ئێمەبا چەند خۆش دەبوو، پرچی تەڕی سوڕەییا چ سرووتێکی شیرین و پڕ نەغمەیە، نیگایەکی ئەو بۆ من چەند شیرین و گەرم بوو. هەزار نزام بۆ خودا کردووە، خودایە دەرگاکان بەر ڕەشەبا بکەون و بکەونە بیابانێک بۆ هەتاهەتایە نەگەڕێنەوە ناو چوارچێوەکانیان. ئاخر هەر زۆر سەیر ڕقم لە دەرگا داگرت و هەر لەخۆوە شەقم لە دەرگاکان دەدا، جیرەی ئەو دەرگا نەفرەتییە هەموو خەیاڵەکانی لێ ڕژاندم، پێم خڕ ناکرێنەوە، ناتوانم دەنگی گۆرانییەکانم ڕێک بخەمەوە، ڕقم لە دەرگا بوو، کەیفم بە دیوار و حەوشە و ڕەمەندەکان نەدەهات، ئاخر ونبوونی سوڕەییا ڕەنگە شێتترم بکا و بە کۆڵانەکاندا بە پێخواسی ڕابکەم و هیچ شتێک نەبینم و خۆم بەرمەوە بەردەرگای ماڵی سوڕەییا.

## گەڕانەوەی سەڵاوەتی

### یەک

ئێوارەیەکی درەنگوەخت، مەلای شێوان بانگی دابوو، کزەبایەکی سارد، ڕیشوەی جامانەکەی دەلاراندەوە، دەمنادەم سیگارەکەی دەخستە دەمی و بە پەنجەی شایەتمان سووتووی سیگارەکەی دەتەکاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا. دەستی دیمەن و چیمەنی گرتبوو، دوو پانتۆڵی کوردی منداڵانە و دوو فانیلەی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر کردبوون، توووند دەموچاوییانی لچک کردبوو. سەرەتای پاییزێکی سارد بوو، ئۆردوگا، جمەی دەهات لە قاچاخچی، هەر کۆڵانە و چەند ئەسپێک و هێستری بارەبەری لێ بەسترابۆوە، کاروانچییەکان خەریکی ئالیکدانی هێستر و ئەسپەکان بوون.

ئەحمەد سەڵاوەتی تەقولبابی دەرگای ماڵی حەسەن سوورمەی کرد ،دوو کچۆڵەی سەرمابردە، بە کۆڵێک خەمی قووڵ و ڕیشێکی سپی، هەر لە ڕۆحی خدری زیندە دەچوو، بەدەم هەنسکی گریانەوە، لە ڕۆخ دەرگاکە کەوتە سەرچۆک و پڕ بە سییەکانی بۆنی شیپانە و

ماڵی حەسەن سوورمەی کرد. حەسەن سوورمە گوتی: "فەرموو کاکی خۆم، دانیشە و پێڵاوەکانت دانێ، ئەو منداڵانە بخە ژوورەوە با پشوو بدەن، دەی خێراکە ئێرە کاولاشی هەموو غەوارەیەک و بێلانەیەکە." حەسەن سوورمە ڕوانی و لێی ورد بۆوە، زۆر بەلایەوە غەریب نەبوو:

– سەڵاوەتی نییت؟

– بەڵێ خۆمم.

– ئەو منداڵانە هی کێن؟

– دوایی بۆت باس دەکەم.

حەسەن سوورمە ئەشکی هاوڕێیەتی ڕشت و تێر باوەشی بە سەڵاوەتیدا کرد: "ئەی خودایە چ ڕۆژێکی خۆش و پڕ بەرەکەتە بۆ من! چ زەمەنێکی ڕەنگین پڕ خێروخۆشییە بۆ من! ئەو چەند ساڵە بۆچی هیچ هەواڵێک، دەنگێک، سۆراغێکت نەبوو؟"

سەڵاوەتی گوتی: "دەزانم ئایشێ و چارەنووسیان چی لێ هات، دەزانم کە ئێوە دوای من بە چ دەردەسەرییەک بوون بە کەسوکاری ئایشێ و عەلی، دەمێکە دەمەوێ بگەڕێمەوە، بەڵام ئەو شکان و کوشتنەی من لەلایەن مەلا و خەڵکی ئاوایی، چاوم بەرایی نەدەدا بگەڕێمەوە. ئێستاش ئەوە بەناچاری سۆراغی ئێوەم کردووە و لەگەڵ کاروانچییەکان هاتوومەتەوە، گەر گونجاو بێت لە ئۆردوگا دەمێنمەوە، گەرنا دەڕۆم سەری خۆم هەڵدەگرم و دەچم بۆ خوارووی عێراق. دەبێ ژیانی ئەو منداڵانە فەراهەم بکەم، ئەوان بوون بە پارچەیەک لە ڕۆحم و دوای مەرگی دایکیان تەنیا من شک

دەبەن. تۆ پەنام بدەی خودا پەنات دەدا، دەرگای ئێوە هەمیشە بە ڕووی غەریبەدا کراوەتەوە. کە هەواڵی مردنی ئایشێ و بزربوونی عەلیم بیست، درەنگ بوو بۆ گەڕانەوەم، نەمتوانی، کات بۆ من گونجاو نەبوو، ڕۆیشتم بۆ ئێران و لەوێ ژیانی هاوسەریم پێک هێنا، سێ منداڵمان بوون، جەنگی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن ڕوویدا، شەڕ ژنەکەم و کوڕەکەمی لێ سەندم و لەگەڵ چیمەن و دیمەن هاتوومەتەوە. ئیدی ئەو چەرمەسەری و ئازار و دەربەدەرییەی ئەمن بینیومە، کەس نەیبینێ. ئەو حەشیمەتەی کە دەورانێک من لەگەڵیان سەرم بە سوجدە دەکرد، شەو و نیوەشەو بەیەکەوە لە زکری خوادا بووین، منیان دەربەدەر کرد و ماڵوحاڵیان لە من تێکدا، ئایشێ و عەلی بۆ من بوون بەدیداری ئاخرەتێ، ئاخر کێ لەوە قازانجی کرد، کە ژیان و گوزەرانی ئێمەی بەو حاڵەی برد؟"

حەسەن سوورمە تێر تێر گریا، فرمێسک بە چاوەکانییەوە ڕانەدەوەستا، غوربەتی بەری نەدەدا، دەیگوت: "من و تۆ برایەتیمان زۆر خۆش بوو، خوا غەزەبیان لێ بگرێت کە تۆیان لە من کرد و تۆیان سەرگەردان و دەربەدەر کرد. ژیانی تۆیان لەسەر گومانی نابەجێ بەو حاڵە برد، برایەتیی تۆم بۆ هەتاهەتایە دەوێ، پشتیوانیت دەکەم، شوێنم هەیە بۆتان و بەیەکەوە دەبین، چیش خوا دای بەیەکەوە دەیخۆین."

لێک لێک منداڵەکانی دەخستە باوەش و دەستی بەسەریدا دەهێنان، منداڵەکان نیگایان بڕیبووە باوکیان و بەحەسرەتەوە دیدی ئەوانیان دەخوێندەوە، سەڵاوەتی بەسەر عەرشی نائومێدییەکاندا

دەڕژا، لە تراویلکەی ڕۆژە دوورەکانی دەڕوانی، دەموچاوی سەلاوەتی ناسنامەی ماندووبوون و ڕۆحێکی شەکەت و پڕ لە خەونی هەڵبزرکاو، سات دوای سات، دەیگوت: "نامەوێ بکەوم، دەچمەوە لای ئایشێ و عەلی و لە ئامێزیان دەگرم، دەرگای مزگەوت دەکەمەوە و شەوانی هەینی سەلاوەت لە دیداری محمد دەدەم، دەگەمەوە بە کانییەکەی گوند و ئاوی کارێزەکان دەخۆمەوە." دەیگوت: "هەر دەچمەوە، دەزانم حەسەن سوورمە و عەولاچرچ و هەموو گوند لە گەڕانەوەم دڵخۆش دەبن، بە مانم دەگەشێنەوە، بە زیندوویەتیم دڵخۆش دەبن، ئەوان دەزانن، من چەند دوورم لەو تۆمەت و کارە قێزەونە، ئەوان دەزانم بە هەزاران جار لە من نارازیترن لە فتوای مەلا و هەڵسوکەوتی ناشیرینی کوێخای ئاوایی. من دەگەڕێمەوە، تا دێمەوە ڕیشم ناتاشم و بەڵێن دەدەم پاکیی خۆم بسەلمێنم."

دەموچاوی نورێکی سەرنجڕاکێش و سپی وەک سپێدەی سبەینان، وەک بەرگی میهر و ڕۆحی خودا سپی، بەلام گنج و چرچولۆچیی چاوەکانی مێژووی زەمەنێکی پڕ کارەساتی لێ دەخوێنرایەوە.

حەسەن سوورمە بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ گوتی: "براکەم لێت تێدەگەم و لەگەڵ خەمەکانتدام، هاوبەشی ئازارەکانتم، بەیەکەوە ئەو برینانە سارێژ دەکەین، وەرەوە سەرخۆت."

**دوو**

لە دەنگی ڕاکەڕاک و خشپەخشپی هاتووچۆی کاروانچییەکان خەبەری بۆوە، بە ئەسپایی دەستی بۆ لێفەکە برد و خستییەوە سەر دیمەن و چیمەن، سەیری کرد باوەشیان بەیەکدا کردبوو، لە باوەشیاندا جریوەی ژیانێکی ترساو و پڕ تامەزرۆیی و بێدایکی تێدا بوو.

بێنازی و بێمەیلی ئەو هەستە غایب بوو، شیرینی دایک و هەستی ژنێک و ڕۆحی دایکێک دەمی نەناوەتە ناو ڕوومەت و پرچە دژوێن و شانەنەکراوەکەی دیمەن و هیچ وشەیەکی دایک بە سیما و پەژمووردەیی چیمەنەوە دیار نەبوو، لێفەکەی بەسەر هەڵکێشا تا سەرمایان نەبێت.

سەڵاوەتی دەستنوێژی هەڵگرت، جامانەکەی ڕاخست و ڕووی لە خودا کرد، نزاکانی ڕووە و خودا هەڵفڕاندن. دەیگوت: "ئیدی من هۆکاری بەدبەختی و بێنازیی منداڵەکانم، بۆچی نەمتوانی ماڵێکی گەرم و ناوجێگەیەکی نەرم و ژیانی منداڵیتان بۆ دروست بکەم؟ دەی خودایە ئەوەتا دڵم پارچە پارچە بووە، ئەوەتا دەستە بچووکەکانی عەلی و ڕەونەقی ئایشێ و ئێوارانی چیا و برووسکەکانی خۆرئاوابوون و موحیبەتی پیاوانی مزگەوت و سەدای سەڵاوەتەکان و ئیشقی ئاواییم جێهێشتووە و نەمتوانی لەگەڵ ئەو ئەدگارانە بژیم، سیڕاتەلموستەقیم ڕۆحیان شکاندم و تاهەتایە من و گریان، من و تەنیایی، من و بیرکردنەوەی ماڵوێرانکەر، من و

سووتانی بەردەوام، من و سۆراغی عەلی و ساتی دەرچوونی ڕۆح لە جەستەی ئایشێ، خودایە ئاخر خۆ کەسێک و ئادەمییەک بوونی نەبوو کە ئایشێ گیانی دەرچوو هاوزامی بووبێ؟

خۆ کەسێک نەچۆتە بن پیلی و پێی بڵێ، دەی هەناسەیەکی دی بدە و وەرەوە سەرخۆت، ئەو ئازارانە تێدەپەڕن و ددان بە خۆتدا بگرە. خۆ ئەگەر کەسێک، ئادەمییەک، پشتیوانییەک هەبێت ڕەنگە نەتەوێ بمری و دەست لە ژیان نەشۆی، ورە و جوڵەیەکی نەمری بۆ خۆت دروست بکەیەوە، ئومێدێکی درەوشاوە بڕوێنی و بیر لە ژیان و خەون و فڕین بکەیتەوە، وەختێک لە دەوروبەرت کەسانێک ئومێدت پێ دەبەخشن ڕەنگە ڕێگەی مردن و کۆتایی دوور بکەوێتەوە."

دەی ئایشێ لە باخەڵی تەنیایی خۆیدا خنکا و نەیتوانی بەتەنیا دەرەقەتی ئەو جەنگە بێ! نەیتوانی دەست بە ڕووی ئەو هەموو نەهامەتی و دەردەسەرییانەوە بنێ، پێی داکوتێ و خۆر بێنێتەوە ماڵەکەی. ئایشێ لە بنەبانی ژووورە سارد و نسرمەکەی خۆیدا خنکا و قەرەوێڵەیەکی شڕ و بالیفێکی چڕژاو لە عارەق و فرمێسک و حەوجۆشێکی شین و چەند قاپ و کەوچکێکی بەکەڕووی جێهێشت، کەس پێیان ڕازی نەبوو. لەسەر مەقبەرەی ئاوایی فڕێدراون و سبەینان بەرانبەر بە گۆری ئایشێ دەبن بە تریفە و شاهێدی بۆ نوێژ و ئازارەکانی دەدەن، دەمی کۆژیلەکانی سەرکۆچکی عەلی و نووشتووەکانی مەلا و موتفەڕەکی چاک و پیرانی، لە قەڕەوێڵەکە دوور نەدەکەوتنەوە، ئێوارانی گۆڕستان بە چەپکچەپکی ئەو

گۆرانییانە دەکەوتنە سەما، کە لە نیگا جێماوەکانی ئایشێدا بەسەر شمەکە کرۆلێدراوەکانەوە، تا ئێستاش لە جوڵەدان و برووسکەی دەدا، نوور لەو شمەکە لەکارکەوتووانە هەڵدەستا، دەستنوێژ و دووعاکانی ئایشێ لەسەر قاپ و کەوچک و بالێف و قەرەوێڵە و حەوجۆشەکەدا ڕەونەقی دەدا، ئادەمییەک نەبوو گوێ لە ئاهونزوولەی ئایشێ بگرێت! کەسێک نەبوو ئاگای لە شکان و وێرانبوونی عەیشێ بێ! ئایشێ لە ژوورێکی ڕەش، لە خەونێکی ئینتیزاریدا، لە گەڕانەوەیەکی سەرابیدا، لە جەنگێکی بێکەسیدا خنکا.

سەلاوەتی کوڕێکی کاکۆڵزێڕین و ژنێکی میهرەبانی لە ئاڵۆزییەکانی ئێران و ڕەوشێکی تاریک و دوور لە بەها جێهێشت و شەڕێکی شێت و ژینگەیەکی شێت و یاسایەکی شێت، ئەوانیشی لە بیابانی قەرەبرووت جێهێشت و تا هەتاهەتایە بەردێکی لەسەر دڵ داناوە.

ئاخر ڕوانینی دیمەن و چیمەن، لەو بەیانییەدا چی تابلۆی حەزین و یادی بریندار هەیە لە نیگای سەلاوەتی دوور ناکەونەوە، زیندەگیی پیاوێکی دەربەدەرکراو و پڕچەرمەسەری دەبێت بەو چیرۆکەی کە کولتوور و نەریتی کۆمەڵگە، بێ ئاگالێبوون بەسەرتدا دەسەپێنێ، خولیای سەلاوەتی هەر لەو چوارچێوەیەدا خول دەخوات و وەک مامزێکی سرک بە خشپەی گەڵایەکیش خەبەری دەبێتەوە.

**سێ**

دوای شادبوونەوەی سەلاوەتی، هاوڕێی دێرین و دەستپاک و ڕاستگۆ و دڵسۆزی، حەسەن سوورمە هەرچەند چاوی بە حاڵی سەلاوەتی و دوو کچەکانی دەکەوت، قیمە قیمە گۆشتی بەر دەدا، دەروونی ئاسوودە نەبوو، نەیدەهێشت سەلاوەتی فرمێسکەکانی ببینێت. ڕووی خۆی وەردەگێڕا و بە جەمەدانییەکەی چاوەکانی دەسڕی و خۆی دەخواردەوە.

سەلاوەتی گوتی: "چاک نەبوو تۆش وەک 'خدری زیندە' فریام کەوتووی ئەگەر نا یەکجاری دەستم لە کراسی دەردەهێنان و ئەو منداڵانەشم بەدبەخت و وێران دەکردن. ئاخر حەسەنی برام، ئێمە چ تاوانێکمان کردووە؟ بۆچی هێندە ئازار بچێژین و ببین بە هۆکاری لەدەستدانی ئایشێ و عەلی و گۆڕ غەریبی ئەوانی دیکەش؟ ئەوەتا وردەوردە دەتلێمەوە! خەریکە زەینم لەدەست دەدەم، پێنج فەرزە لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە لەبەر خۆم نا، لەبەر چیمەن و دیمەن هەبم و تووشی هیچ نەبم، تا گەورە دەبن و بە ماڵ و مێردی خۆیان دەگەن."

حەسەن سوورمە گوێی شل کردبوون و تێکەڵی ئازارەکانی سەلاوەتی ببوو، نەیدەویست قسەی پێ ببڕێت و دەیویست بە کامی دڵی خۆی بدوێت، چی خەمی هەیەتی بیڕێژێت و ڕۆحی ئاسوودە بکات.

دەیگوت: "حەسەنی برام خوا ئاگادارە هیچ لە خەمی خۆم نیم چیم بەسەر دێت، بەرگەی ئەو شەڕەشەقە دەگرم و بە گاز گۆشتم لێبکەنەوە نالێم ئۆف، بەڵام بەرگەی وێرانبوونی ئەو دوو کچانە ناگرم و زۆر لە بیری گەورەبوونیان دام، ئاخر لە داری دونیایە، ئەوانە شک دەبەم و خوداش. کوا من دەبێ بۆ کێی دیکە بژیم؟ باش بوو ئێوەش وەک پەنا و برایەکی ئازیز، بەتەنیشتمەوەن و پشتم بەر نادەن و بێهیوام ناکەن!"

حەسەن سوورمە خۆی دەخواردەوە، قوڕگی پڕ ببوو لە گریان و نوتقی گیرابوو، دەیویست دڵنەوایی و ئاسوودەیی بە سەڵاوەتی ببەخشێ و سەری ڕەزامەندی بۆ دەجوڵاند و لە دڵی خۆیدا، ئەو ئازارانەی ئاوێتەی ئازارەکانی خۆی دەکرد، بەسەرخۆیدا زاڵبوو.

گوتی: "سەڵاوەتی برام، لە یەکەم ڕۆژی بزربوونی تۆوە، خەمێکی قووڵ لەسەر دڵمە و، نەمتوانیوە خۆم دەرباز بکەم. دەزانی ئێمەش بە چ دەردەسەرییەک ئەو ژیانەمان تێپەڕاندووە؟ هەموو ئەو شتانەم دێنەوە یاد، ماییەنەکەم و گوێدرێژەکە و، سەگەبۆر و داروبەردی گوندەکەم دێنە خەون و بە دیارییانەوە دەگریم، دەی بێسەروشوێنی سوارە بووە بە دیداری ئاخرەتی بۆ من و بۆ دایکی. دەزانم چەند برینداری! دەزانم چ غەدرێکیان لێ کردی و چۆن دەربەدەریان کردی! دەزانم لە ئاوی حەیات پاکتری و هیچ کەسێک هێندەی تۆ ڕاستگۆ و داوێنپاک و لەخواترس نییە، بەڵام خوا بیانگرێت کە تۆیان بەو دەردە برد و ئاوارەی وڵاتانیان کردی.

بەخوا خەون بە ماییینەکەمەوە دەبینم، وەک دایکێک دێتە خەونم و بەسەرمدا دەگریی و گازندەی هەموو دونیا دەکات. لێی دەپاڕێمەوە بمبووریّ کە لە توانای مندا نەبوو جێهێشتن و بەرەڵڵاکردنیان. خۆ بەخوای خاوەنی خۆشمان نەبووین، لە ئێوارەیەکی درەنگوەختدا ئاگاداریان کردین شرۆشالاّتی ماڵ بپێچینەوە و لەوبەری مالاّن، خۆمان کۆ بکەینەوە بەدوای نادیار بکەوین، کەس نەیدەزانی بۆ کوێمان دەبەن و لەکویّ فڕێمان دەدەن.

هەموو ئەو شتانەمان جێهێشتن کە عەیامێک بوو لەگەڵیان دەژیاین و بەیەکەوە گەورە ببووین. پێم گوت: "ماییینە جوانەکەم، ئەی جوانتر لە هەموو یادگارییەکانم، بمبوورە خەتای منی تێدا نییە کە جێتان دەهێڵم و ئەوە دوژمنێکی نەگریس و بێویژدانە ئێمەی لەت کردووە، ئەوە زەمەنێکە ژیانمان پارچەپارچە دەکات و گویّ بە هیچ ئەوینێک نادا." چووین بۆ سەر کانییەکە، ئەخت و چارم کرد ئاوی نەخواردەوە، لەوە گەیشتم کە نیگەرانە لێم و نایەویّ لەگەڵم ئاشت بێتەوە، دەی شەو نییە خەونیان پێوە نەبینم.

هەموو خۆشەویستی ئەوانم بەو ئەسپەوە گریّ داوە، دەمێکە بیّ سۆراغ و بیّ هەواڵیانم، نازانم لە کام خەندڕک و دۆڵ و شیودا، گورگ خواردوونی یان چۆن کۆتاییان پیّ هاتووە، دڵم نایە بڵێم تۆپیوون چونکە هێندەی خۆم خۆشم خۆشم دەویستن. وایە بۆ مایین و کەر و هێستر، تۆپین بەکار دێنن، بەلاّم من نامەوێت ئەوە بڵێم. خوا دەیزانێت چییان بەسەر هاتووە!"

حەسەن سوورمە گوتی: "چاک بوو ڕوخاندنی خانووەکانت بە چاوی خۆت نەبینی! وێرانبوونی کانی و مزگەوت و سووتاندنی قورئان و جزووەکانت بەچاوی خۆت نەبینی! دەزانی برینی ئەو وێرانییە چەندە کاریگەرە؟ نەمهێشت ئایشێ و عەلیم لێ دوور بکەونەوە، وەک خۆمان دەژیان و ئاگام لێیان بوو.

ئیدی ئێمەش دەرد و کوێرەوەری زۆرمان بینی، دوای ڕۆیشتنی تۆ و گرتنی عەولاچرچ و بزربوونی سوارە ژیانمان لێ بوو بە دۆزەخ، لەدەست دوژمن هەر ڕاکەڕاک و خۆشاردنەوەمان بوو. چەنگەڕنێ دەکەین تا نەکەوین و سەربەرزانە خۆمان بەخێو بکەین و سەرشۆڕ نەبین. ئێستا خەریکە ئاسۆیەک بۆ من هەڵدێ، خەریکە تۆزێک ئۆخەی دەگەڕێتەوە ناومان، پەیدابوونەوەی تۆ پەنجەرەیەکی بە ڕووماندا کردۆتەوە. بەیەکەوە دەبین مەگەر قەدەر جیامان بکاتەوە، دەنا ناهێڵم بۆ هیچشوێنێک بڕۆی."

سەلاوەتی گوتی: "سپاس پەروەردگار! سوپاس! چاک نییە حەسەن سوورمەم هەیە، ئیدی بۆچی دەبێ شوکرانەبژێر نەبم؟

## چوار

سەلاوەتی، دەبوو بیرێک لە شووشتنی کچۆڵەکانی بکاتەوە، چۆن بتوانێت، مەنجەڵێک وەربگرێت و لەڕووی بێ، بە بەس چۆلەکە بڵێ، ئاخر بەس چۆلەکە ڕەنگە ڕێگە نەدا بچم لەدەم چۆمی تەنیشت ئۆردوگا کولێ بکەم و منداڵەکان بشۆم، دەڵنیام بەو کارەم ناڕەحەت دەبێت، بەلام دەزانم منداڵەکان هەر ئاوا ئاسوودە دەبن!

ئیدی سبەینێ زوو، کاتی دەستنوێژهەڵگرتن، کاتی دەرکەوتنی وێنەکانی سپێدە، کاتی پەیدابوونی قاسیدەکانی خۆر، کاتی پەیڤینی ناخ لەگەڵ خودا، پەناو پەسیوەکانی نزا، هاتنی ڕۆژێکی نوێ، دانیشتنی ئازارێکی دی و خۆخەریککردن بە لەبیرچوونەوەی ڕووداو و کارەساتەکان، لەپەنای دڵێکی هیلاک و مەلوول، لەپەنای بیرکردنەوە لە ڕاگرتنی دڵی زەمەندا، سبەینەیەکی دی دێت و تەنێ دەبێ بەرگە بگرم و ختۆکەی ئۆخژنی بخەمە باخەڵی منداڵەکان.

– دوای تاوگەرمبوون، منداڵەکان حەز دەکەن بچین بۆ ڕۆخ چۆمەکە، کاتێکی خۆش بەسەر بەرین و قابلەمەیەک مەنجەڵێکمان دەستبکەوێت و دەمەوێت کوڵێ بۆ منداڵەکان بکەم.

– چۆن دەبێ لەو دەرودەشتە، ئاخر منداڵەکان سەرمایان دەبێت، تۆ چۆن دەبێ کاری وا بکەی؟

– وایە، بەڵام هەر وا ئاسوودە دەبم و منداڵەکانیش ڕاهاتوون، بڕوا بکە بۆ جارێکیش لە گەرماو نەمشووشتوون. ئێمە هەر لە دەربەدەری و ئاوەرەییدا کوڵمان کردووە و دوای هەموو خۆشووشتنێکیش منداڵەکان سەلامەت بوون و تووشی گرفت و نەخۆشی نەبوون. دەزانم ئێوە هەمیشە ژنێکی میهرەبان و خاوەن ویژدان و بەهێز بوون، بەڵام، ئێمە ئاوا ئاسوودە دەبین، لە ژیانی ئێمەدا حەمام و گەرماو نەبووە، یان سەرشۆرک، یان دەم ڕووبارەکان یان هەر خۆیان نەشووشتووە! کچەکان من نەیانشۆم بێتاقەت دەبن و لێم تووڕە دەبن. بەس بێ دەنگ، با سوورمەی برام

نەزانێت، ئەو بزانێ ڕەنگە ڕێگە نەدا، دەزانم خەمبار دەبێت و لە منیش بێتاقەت دەبێ.

– ئەی تۆ بیر لە دڵی من ناکەیەوە؟ نازانی چەند دڵم بە منداڵەکانەوەیە؟

– با زۆریش! بەڵام ڕەنگە منداڵەکان ئاوا ئاسوودە بن، حەز نەکەن لە گەرما و بیانشۆم، ئەوان بەو سەحرا و دەشتودەرە ڕاهاتوون. تا گەورە دەبن، دەبێ ئاگام لە ئاسوودەیی و دڵنەواییی ئەوان بێ، دەزانم دڵی ئێوە چ دەڵێ، بەڵام دەمەوێت ئاگام لە دڵە بچکۆلانەی کچەکانیش بێ، ئێوە فریشتەن و لە هەستی ئێوە تێدەگەم.

بەناچاری، مەنجەڵێک و سابوونێک و لفکەیەک کە لەپەڕۆیەکی زبر دروستکرابوو دایە دەستی، تا حەسەن سوورمە نەڕۆیشتە دەرەوە سەڵاوەتی خۆی لەو باسە نەدا، منداڵەکانیش لە شیرینی خەودا بوون. سەڵاوەتی وەختی تاوگەرمبوونێ دەستی منداڵەکانی گرت و بێ ئەوەی حەسەن سوورمە هەستی پێ بکا، ڕۆیشت و بەهیوای کوڵێ بۆ کچەکانی بکات و جلەکانیان بشوات و ئەمڕۆش بخاتە سەر ڕۆژەکانی دیکە.

## پێنج

ئەوەندە هۆگری کچەکانی ئەحمەد سەڵاوەتی ببوو، لای زارا، دونیا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتبوو.

لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "خودا ئەو هەموو دەرگایەنەی داخستوون، قابیلە دەرگایەکی دی بەڕووماندا نەکاتەوە! بۆچی، خۆ پەڕی

قورئانمان نەسووتاندووە، خۆ کەعبە کەچ نابێت با تۆزێک دڵمان خۆش بێت، با ڕۆژێک بڵێم ئۆخەی!

دەبوو من کوڵی چیمەن و دیمەنم کردبا، دەبوو نەمهێشتبا بەڕێز سەلاوەتی بیانشوا و جلکەکانیان بشوات، ئاخر دەمزانی وا زوو بۆم دەستەمۆ نابن و هێندە ئاسان ناتوانن ئەو سۆز و خۆشەویستییەی باوکیان دوور بخەنەوە!"

شەوانە، بە جووتە لەسەر سینگی سەلاوەتی خەو دەیانباتەوە، گوێم لێ بوو چیمەن دەیگوت: "بابە ئەی تۆ کەی ماڵمان بۆ دادەنێی و کەی ئێمە دەچینە ماڵی خۆمان؟"

– ڕۆڵە ئێرەش ماڵی مامی خۆتانە، بێخەم بن، هەوڵ دەدەم هەموو شتێک بەدڵی ئێوە بێت"

– باشە بابە توخوا بەس تۆ بمانشۆ، بەس تۆ جلکەکانمان بۆ بشۆ، پێم خۆش نییە لە ماڵەوە خۆبشۆم و دیمەنیش هەر وا حەز دەکات، چەند ڕۆژە دادە زارا دەڵێ دەچین بۆ حەمام و دەتانشۆم، پرچتان بۆ شانە دەکەم و جلکەکانتان دەشۆم، زۆرم دادە زارا خۆش دەوێ، زۆر زۆر ماچمان دەکات.

– ئاخر هەموویان ئێمەیان خۆش دەوێت، ئێرە ماڵی مامی خۆتانە، بنوو کچە شیرینەکەم، سبەینێ زوو دەچین بۆ سەر ڕووبار و خۆمان کوڵێ دەکەین.

ئیدی دەمزانی کچەکان چەند هۆگر و وابەستەی سەلاوەتین، دەمزانی گەر من کارێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدەم جگە لە زوویرکردنیان چاکەیەک ناکەم، بۆیە وردە وردە دەبێت لەگەڵیان

لەسەرخۆ بم، دەبێ نەهێڵم بە هیچ لایەکدا بڕۆن، وا بکەم ئێرە بە ماڵی خۆیان بزانن و بیر لە ڕۆیشتنیان نەکەنەوە، ئەوەتا مووسا و دایک و باوکیشم هەر وا بیر دەکەنەوە، کوا بەڕێز سەلاوەتی بەرگەی ئەو هەموو دابڕان و ئازار و دەردەسەرییانە دەگرێت؟ ئەو دڵی پارچە پارچە بوو، ئەو ڕۆحی ئاژن ئاژن بووە، هێشتا زامی دوورەوەلات و دەربەدەری و کۆستکەوتنی لەیاد نەچۆتەوە! مەرگی ئایشێ و دیار نەمانی چارەنووسی عەلی و شکاندن و تۆمەتەکانی ئاوایی و ئەو هەموو زامانە کوا سارێژ دەبن؟ دەبێ ئێمە بتوانین دەستباری بۆ بگرین و نەهێڵین بکەوێت.

# چاوەڕوانی هاتنەوەی مووسا بوون

## یەک

بانگی شێوانی دابوو، واشی بڕیار دابوو ئێواران درەنگ نەگەڕێتەوە، بەڵام ناچار بوو ئەو ئێوارەیە درەنگ بگەڕێتەوە. هەموان چاویان لەڕێ بوو، مووسا ئەمڕۆ وەدرەنگ کەوت، بەس چۆلەکە دەیگوت: "خودایە مووسا چەپاڵە بدە و جارێکی دی بەرگە ناگرم، ئەوە عەیامێکە من و حەسەن سوورمە جارێک جەرگمان سووتاوە، تا دەمرم هەر دەبێ بۆ سۆراغی سوارە بگەڕێم و نایدۆزمەوە، ئەو لە خەیاڵ و بیرکردنەوەماندایە، ڕۆژێک نییە، سوارە بەدەم زەردەخەنەوە سڵاوێکمان لێ نەکات و بەبەردەممماندا نەیەت، وەک برووسکە دێت و دەڕوا و بزر دەبێت، ئەو هەر کە هاتە دونیاوە جیاواز بوو، وەک فریشتەکان دەردەکەوت!"

دەیگوت: "خودایە چی تۆ بیکەی ئەویان جوانە، شوکرم بە بەشت."

هەموو لە چاوەڕوانیدا بوون، سفرەی نانخواردن ڕاخرابوو، مووسا وەژوورکەوت و سڵاوی کرد، بینی چیمەن و دیمەن، ئەمڕۆ جۆرێک ڕەونەقیان هەبوو جیاواز لە ڕۆژان، بە ئەسپایی چووە پێشیان، نزیک بۆوە و ماچی کردن: "چەند جوانن گوڵەکانی ماڵ، ئەو ماڵە ئێوەی تێدا نەبێ تاریک دەبێت، بێ ئێوە ڕەنگە منیش نەیەمەوە، ئای چەند دڵخۆشم کە ئێوەم هەیە!"

سەڵاوەتی بەپەرۆشەوە چاوەکانی بڕییە مووسا و گوتی: "ئاخر ناکرێ جارێکی دی هێندە درەنگ بێیەوە، نابێ ئەوە لەگەڵ ئێمە بکەیت، خەریکە ڕادێم ئولفەتم بە ئێوە گرتووە، لە چاوی ئێوەدا عەلی دەبینم، دەزانم خودا نەکردە ئێوەشم بڕوات ئیدی تاهەتایە لەخۆم خۆش نابم، پێ و قەدەمم بەخێر نابێت، دەستم دامێنت مووسا!"

زۆر لەسەرەخۆ و بەسەلیقەوە، مووسا گوتی: "ئێوە چۆنتان پێ باش بێ وا دەکەم، ئەمڕۆ لە دەست خۆمدا نەبوو، بەدوای هەواڵێک کەوتم ڕەنگە دوایە بەخێر بگەڕێتەوە. پەلەم لێ مەکەن، ئەو چەند ڕۆژە ڕووداوی خۆش و گرنگ دێنە پێش."

حەسەن سوورمە واقی وڕما! گوتی: "خودا لە زارت بڕوانێ، ئێمە عەیامێکە بەدیار هەواڵێکی خۆشەوەین، ئاخر خۆ دروستکردنی ماڵ و کاروکاسبی و ژیانمان لەسەر خەم و ئازار ڕۆناوە."

مووسا: "ئەمڕۆ نامەیەکم دۆزییەوە، چەند شتی سەیرم تێدا بینی! لە نامەکەدا باسی سۆراغی عەولاچرچ و چەند کەسێکی تێدا بوو، بەپەلە نامەکەم گەیاندە کەسوکاری و زۆریان پێ خۆش بوو،

سەدجار خۆیان قوربان کردووم، ئیدی ئەو درەنگهاتنەوەم، پەیوەندی بەو نامەیەوە بوو."

سەڵاوەتی سوور بۆوە و فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتەخوار و گوتی: "عەلی هیچ خەبەری نەبوو؟ تۆ نامەکەت هەمووی خوێندەوە؟"

مووسا: "نەمتوانی هەمووی بخوێنمەوە، سبەینێ دەچم، ئەو ئێوارەیە درەنگ بوو، نەمویست چی دی دوا بکەوم، بەڵام با هەواڵی ئەو نامەیە هەر لای خۆمان بێت."

درەوشانەوەی هەمووان سرووتێکی جاویدانی ئۆخژنی بەخشی، ئومێدێکی نەبڕاوە باڵی کێشا، لێ قەلەقی و دڕدۆنگی خەریک بوو لە سینگی سەڵاوەتی دەبوو بە کۆتر و بەرەو ماڵی عەولاچرچ دەفڕی، لێک لێک دەستەکانی تێکوەدەپێچان و پەنجەکانی دەتەقاندن، دەستەکانی دەهێنان و دەبردن و باوەشی بە سوورمەدا کرد و گوتی: "ئێوە چ فریشتەیەکن بۆ من! ئێوە چۆن فریادرەسێکن خودا بۆ منی دروستکردوون!"

هەدادانی نەمابوو، ماخۆلانی بوو، دەیگوت: "دەبێ کەی ڕۆژ ببێتەوە؟ خودایە پشت و پەنام هەر تۆی، کەسێک پشت بە تۆ ببەستێ گومانی تێدا نییە سەردەکەوێت."

**دوو**

هەر کەلەکەوکەلەکەی دەکرد، خەو لە چاوی زڕابوو.

دەیگوت: "دەبێ سبەی بچم بۆ ماڵی عەولاچرچ، بزانم چ سۆراغێکم دەست دەکەوێت!"

وێنەی حەسەن سوورمەی باوکی، لەسەر پەنجەرەکە بوو، لە چوارچێوەیەکی دار گیرابوو، سواری ئەسپ بووبوو، ئەنگوچکێکی سپی بەستبوو و شەدەیەکی لە سەری نابوو، لە هەرەتی گەنجیدا بوو. زۆری تێڕاما و بیری ئێستای حەسەن سوورمەی دەکردەوە، چەند جەوانێکی لایەق و لەدڵاشیرین بوو، چەند ماقووڵ و لەبەردڵان بوو، شا بەو جلک و بەرگەی شەرم نەبوو.

ئێستا ڕەنگی ئاماڵ تلّخ و چرچ و ڕەش داگەڕاوە، دەبێ بۆ تاشینی ڕیشی چەرمی چەناگەی توونڕ ڕابکێشێ و ژێر چەناگەی مووسی تێ ناکەوێت، چاوەکانی قووڵ بوون و گوێچکەکانی تەپ بوون.

ئاخر گوێم لێ بوو بە دایکمی دەگوت: "بەسێ گیان وا بەرەو شۆڕبوونەوە دەچم، ئەوەتا پیری لە بڕکێی کردوومەوە، ئەوەتا شەو لەبەر ناڵین و ئازاری پشت و لاقم خەوم نییە!"

لەبەرخۆمەوە دەمگوت: "ئاخر بابم، بەو هەموو ئازایەتی و ماندووبوونەی خۆی ئێستا وا بێئومێدی لێ دەچۆڕێ، ئەو شتێکی بەسەر بێت بۆ من کارەساتە."

ئەو بیرکردنەوانە هەراسانی کردبوو، نەیدەهێشت بیرکردنەوەی بە ئاقاری باشدا بڕوات، سەری لە خۆی شێواندبوو.

حەسەن سوورمە لەپێناو ڕزگارکردنی چۆلەکەیەک پەنجەیەکی خۆی بەخشیبوو، بۆ ماڵ و منداڵی هەموو ژیانی دانابوو، ئەو لەگەڵ

نەخۆشکەوتنی ئەسپەکەی دونیای لێ وێک دەهات و قنیاتی نەبوو، ماخۆلانی بوو، هاوڕێیەتی و دۆستایەتیی سادقانەی سوورمە دەنگی دابووەوە، لە دەوروبەری ناوچەکەیان بۆ خاوێنی و دەستپاکی و ڕاستگۆیی تاک و تەنیا بوو. هەمیشە بۆ ماڵی عەولاچرچ و سەلاوەتی دەستی کراوە بوو، وەک ماڵی خۆی ئاگای لێیان بوو.

ئێستا وەک دوو برا، سەلاوەتی و سوورمە شەنوکەوی خەمەکانیان دەکەن: "ئای سەلاوەتی چەندمان دونیا قوونەکەو کرد و هیچمان بە هیچ نەکرد! دونیا وەک قوماری مندالان وایە، وەک تراویلکە وایە، برینەکانمان چەند قوولن! خەمەکانمان چەند زۆرن! دەی دەبێ لە بەردی خۆمان بشکێنین، دەبێ ددانی پێدا بنێین کە تازە تیری مە لە کەوان دەرناچێت، هەر ئەوەندە ئاو لە دوو بێلمان هات، دەبێ خەریکی خۆخڕکردنەوە بین، تروسکەیەک کە شکی دەبەم ئێوە و مندالەکانن!"

سەلاوەتی هەناسەیەکی قوولی هەلکێشا و بەحەسرەتەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی: "خودایە تۆی کەسی بێکەسان، چەندە ماندووم، چەندە بە پەرۆشم بۆ عەلی، دەترسم پێی نەگەمەوە، ئاخر بینایی چاوان خۆ من جگە لە میهرەبانی تۆ ئومێدێکی دیکەم نییە، ئەوەتا زەلیل و کەنەفتم، ئەوەتا لەبەر قاپی تۆ دەکەوم و لێت دەپاڕێمەوە کە تروسکایم بۆ بگێڕییەوە، ئەوجار مردن حەقە و ناحەق نییە."

نێوانی حەسەن سوورمە و سەڵاوەتی هێندە خۆش بوو، بەدرێژاییی تەمەن ڕۆژێک نیگەرانی و دڕدۆنگی لە نێوانیاندا ڕووی نەداوە، وەک دوو برا ئاوێتەی ڕۆحی یەکتر ببوون.

**سێ**

هەر لە خەیاڵی چوونمدا بووم، سبەینێ زوو خەبەرم بۆوە، ئێوارە گۆرەوییەکانم شووشتبوو و لە تەنافەکەم کردنەوە. خۆم گۆڕی و هەندێک گەندەموو بە چەناگەم و ڕوومەتمەوە بوون، خێرا بە مەکینە لێمکردنەوە و خۆم پۆشتەوپەرداخ کرد، دایکم منی بینی هێندەی پێ خۆش بوو گوتی: "خوایە کەس بە چاوی من تەماشات نەکات."

زیاتر کەیفم بە خۆم هات، دەمگوت: "سوڕەییا ئاوا بمبینێ؛ شنەبای سپێدە پرچەکانی لا دەدام و بە بۆنی ئەو عەترەی خۆم گوشاد دەبووم، لەبیرمە تازە ئەو بۆنەم کڕیبوو، دوای خۆشوشتن و خۆ گۆڕینم چەند دڵۆپێکم بە جلکەکانمدا کرد بەرامەی چەند مەترێک دەڕۆیشت، هەستم دەکرد ئەوانەی بەتەنیشتمدا دەهاتن هەناسەی قووڵیان هەڵدەمژی." زارای خوشکم بۆی گێڕامەوە دەیگوت: "ئەو ژنەی جیرانمان گوتوویەتی مووسا بەلامدا تێپەڕی چەند بۆنێکی خۆشی بەخۆیدا کردبوو، خوا لەچاوی پیسی بەدوور بکات چەند کوڕێکی شیرین و خاوێنە."

تا ئەو بۆنەم بەخۆمدا کرد، بیرم بۆ قسەی ئەو ژنە دەچوو، دەمگوت: "دەزانم ئەو شەوەی لای سوڕەییا بووم چ چێژێکی لەو بۆنە وەرگرتووە، دەزانم چەندە حەز بەوە دەکات من گرنگی بەخۆم

بدەم، ئاخر جەرجیس جگە لە بۆنی عەرەق و چەوریی گریس و پۆخەڵی دەم و چاوی، بۆنێکی خۆشی لێ نایە. ئاخر میهرەبانی سوورەییا، پاک و تەمیزی و ڕوونیی پێستی سوورەییا گوناح بوو دڕندەیەکی پیس بۆنی پێوە بکات!"

لای خۆم هەمیشە ژوانەکانم دەنەخشاندن و بستبەبست باڵام پێ دەکردن، ئۆخژنیم دەهات، چاوم بە هەموو ساتەکانی ژواندا دەگێڕا، لە یادداشتەکانی خۆمدا بە ڕەنگی برۆنزی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆحم دەمنووسین و نەمدەویست بگەچڵێن، نەمدەویست چریکە ترساوەکانی ناخم بشکێن و هەمیشە بە فوارەی ماچەکانی سوورەییا ژێرم دەکردنەوە، بە سەمای چاوەکانی سوورەییا دیقەتە جێماوەکانم دەگەشاندنەوە.

کلیلەکانی دوکانم هەڵگرتن و ڕۆیشتم. تۆزێکی دی دەچم بۆ ماڵی عەوڵاچرچ، بابم و ئەحمەد سەڵاوەتی لە بیری گەڕانەوەمدان، بەڵکو هەواڵێکی چاوشینەکەی مام سەڵاوەتی و هەواڵی عەوڵاچرچ و دەنگوباسی دیکە چی هەبێت بیبەمەوە. بەڵکو چی دی لەژێر ئەو خەم و دڕدۆنگییەدا نەمێنینەوە و دڵخۆشی و شادی و سەفا بگەڕێتەوە لامان، بەڵکو دڵی هەلابەهەلای سەڵاوەتی ئۆخەی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵکو تەم و تاریکی لە ماڵی عەوڵاچرچ باری کردبێ و سبەینێیەکی نوێ و خۆرێکی تازە لە کڵاوڕۆژنەی ماڵەکانماندا بڵند بێت.

ئیدی دەبێ بچم، یاساوڵەکانی بەعس دیقەتەکانیان وردن دەبێ زۆر بە نەهێنی بچم. بە بیانووی بابەتێکی کۆمەڵایەتی بچم، هەرچەند لەگەڵ بابم سنوور نەمابوو، وەک برازا و ماڵی برا دەیڕوانییە ماڵی عەوڵاچرچ.

دیتم شەوق و زەوقێکی تایبەت، وێنەیەکی ڕووناک، سپێدەیەکی درەوشاوە، دڵخۆشی جمەی دەهات و نەغمەکانی ئاسوودەیی دیوەکانی ماڵی عەوڵاچرچی پڕپڕ کردبوو، بەدەم پێکەنین و گەشیی دەم و چاویانەوە دەتخوێندەوە، هیوا لە ڕۆحی هەموویاندا سەوزە، ئەمشەو خۆر لە دیدی ئەواندا دەبریسکێتەوە، بە ژوور کەوتم، بە باوەشێکی گەرم و بە ڕژانی خەندەکانی ئاسوودەیی و بە جمینی ئۆخژنییەکانی دڵنەوایی، ژنی عەوڵاچرچ گوتی: "دەبێ تا هەواڵەکە ڕوونتر و دروستتر دەبێ تۆزێک نهێنی بێت، هەواڵەکان خۆشن، هەموویان ماون، هەواڵ هەیە ڕەنگە بەر لێبووردن بکەون یان وەزعی ناوچەکە بە جۆرێکی دی دەبێت، نامەکەت دەدەمێ بیپارێزە، بیبەوە بۆ ماڵەوە، هەواڵی خۆش بدە بە سەلاوەتی، دەزانم بابت و دایکت چەندە دڵخۆش دەبن، چونکە ئێمە یەک خێزان و یەک ئازارمان هەیە."

نامەکەم وەرگرت و گەڕامەوە، چووم بۆ دووکان، دڵم زۆر خێرا لێی دەدا، تا دەچمەوە بۆ ماڵەوە دەیخوێنمەوە، بەپەلە بووم تا دێڕبەدێڕ نامەکە تەماشا دەکەم، ئەو بەیانییە شڵەژان و قەلەقیم زۆر پێوە دیار بوو.

## چوار

دڵی لە مستێدا بوو، بەدیار هاتنەوەی مووسا چرکەساتەکانی دەژماردن، دیقەتی دابووە سێبەری دارتووەکە، دەیڕوانی ئاخۆ خەریکە سێبەرەکە ڕێک دەبێ و بەوەش دەردەکەوێت ئەوە وەختی نیوەڕۆیە.

نەیدەویست خۆی وا نیشان بدات کە هێندە بێ ئیرادەیە! نەیدەویست هەستی پێ بکەن کە خەریکە دڵی لە چۆغەڵەکەی دێتە دەر، لێک لێک دەستی بۆ تاسەفافۆنەکە دەبرد و قومێک ئاوی دەخواردەوە.

دەیگوت: "دەبێ چ مەحشەرێک دروست بێت؟ دەبێ ئەو ساتانە کەی بێت، عەلی لە ئامێزی خۆمدا ببینمەوە؟"

زۆرجار لە بێئاگایی و چوونە ناو داڵغەیەکی قووڵەوە، دەستەکانی ڕادەوەشاندن و دەیگوت: "صلی علی محمد. "

لە سووچی کۆڵانەکە مووسا دەرکەوت، سەلاوەتی دۆش داما، سەری خوارکردەوە و بەخێرایی دەستی کچە بچووکەکەی بەردا، ڕووی لە مووسا کرد و گوتی: تو خودا موژدەم بدەیە! تو خودا هەواڵی خۆشم پێ بڵێ!"

دەی مووسا، بە حەوسەلەیەکی نەرم و بە نیگایەکی پڕ لە خۆر و بە ڕوویەکی پڕ لە شەوقەوە چووە پێش و گوتی: "ئەوەتا هەموو هەواڵەکان لە نامەکەدان، دڵخۆش بن و شایی بکەن، سپاسی خودا بکەن، کە عەلی و عەولاچرچ هەواڵیان هەیە."

لە حەژمەتی ئەو خۆشییەدا، حەسەن سوورمە پەشۆکا، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئەشک بە چاوەکانیدا هاتە خوار، چاوی بڕییە سەلاوەتی و پێی گوت: "چەند ساڵە لەو بێدەنگییەدا خەریکە گول دەبم، خەریکە هەڵدەوەرم، خەریکە بەدوای خەتایەکدا دێم ناتوانم بیوەستێنم."

سەڵاوەتی گوتی: من لەو تاریکایی و نا ئومێدییەدا تاکە ڕوناکاییەک شکم دەبرد تۆ بووی! پشتوپەنا و کۆڵەکەی ڕاوەستانی من بووی!"

لەپەنای دەنگە خەفەکراوەکاندا، مووسا گوێی هەڵخستبوون، لەو شەڕابە دەگەڕا بە قوڕگی شەوی دەیجووریدا بکات، مووسا دەیگوت: "ئای زیندەگی ئەو ڕۆژانە چۆن بنووسینەوە، کە ناخی سەڵاوەتی وەک باران ڕێژنەی ئازارەکانی بوو، چۆن دەمی ئەو گۆرانییانەی لە هەناوی سوورمەدا دەیان چریکاند و دەواری تاریکیان تەی دەکرد."

ئاخر دەبێ مووسا بەو ڕێگەیەدا بڕواتەوە کە ژوان پێچابوونییەوە و لە قوژبنی کۆڵانێکی عاشقدا جێی هێشتبوون. مووسا بەشێکی ئەو عیشقەی خۆی ئاوێتەی زەمەنەکان کردبوو، زۆرجار وەک شاعیرێک دەیویست ئەو حاڵەتانە بکاتە گۆرانییەک و شیعر بڵێت، لە بەربەڕۆچکەی ئەوینی خۆیدا وەنەوزی خەوێکی قووڵ بدات.

دەیگوت: "ئەو ڕۆژانەی لەوێ بووم، شیرینتر بووی، هێشتا بیرم بۆ ئەو ساتانە دەچێتەوە، تا قەدەرێکی دیکەش هەر دەچم بۆسەر خوێندنەوەی نامەکان، دەچم خۆم لە تاریکایی دەشارمەوە تا ئەو شتانەی کە شەرمم دەکرد پێت بڵێم، لەوێ بەدەستی بهێنم."

ئاخر ماچێکی تاریکی، گەوهەری ڕۆحێکی گەرم، برووسکەیەکی لەززەت، حەسانەوەیەکی سەیر دەخەنە دڵەوە. بەیەکەوەگرێدانی بابەتەکان، لێکنزیککردنەوەی ڕووداوەکان، تێکەڵکردنی سەردەمەکان، دەبوون بە چرکەساتی عیشقی مووسا، پێ دەچێ لە زەمەنێکی دیدا، هەمووان بێنەوە بەر ڕووناکی و سەمای ئێوارەکان ڕۆشنتر بکەن.

# ژێربوونەوەی شەوێک!

## یەک

وەختێکی پڕ جوولە بوو بۆ من، شەوانە بە داڵغەی سوڕەییاوە دەخەوتم و جەستەم گەرم گەرم دەبوو، بۆسۆ لە هەناوم هەڵدەستا.

دەبوو پێش ئەوەی بخەوم ددانەکانم بشۆم و بەدەم گوتنی گۆرانییەکی هێمن و بە ڕیتمێکی وروژێنەر، لەبەرخۆمەوە دەنگم بەرز نەدەکردەوە، ئاوەڵی ئەو ساتانەم دەهێنایەوە لای خۆم، بۆ ئەو ساتانە دەگەڕام تا هەست بە غەریبی نەکەم و دووڕ و تەلایەک لە بیرەوەرییەکانم دادەگیرسێنم، کۆلکەزێڕینە دێنمە ناو گێڕانەوەکان، لە کەلێنی یادەوەرییەکانیشمدا، دەست بۆ خەم و غەوشەکانی خۆم دەبەم و دەپڕژێمە سەر ئازارەکانی بابم و سەلاوەتی، کۆیان دەکەمەوە، پێڵووی چاوەکانم لێک نانێم و دەگەڕێمەوە بۆ نامەیەکی سوڕەییا، کە لە دەریچەی ڕۆحێکی سووتاودا بۆی نووسیبووم،

وەڵامی خەونێکی بۆ ناردبووم و دەملاواندەوە. بەدزیی ئەوانی دی دەمخوێندەوە، لێی بێتاقەت نەدەبووم، وەک وێردێک دەمخوێند و پەرجووئاسا دەیبردمەوە ئاسمان، خوڵقی خۆخزاندنم زیاتر بوو بۆ شەوێکی دیکەی بەیەکەوەبوون، دەمخواست شیعر بۆ تاریکی بنووسم و لە نیوەشەودا بەدەست لێدانێکی هەرزەیی مەست مەست بم، دەمویست ختۆکەی ئۆخژنی ژوان بکەمە مۆمێکی هەمیشەیی. ئاخر، بەو سانایەش نییە سرووتێکی خالق فەرامۆش بکەی. ڕەنگە بەوێداهاتنەوەی من بڕێک لە سەماکانی ئاسمان نزیکم بخاتەوە، تۆزێک لە ترساندنی شکان دوورم بخاتەوە، لە ژێر لێفەکەمەوە، ڕیتمی نامە و پەیڤەکانی سوڕەییا دابەزی و گوتی: "بەڵێ ئەو ڕۆژە پێم گوتی؛ لەگەڵ بیرەوەرییەکانمدا، لەگەڵ ئارەزووی فڕیندا، لەگەڵ دەنگی هاتنی تەنیاییەکان و شۆڕبوونەوەی ئەو سروودانە بووم بۆ مانەوە. پێم گوتی؛ بسمیلکردنەوەی بەردەکان، هەستی شاخ وێران دەکات. چاوی کانییەکان تووڕە دەکات و هیچکات لەگەڵ برووسکەکانی ماچ ئاشت نابێتەوە. دەی هەر کە خەوتم، لە تاریکیدا، دەستم بەر دەستت دەکەوێت و بەیەکەوە ساباتێکی چکۆلە، لە عیشق دروست دەکەین. بەیەکەوە لەتەنیشت ڕووبارێک شەڕاب و بەدیار گەورەبوونی چنارێکەوە دانیشتووین. وا ڕاهاتووم، لەودیو تاریکییەوە ئەو شتانەم خوێندۆتەوە، کە چریکەی عیشقیان تێدا بڵند بووە، هەر ئەوەش بوو، لە تاریکیدا ڕووناکاییی شیعرەکان دەبینم و مەشخەڵی ڕامووسینەکان شایی دەکات. پێم گوتی؛ بەو بارانە وێنەی سەر بەردەکان ڕەنگ دەکرێن. دەزانی شیرینیی تۆیە دەمباتەوە بۆ

ماڵیبوونی دڵ و کەوتنم لەبەرقاپی تۆدا! بۆیە دەمەوێت ڕژانی چێژ و ڕاموسینەکان کۆ بکەمەوە و سبەی لەسەر بەردێکی شین ببیان نووسمەوە."

**دوو**

مووسا بۆ دڵخوازەکەی خۆی، لەپەنا هەموو کەوتنەکانیدا بەشێکی بۆ هەستانەوە هێشتبۆوە.

ئەو لەگەڵ گوناهدا دەستی تێکەڵ کردبوو، نەدەپرینگایەوە، فێری ژوانگەکانی ببوو، دەستی لە سەر پشتێنە مەخمەڵییەکەی سوڕەییا بوو، خۆی لە دەنگی سوڕەییادا دەدیت، هەستی دەکرد شەو لە مەمکدانەکەیدا دەخەوێت و دەمی ناوەتە نێوان هەردووک مەمکی. مووسا سڵی نەدەکردەوە حەیای لێ هەڵگیرابوو، دایکی بە حەسەن سوورمەی دەگوت: "لێم ڕوونە مووسا خۆی بەسەر پەلێکیدا دەدا و بە هیچ وەک خۆمان لێ نایەتەوە! ئەو کوڕە جحێڵەیەکی جوانە، بەخوای دەیان گەورەکچ ملی خۆیانی بۆ لە چەقووی دەسوون!"

سوورمە زۆر بیری لە قسەکانی دایکی مووسا دەکردەوە، دڵی نەدەهات دڵی مووسا بشکێنێت!

دەیگوت: "ڕۆڵەگیان ئاگات لە کەسایەتیی خۆت بێت، ئەوەی بە گەنجی زۆر خۆتی بۆ ماندوو دەکەی بە پیری دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە، هەر بابەتێک بۆی دەچیت ژیرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە."

مووسا دەیگوت: "کتێبی ڕوخساری خودام خوێندەوە، دڵدار بە دڵبەرەکەی دەڵێ: "لە دووڕیانێکدام، یان دەبێ خودا فەرامۆش بکەم یان تۆ! ئاخر ئاوێتەبوونی تۆش بۆ من وایە، دەستبردن بۆ لادانی پرچت و چاوخزاندنە ناو نیگات و شۆڕبوونەوەم بۆ ناو سینگت، هەوەسم لە جێی خۆی نامێنێ و دەستم لە گوناح گیر دەکات، پەروەردگار ئەو ڕێگەی کلۆم داوە، لەو دووڕیانە دێمە دەر، خۆم لە سەر سینگت دەبینمەوە، تەڕ تەڕ دەبم لە ژێر نەفرەتی خودا و لەگەڵ تۆ ئاوێزان دەبم.

که بە خەنیبوونی خۆم و شکاندنی پەرژینەکان و سەوزبوونی ئەوینم لە ئامێزی تۆدا دەدرەوشێتەوە، بڵند دەبم، باڵ دەگرم و لەوێوە سپاسی خودا دەکەم بۆ هەبوونت.

بەڵێ پێم گوتی: "بە تاریکیدا دێم و گوێ لە پەیامی کتێبەکان ناگرم و لەوێدا پەنجەم گریانەکانم دەنووسنەوە، شەیداییم دەکەنەوە بە برووسکە و لە ڕۆخ تۆوە نوێژی سپاسگوزاری دادەبەستم."

گوتت: "تۆ شێت بووی بەو ئەنگووستەچاوە؟"

گوتم: "ڕەنگە شێتبوون نیعمەتێک بێت و لە سەرابی بێئۆقرەیی دەربچین."

# مامۆستای شۆڕش

## یەک

ئەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەبەر ڕژێمی ئێران ئاوارەی باشووری کوردستان ببوو، دەیانگوت: "لەگەڵ هێزە کوردییەکان بووە و مامۆستای شۆڕش بووە، پیاوێکی داڵەگۆشت و شیرین بوو، زۆرجار لەسەر دوکانەکەی کتێبێکی دەگرتە دەست و دەیخوێندەوە، سەرەڕای ئەوەی مەشرووبخۆر بوو، بەڵام دەوروبەری ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. گوێم لە بابم بوو دەیگوت: "جا کاکە خۆ کەس ناچێتە قەبری کەس، چ کارێکتان بەو پیاوەی هەیە، زیانی تەنیا بۆ قالبی خۆی هەیە، تا ئێستا بێئەدەبییەکتان لێ بینیوە؟"

تەمەنیشی هێندە زۆر نەبوو، لێ خۆی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی شیعر سەرقاڵ کردبوو. منیش، سورەییا هێنابوومییە ناو خەیاڵات و قسەپڕژاندن، زۆرجار لەبەرخۆمەوە دەستەکانم ڕادەوەشاندن و دەچوومە ناو دونیای خۆمەوە. مامۆستای شۆڕش

و دوکانداری، لام ببوو بە مەتەڵۆکە، دەبێ هەرچۆنێک بێت خۆمی پێ بناسێنم، ڕۆژێک یان چەند جاری دیکەش بۆ دوکانەکەم دەهات سەرم بۆی چاک دەکرد، گفتولفتی میهرەبانانە بوو، بەڵام زۆر کەمدوێ بوو، قسەکردنی نەبوو، پێی وا بوو زۆرگوتن کارێکی باش نییە، ئەو لە حاڵی خۆیدا بوو، وەک دەروێشەکانی خودا دەچووە خەڵوەتەوە، بۆ من ببووە جێی سەرنج و ڕوانینم، گوتم چ دەبێ با بێ دەچم هەندێک لێی نزیک دەبمەوە، ئیدی بڕیارم دا سبەینێ پێش ئەوەی دوکانەکەم بکەمەوە دەچم سەرێک لە مامۆستا دەدەم.

ئەو لەبەر تەنیایی خوی ون کردبوو! نەیدەویست تێکەڵی کەس بێت و کەس بیناسێ. گوێم بە هیچ قسەیەک نەدەدا کە لەبارەی ئەوەوە بۆم دەکرا، بۆ من گرنگ نەبوو چۆن دەژییێت و چۆن دەیگوزەرێنێت.

چووم بۆ دوکانەکەی و لێم پرسی: "زەحمەت نەبێ دەتوانم دوو خولەک لات دابنیشم؟"

گوتی: "بەڵێ دەتوانی دابنیشی."

ساردوسڕ بوو، زۆر بێخوڵق بوو، نەیدەویست خۆی وا دەربخات کە خۆشحاڵە. بانگی چایچیی گوزەرەکەی کرد و چایی بانگ کرد.

– لەو ڕۆژەوە تۆم بینیوە دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم.

– فەرموو، چیت هەیە بیڵێ.

– چی وای کردووە هێندە ساردوسڕ بی و هیچ خۆت بە دەوروروبەر خەریک ناکەی؟

کەمێک ڕاما، سەری دەقالان ناو هەڵتروشکا، بەحوزنەوە گوتی: "سارد نیم، لێ ڕەنگە کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ هەبن نەتوانم بەیانیان بکەم. ئاخر بۆچی دەبێ ببم بە ئەرک بۆ دۆست و خزم و ئەقرەبا؟ بۆچی لەو بیرکردنەوەدا بم، کە دەبێ ئەوان بەخۆمەوە مژووڵ بکەم؟ من ڕەنگە بەوە ئاسوودە بم تەنیا بم و گوێ لە ناخی خۆم بگرم، دەزانم ئەو دەوروبەرە هەمووی جێم دەهێڵن و تەنیا دەبم، لەبەر دەروازەکانی بێدەنگیدا دەکەوم و گوێم لە دەنگی پێی هەڵاتنی هەمووان دەبێ، گوێم لە پاڕانەوەی ئەو هەستانەم دەبێت، کە لە هەڵسوکەوتی ئەوانەوە هاتۆتە ناو بیرکردنەوەم، نامەوێت جەنگی دەروونی خۆم لە ماڵی کەس جێ بهێڵم، نامەوێ، بێدەنگییەکانی خۆم لەسەر سفرەی ئەواندا دابنێم و بەدیار گریانی منەوە دابنیشن و لەمنەوە بێئومێدی بڕژێت."

دەیگوت: "ئەو ساتانەی تەنیام، دەمەوێ بەگژ شیعر و چیرۆکی شێتەکاندا بچم و دێڕ بە دێڕ تەنیاییم دەبینم و هیچ نامەوێت لە سۆراخی خۆمدا قسەیەکم هەبێ، نامەوێت خۆم و ئەو شتانەش سەرزەنشت بکەم کە دەمکوژن، نامەوێ هیچ گوێ بە ژاوەژاوی ئەو شتە پوچانە بدەم، کە ناهێڵن گیانی تەنیاییەکان ببینم و بەدیار هەڵوەرینی خۆمەوە پێنەکەنم."

چایەکەم خواردەوە، ڕۆیشتم و پێم گوت: "ڕێگەم دەدەی ڕۆژێکی دی بێمەوە، تا ئەوینم بۆ فەنابوون بنووسمەوە؟"

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتم و دەگەڕێم، دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.

## دوو

یەکێکم دەبینی جارجارە سەری لە مامۆستا دەدا، سەری ماشوبرینجی بوو، تۆزێک دەلەنگی، سیگارێکی بە دەمیەوە دەگرت و سبەینان لەبەردەمی دوکانەکەی ڕووە و خۆرهەڵات سەری بڵند دەکرد و مژی قووڵی لە سیگارەکەی دەدا، هەزاران وشە و تابلۆ و وێنای غەریبیت لە نیگاکانیدا دەخوێندەوە!

هەمیشە کتێب یان ڕۆژنامەیەکی لەبن هەنگڵیدا بوو، لێی جوان بوو، نێوان قامکەکانی بە دووکەڵی جگەرە زەرد ببوون، سمێڵەکانی خەنەیی بوون، بەڵام سەیرەکەی لەوەیدا بوو، کە بەتەنیشتیدا دەڕۆیشتی، بۆنی عەتر و بۆنی گوڵاوی لێ دەهات لەجیاتی بۆنخڵتە و بۆنی ناخۆش!

بەڕێکەوت بۆ دوکانەکەم هات، سڵاوی کرد و گوتی: "دەمەوێت سەرم چاک بکەم."

گوتم: "فەرموو دانیشە، ئێستا کەمێکی دی بەچاوان."

هێندەم پێ خۆش بوو، دەمگوت کاتی سەرچاککردن لێی دەپرسم، بزانم هیچ هەواڵێکی مامۆستای نییە!

خولقم کرد، هەستم کرد دەیویست لێم نزیک بێت و بەیەکەوە ئاشنا بین، وا پێدەچوو بیهەوێت لە ڕێگەی سەرتاشینەوە خۆی بناسێنێ و ببین بە هاوڕێ.

نۆبەی هات، لەسەر کورسییەکە دانیشت و خۆی ناساند: "من شاکرم، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، لێرە خەریکی ددانسازیم و لەو کۆڵانە خانوویەکم گرتووە."

منیش خۆم ناساند و گوتم: "مووسا، کوڕی حەسەن سوورمە، لەو ئاریشگایە لەخزمەتدام، خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان."

زۆر خۆم هێناوبرد، هەندێک گفتوگۆ و پرسیارم لێی کرد، گوتم: "مامۆستایەک لەو سەرەوە دوکانێکی یاریی منداڵانی دانابوو، ئێستا نایبینم خۆ تووشی هیچ شتێک نەبووە؟"

گوتی: "دەی ئەوە زۆر ڕەفیقم بوو، بەیەکەوە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین، ئەو مامۆستای شۆڕش بوو، منیش کاری پزیشکیم دەکرد، ئەو شیعری دەنووسی و ئەهلی کتێب بوو، زۆر خولقی لەگەڵ نووسین و کتێب و خوێندنەوەدا بوو، بە کارێکی تایبەتیی خۆی ڕۆیشتووە، شمەکەکانی بە خاوەنی دوکانەکە فرۆشتۆتەوە، بە منیشی نەگوت بۆ کوێ دەچێت، وەلێ سەلامەتە و ماوەیەک خۆی بزر دەکات."

گوتم: "دەی هیوادارم سەرکەوتوو و سەلامەت بێت."

ئیدی ئەو نەیپرسی بۆچی پرسیاری ئەو دەکەیت.

وەختێک ناوی پێشمەرگەی هێنا، واقم وڕما و سەیرێکی دەوروپشتی خۆم کرد، ئاسوودە بووم، ڕۆحم لە تەبەقەکانی ئاسماندا شەقەی باڵی بوو، خەنیبوون و ئۆخژنی بە هەناسەکانمەوە نووسا، بۆ ئێمە زۆر بوو ناوی پێشمەرگە ببیستین و گوێمان لەو ناوە بێت!

بۆنی قەندیل و چیا و دۆڵ و بەرامەی کوێستانەکانی لێ دەهات! تاقی سەرم بە بۆنی پێشمەرگە ڕۆنیشت و چی خەرەند و هەڵدێر

هەبوو دەهاتە بەرچاوم، چی وێنە و سروودی شۆڕش هەبوو هەست و ڕوانینمی داگیر کردبوو. ئاخر دڵمان زۆر بە پێشمەرگە خۆش بوو، ئۆخەیمان بە پێشمەرگەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەهات، چاوم تێر نەدەبوو بۆ بینینی شاکر و دڵیشم بۆ مامۆستا لێی دەدا، ئەوان جلکەکانیان جیاوازتر بوون لە هی دانیشتوانی کۆمەڵگەکە، سەرشانیان کەتاف و سەرباسکیان جێگەی دوو قەڵەم و ڕەنگی جلکەکانیان خاکی بوون. بۆ من زۆر بوو وەک گەنجێک کە بە ناسینی شاکر ئاشنا بووم.

شاکر گوتی: "دەزانی ئێمە، واتا خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان لەدەست دەرەبەگ و ئاغاو کەسانی بۆرژوا ماڵوێران بووین!"

گوێم لە دەرەبەگ و بۆرژوا بوو، هەڵوێستەم کرد، ئەو وشانە چەند جاری دی بەرگوێم کەوتبوون، زۆر جار ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەم دەکردەوە، چێژم لێی دەبینی و ئەو وشانەم لەو ئێزگەیە گوێ لێ ببوون و چەند جارێکیش هاوڕێیەکم ڕۆژنامەی قاچاغی بۆ هێنابووم و ئەو وشانەم بەرچاو کەوتبوون، بۆیە دونیایەک دڵخۆش بووم.

تەنیا خۆم و شاکر بووین، شاگردەکەم لە دوکانەکە خەوی لێ کەوتبوو، شاکر گوتی: "ئێمە مناسەبەی یەکی ئایارمان دەبێت لەو گوندەی ئەولای یاڵەکە، گەر بانگهێشتت بکەم دێی؟ ڕەنگە هیچ موشکیلە نەبێت بۆ تۆ، ئێمە بە ئازادی ئەو یادە دەکەینەوە."

ئیدی ئەوە بۆ من بوو بە بابەت.

**سێ**

شاکر لەسەر کورسییەکە هەستا، شانەیەکی لە پرچی دا و گوتی: "مامۆستا عیشق لە سەری داوە، پێ دەچێت لە ئەشکەوتێک، لە کێویێک خەریکی فوغان و ناڵین بێت. ئەو لەسەر کارێک موسەللەت نییە، ناتوانێت بەردەوام کارێک بکات. پاییزی پار ئارایشگای هەبوو، نەیتوانی ساڵێک بەردەوام بێت، وەسایلەکانی حەللاقی هەرزانفرۆش کرد و وازی لێ هێنا، هاکا لە شوێنێک سەری وەدەرنایەوە.

ڕۆژێک بەیەکەوە دانیشتین قسەوباسمان بوو، ئەو عەجیب شەیدای کەسێک بوو، کەسەکەش بێ ئاگا لەوەی مامۆستا بۆی سووتاوە.

بە منی گوت: "سووتان و ئازارەکانم وەک بانگی موحەممەدی بە ئاشکرا باس بکە."

کە مەست دەبوو لاقی لە عەرزی وەدەژەنین و یەک بەو ژوورە هاواری دەکرد و بانگی دەکرد! کە مەست دەبوو هەموو گیانی دەبوو بە شیعر، دەبوو بە مۆسیقا، دەبوو بە نەغمەیەکی سپی سپی.

کەسایەتییەکی شیرین و لەبەردڵان بوو، خاوەنی نەریتێکی سەنگین بوو، هەمیشە ئەو دەستپێشخەری دەکرد لە دۆستایەتی، وەلێ ئەو ماوەیەی کە ئیشق لە کەلەی داوە، خۆی دابڕیوە و خووی داوەتە خوێندنەوە و نووسین و حەز بە تەنیایی دەکات.

دەمگوت: "مامۆستا تۆ گەر ئەوەندە بە پیر ڕۆمانسییەتەوە بچیت، خۆت دەکوژی."

دەیگوت: "دکتور گیان دروستە، بەڵام هۆکارەکەی ئەوەیە، یەک تەرِەفەیە عیشقی من، خۆ نازدارحەیران مێشیشی میوان نییە، تەنیا ئەو هەستی پێکردبا چەندە خۆشم دەویَ، ئەوجار بشمرم کێشەیەکم نییە."
پێکەنیم و گوتم: "دەی مەردی حیسابی، بۆ مەگەر مرۆڤ بۆ خۆشگوزەرانی عاشق دەبێت یان بۆ خۆکوشتن؟"
گوتی: "ئاخر گەر عیشق مردنی تێدا نەبێت پێی ناگوترێت عیشق، بەڵکو تەنها خۆخاڵیکردنەوەیە و هیچی دی."
پێمگوت: "زیندەگیی مرۆڤ ڕاستە گەر عیشقی تێدا نەبێت و دەردەکانی عیشق تێیدا ئاوێتە نەبێت، کامڵ نابێت، بۆیە مرۆڤ بیَ عیشق سەرکەوتوو نابێت.""
ڕێکەوتێکی باش بوو، دوکان چۆڵ و کەس بەژوور نەکەوت، دەمێکی باش لەگەڵ دکتۆر گفتوگۆمان کرد، تێگەیشتم مامۆستا بە دەردی عیشقەوە گرفتار بووە.

**چوار**

بەو نیوەڕۆیە، شاکر وەک پەیامبەرێکی عیشق هەندێک ئایەتی ژیانەوەی ڕژاند. بەشێکی لەو پانتاییە ئاماژە پیَ کرد کە سروشی سورِەییا دەیخستمەوە سەر جێگەکەی و تەختی نوستنی و ئاوێزانبوونی.
وەختێک تەنیا یەک نیگای لا دابوو، یەک نسێی لێم دابرِی، دڵی سورِەییام لە شێوەی بەرد هاتە بەرچاو!

گوتی: "تۆزێک خۆت دوور بگرە، ڕەنگە ئەو سووتانە بێ ئامانج بێت! لەوەیە ماتەڵبوونی ژیان بێ و هیچی دی، پێدەچێت جگە لە کوشتنی ڕەگی عیشق شتێکی دی نەبێت، خۆت پەنایەکی دی بگرە، با دواجار مایەپووچ نەبین و جەرگی دایکت بە کووچکی دانەدەم!"

خۆم وەک سەمایەکی شێت و خەراباتێکی پەژمووردە دەبینی، خۆم لە سووتانی مامۆستادا دەبینی، جیاوازییەک هەبوو، من و سوڕەییا لەوە گەیشتبووین کە چەند لە عیشقی یەکتریدا ئاوێتە بووین، لێ ئەوەی مامۆستا و مەعشووقەکەی یەکلایەنە بوو، مامۆستا بەوە ڕازی بوو بمرێت تەنیا مەعشووقەکەی بزانێت، کەسێک هەیە بۆی سووتاوە.

سوڕەییا خەمی لەدەستدانی منی بوو کە سووتانی خۆی بە بێدەنگی نمایش دەکرد و وەک دۆڕانێک خۆی دەخزاندە پەسیوێک کە خودایەک کۆی بکاتەوە، دەیویست نەبمە نێچیری جەرجیس، دەیویست وەک تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ هەمیشە لە دیوی هەستەکانی ئەودا بدرەوشێمەوە، ئەو بە بزماری ڕۆح عیشقی خۆی نەخشاندبوو، ددانی بە جەرگی خۆیدا هێنابوو، بەسەر مەحاڵدا گۆرانییەکانی دەگوت.

گوتی: "پێدەچێت ماڵمان بڕوات و چی دی یەکتری نەبینینەوە!"

سەرنجی ئەو قسەیەم وەک دڵڕەقییەک لێکدایەوە، وەک پەژیوانبوونەوەیەک تەماشام کرد، وەک فڕێدانی من لەبەردەم شەڕێکی خوێناویدا، وەک کابووسێک و ترسانێکی بەردەم عەڕشی خودا خۆم بینییەوە.

گوتی: "ئیدی نایەمە دەرەوە با شووشەی حەزینم نەکەوێتە ژێر دەستە زبرەکانی بێموڕادی!" گوتی: "نایەمە دەر، شەوێکی تاریکە، دوێنێ شەو هەڵەنگوتم، پەنجەم بەر بەردێکی شین کەوت و سبەینێ زوو کە خەبەرم بۆوە چووم سەیری بەردەکەم کرد، دەتگوت لەشەرمان خەوتووە، یان خەوی لەخۆی خستووە، هیچ خولْق و سەلیقەی ماچی پێوە دیار نەبوو."

بە ئەسپایی لێی چوومە پێش و پێم گوت: "تینوێتی شەوت بە من ڕشت و ئێستاش ناتەوێت بمدوێنی؟" پێم گوت: "ئەو دڵەی تۆ بۆ لە بەرد؟"

شەو بازم دا و لە چرپەی دوو ئەستێرەدا خۆم ناسییەوە، لە سێبەری دوو شنەدا دەرووی چێژم بۆ ئاواڵە بوو.

ئەمشەو نایەم، تا ئەو بەردەی ناو سینەت بە پەنجەکانم نەڵێ، ئەو بارانە ببارێنە و با هیچ نەبێت جۆگەکان ئاشت بکەینەوە، تا بە گریانەکانم نەڵێ؛ دەی چێژی ئەو ئەنگوستەچاوە بنووسەوە. خۆ پێت گوتم، ئەمشەو خۆم لە خوا دەکەم و لەژێر فەرمانەکانی دەردەچم.

گوتت: "تۆم دەوێت و پەروەردگار لە خۆم تووڕە دەکەم."

چ لافاوێکی نەفرەت و تووڕەییی ئاسمان بوو! چ دەستشکانەوەیەکی بێهەست بوو! چ دوورکەوتنەوەیەکی سەیر بوو لە عەقڵ!

## پێنج

مووسا، لەو ڕۆژەوە کە شاکر لەبارەی ئاهەنگی یەکی ئایار قسەی بۆ کردبوو، ئەو وشانەی دەهێنان و دەبردن؛ بۆرژوا، عەشیرەتگەری، دەستەڵات، کۆنەپەرستی!

ئیدی بێدەنگ و هێواش چووە پێش باوکی، لێی نزیک بۆوە و پێی گوت: "دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟"

حەسەن سوورمە، هێندەی پێ خۆش بوو، سوور هەڵگەڕا، نەغمەیەک لە دەنگیدا دروست بوو، ئاسۆیەکی لە بیرکردنەوەی مووسا بەدی کرد.

گوتی: "دەی کوڕم قسە بکە."

مووسا گوتی: "تۆ هیچ لە ئاهەنگی یەکی ئایار دەزانی، ئایا گەر بچم بۆ ئەو ئاهەنگە هیچ مەترسییەکی بۆ ئێمە دەبێت؟"

حەسەن سوورمە گوتی: "زەمانێک لە عێڕاقیش ئەو ڕۆژە ئاهەنگیان ساز دەکرد و خەڵکێکی زۆر کۆ دەبوونەوە، شیرینیان بەسەر کرێکاراندا دابەش دەکرد، شایی و هەڵپەڕکێیان دروست دەکرد، منیش بۆ ماوەیەکی زۆر، پیتاکم دەدا و لەگەڵیان بووم، ڕاستیت دەوێ ئێستاش دڵم بۆیان لێ دەدا، ئەوان کۆمەڵێک خەڵکی باش بوون، دۆستی جوتیار و خەڵکی ڕەشوڕووت بوون. یادی بەخێر! بەڵێ، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پیرۆزە."

حەسەن سوورمە بەردەوام بوو و گوتی: "بەڵام ئێستا ناوهێنانیشی مەترسیدارە، ئەو دوژمنە نەگریسە دەست لە هیچ ناپارێزێت، لەو چەند ساڵەی پێشوو کۆپتەرەکانی دووژمن دوازدە کەسی لە گوندەکەی سەرەوە کوشت، ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت، گەنجێک من شووشتم، کفن و دفنم کرد، خوێنی وشک نەدەبوو، چاوەکانی شین، سووروسپی، تاقێ کەڵەگەت، توولەنەمام، پرچێکی درێژ و کاکۆڵزەرد وەک ئاڵتوون دەدرەوشایەوە! چەند ئاوم بە سەریدا دەکرد خوێنی لەبەر دەڕۆیی، پرچەکانیم بۆ کرد بە سەرین و دەستم بەچاوەکانیدا هێنا و خستمانە ناو گۆڕەوە."

گوتی: "تکا دەکەم کوڕی خۆم، خۆت بپارێزە، گەر حەزیشت لێیە بچیت بە حەزی خۆت بکە."

مووسا وێنەی ئەو کوڕە کاکۆڵزێڕینەی لە یادداشتەکانیدا خەزن کردبوو:

"پرچەکانیم کرد بە سەرین!
خوێنی نەدەوەستا!
تاقێ کەڵەگەت!
چاوەکانی شین!"

ئەو بەلەنگاز و ماندوو، ڕۆچوون بۆ ناو جەنگ و خوێن و شکانی شکۆی نەتەوە و گەلێکی مەزلووم، دەستەوستان و کەوتنی تاکی کۆمەڵگە، لە ئاوزنگ و ئاویلەکەدا بوون، ئەو خەیاڵ و تابلۆ و مێژووانە بوونە جێگەی ڕامان و کارکردنی مووسا!

گوتی: "گەر بشمرم و تێشدا بچم، دەستی شاکر بەر نادەم، ئەوەتا هێز و جووڵەیەکم هەیە، دەتوانم لەو حاڵەدا بیر لەو شتانە بکەمەوە کە دەمخەنەوە سەر هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە، دەچم و گوێ لە کەڕنەڤاڵی سرووتەکان دەگرم و تێکەڵی ئازارەکانی شۆڕش دەبم."

ڕێکەوتی ئاهەنگەکە ڕۆژی هەینی بوو، ئەو ڕۆژە دوکانم نەبوو، خۆم گەیاندە شاکر و چووم. گوندێک سوور سوور دەچوو، سەر گردێکی بڵند لە قەراغ گوندەکە، سەکۆیەک و کۆمەڵێک لافیتە و دروشمی ڕەنگاوڕەنگ، ئاڵایەکی سووری بەرز، لەسەر سەری ئەو ئاپۆرەیە دەشەکایەوە، دەنگی موکەبەرەکان ئەو دۆڵوشیوەی وەسەما هێنابوو، لێک لێک، پۆلێک چۆلەکە و باڵندەی دیکە باڵیان دەدا بە دروشمەکان و وێنەی سەکۆی ئاهەنگەکەیان بۆ ئاسمان دەبردەوە.

دەقی دەستپێکردنی ئاهەنگ بەو شێوەیە بوو، کچێک بە جلی پێشمەرگانەوە، پرچێکی درێژ، دوو مەمکی خڕ، دەمانچەیەکی تۆپلی و چاویلکەیەکەوە لەسەر سەکۆکە دەرکەوت و گوتی: "خۆش هاتن سەر دیدەمان، ئەمڕۆ ڕۆژی یەکی ئایار، جەژنی ئێوەیە، جەژنی زەحمەتکێشان و تێکۆشەرانی ڕێگەی دادپەروەرییە!"

بە تۆنێکی شاعیرانە و حەماسەتێکی بەرز گوتی: "بۆ ئیحتڕامی ئەو سروودە دەستی چەپتان هەڵێنن!"

بە سرووتێکی نەرم و دوور لە ژاوەژاو سروودی ئینتەرناسیونالّ سەمای خستبووە ناو ژینگە و کانی و درەخت و ڕەگئاژۆ ببوو بە ڕۆحم و کەوتمە ناو سەمایەکی جاویدی.

## شەش

نەسیمێک، وەک نسێی سپێدەیەکی پاییزی، پڕ لە کەنووی شیرین، لەبەر پەنجەرەکەوە سەری نەوی کردبوو و دیڕوانییە سەمای ئەو وشانەی کە ژوانی دوێنێی ماڵی کردبووم.

که سرووده‌کانم گوێ لێ بوو، وەختێ دەستی چەپی هەمووانم بینی بڵند، کاتێک دوو مەمکی خڕ و دەمانچەیەکی تۆپلی و گوێم لە هەستانەوەی شۆڕش بوو، وەختێک پیاوێکی بەتەمەن بە ڕەختێکی سوورکاڵ و تفەنگێکی مووزەللی، شیعری بۆ چینی کرێکار دەگوت، تۆم لە نێوان پەیڤ و ڕیتم و مووژدەکانی شۆڕشدا دەدیت!

گوێم لە چەپڵەکان بوو وەک هەرێی تۆم لە دڵدا وێنا دەکردن، وەختێک دەنگی گۆرانییەکان و کۆرسی کچە کۆمۆنیستەکانم گوێ لێ دەبوو، دەهری دەبووم و دەڕژامە ناو سروشتی خەونەکانمەوە!

ئەو ڕۆژە، هەرێم بە بەیداخە سوورەکەدا، بە دەنگی بڵند دروشمەکانم دەگوتەوە، تێر نەدەبووم لە گۆرانی، لە ماچی ئاوەدانی، لە خەنیبوونی دڵە بچوکەکەم، لە پێکەنینی سروشتی دەوروبەری گوند، لە کۆژانی لەدایکبوونی سۆزێکی نوێ!

ڕەنگە ئەمشەو لە نسێی ئەو ڕیتم و سمبوولە سوورانەدا ببم بە شاعیر، ببم بە میراتگری شنەی شەماڵ و ڕوومەتەکانت تەڕ تەڕ بکەم و نامەیەکی بڵێسەسەندوو بۆ ئاسمان بنووسم، بەیانی بکەم و بڵێم دەمەوێت بە (سوڕەییا) بگەم، بڵێم لە ئایەتێکدا دڵشکانی ئەویندارەکان بنووسەوە و بینێرەوە بۆ زەوی.

مووسا، لە دووڕیانێکدا واقی وڕمابوو! بڕەک کاریگەری نەریت و دین و کولتووری کۆمەڵگەی لەسەر بوو، دەیویست بە عیشقەوە کار و ئەرکەکانی سەرشانی ڕاپەڕێنێ، بیستبووی پشتیوانیکردنی ئەو هێز و گروپانەی بە ناوی یەکسانی و دادپەروەرییەوە قسە و هێزیان هەیە، لە دین وەردەگەڕێیت و کۆمەڵگە وەک کافر و لەنەریتدەرچوو ئاماژەت پێ دەکات، لێ عیشقی سوڕەییا و عیشقی شۆڕش، وەک دوانەیەک چەکەرەی کردبوو، دەخزایە ناو دونیای ڕۆمانسی و ورووژمی حەزەکانی چنگی پێی لە ئەستێران دەدا!

شەو مووسا نامەیەکی بۆ سوڕەییا نووسی، ئاخر ئەو ڕۆژە بۆ لە دەستچوونێکی سەیر کەوتووبووم، بیرم لای تۆ بوو، نەمدەزانی چۆن ئەو هاوئاهەنگییە دروست بکەم، نەمدەزانی کام ڕێگەیە هەڵبژێرم، دووڕیانێکی ئەستەم بوو، نەمدەویست هیچتانم لەدەست بچێت، ئاخر بە سروشی خودا چەشەیەکی زەریف خوڵقا و گیانی ئاوێزەیەک چەکەرەی کردبوو، تەبیاتم چووبووە منداڵی و لە گەڕانەوەی ئاوازێکدا خودام لە دڵمدا شاردبۆوە، خودام نەدایەوە، کەسێک لە تاریکیدا. لەژێر ڕیتمی گۆرانییەکی هێمندا، لە ئەندێشەیەکی شەبەنگدا، لە یادێکی شیندا دانیشتبووین، دەمی کانییەکم پڕ کردبوو لە ماچ، ڕێگەی پاییزێکم ڕەنگ کردبوو، بە دامێنی شیعرێکی تەڕدا حزوورت کەوتە سەما، لە حەزێکدا ئیرەیی گرتمی و سروودێکی تۆم خستە ئامێز، نەمزانی وێنەی ئەو ماچانە تەری بوون و پەڕیوەی نزارەکانی مەملەکەت بوون، نەمتوانی سەرابی زامەکان بشکێنم و دڵم لە سەر دەسماڵە گوڵگوڵییەکەت نیشتەوە، خەتایەکی خۆشم بەدەست هێنا!

# سپێدەیەکی ڕۆشن

## یەک

حەسەن سوورمە، ورد دەیڕوانی و خەسڵەتەکانی مووسای دەخوێندەوە! سەرنجی لە هەڵسوکەوتی دەدا، خۆگۆڕین و شێوەی جلکەکانی مووسا جێگەی تێڕامان بوون! هاوڕێی تازەی پەیدا کردووە، زۆرجار شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی دەمایەوە، دڵی پێوە بوو، بەڵام دڵیشی نەدەهات لەڕووی بدات.

بەیانییەک ڕووی لە بەس چۆلەکە کرد:

– هەست دەکەم مووسا سەیر گۆڕانی بەسەر داهاتووە!

– منیش هەست دەکەم جۆری قسەکردن و شێوازی خۆگۆڕین و هەتا کەمخواردنیشی هەست پێ دەکەم.

– ئێستا دونیا زۆر مەترسیدارە، هەوڵ بدە بیدوێنە، کەمێک لەو چوونەدەرەوە کەم بکاتەوە، با تووشی بەڵایەک نەبێت.

– دڵم زۆر لایەتی، زۆر ڕاستە، بەڵام خەریکە پێدەگات و گەنجە، با نەشکێتەوە، لەگەڵ خواست و خەمەکانیدام، ئێستا تۆغیانی خۆدارشتنییەتی، ئێستا لە هەڕەتی دروستکردنی ژیان و

بڵاوبوونییەتی بۆ دڵخوازی خۆی، تۆ بیر لە گەنجییەتی خۆت بکەوە، چ مەحشەرێکت لە پای دەستکەوتنی مندا بەرپا کرد! پێنج فەڕزە لەسەر بەرماڵ دەپاڕێمەوە، خوا ئاگای لێ بێت.

– هەر وایە، دەبینم برادەرەکانی خراپ نین.

– هەوڵدەدەم، بێ ئەوەی دڵی نیگەران بکەم، بیدوێنم.

سوورمە هەمیشە کە گوێی لە بەس چۆلەکە دەگرت، هەموو گیانی دەبوو بە گوێ! ئەو هەموو ساڵە ژیانکردن لەگەڵ بەس چۆلەکە، ڕۆژێکی تێدا نەبوو نیگەران بێت، چونکە وا ڕێککەوتبوون، ئەو یاد و یادگارانەی، ئەو دەرد و خەم و ناڕەحەتییانەی کە لە ژیانی خێزانیدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بەخاوێنی بمێنێت و وەک وانەیەک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەندی لێ وەربگرن، بۆیە بۆ هەموو قسەکانی بەس چۆلەکە سەری دەلەقاند و ڕەزامەندی دەردەبڕی.

هێشتا حەسەن سوورمە، چایەکەی تەواو نەکردبوو، لە خەیاڵی قووڵی خۆی ڕامابوو، چ جێی لە جێیان نەبوو، عەجمینی نەبوو، نەیدەزانی دەبێ چ بکات، دڵی زۆر لای مووسا بوو، بیری بۆ شتی خراپ دەچوو، بیری بۆ ئاریشە خراپەکان و کارەساتی نەخوازراو دەچوو، ئۆقرەی نەبوو، گوتی: "دەی بزانە هەڵی ناستێنی نان و چایی بخوات."

بەس چۆلەکە، هەستی کرد حەسەن سوورمە قنیاتی نییە و ماخۆلانییەتی. هەستا چوو مووسا لە خەو هەستێنێ، زۆر نەرم و لەسەرخۆ، بە سەلیقەیەکی جوان، ڕەوتی ڕۆیشتنی سوێسکەئاسا،

وەک عادەتی هەمیشەیی، گوتی: "ڕۆڵە گیان درەنگە، وەختی نان و چایی و دوکانە."

مووسا چاوەکانی هەڵگلۆفی و خۆی لێک کێشایەوە، باوێشکێکی درێژی هاتێ، گوتی: "دایە گیان وا هاتم، وەک پیشەی هەمیشەیی، زارای خوشکی ڕۆژانە کتریەک ئاوی گەرم دەکرد، بۆ ئەوەی مووسا سەری بشوات و قیت و قنج بچێتە دەر، چونکە شوێنی کارەکەی مووسا ئەو خۆڕێکخستنەی دەخواست، سەری شوشت و وشکی کردەوە، سڵاوێکی بەیانییانەی کرد و لەتەنیشت دایکی دانیشت.

حەسەن سوورمە ڕاما و تێر تەماشای مووسای کرد و بە چپە گوتی: "دەڕۆم کوڕم، ئاگات لە خۆت بێت."

مووسا: "بابە گیان بێخەم بە، کارێک ناکەم ئێوە نیگەران بکەم، لێتان تێدەگەم."

مووسا گوێڕایەڵ و نەرمونیان بوو، ئەو ڕاڕاییە خەریک بوو داغانی دەکرد، دڵی هێندە خێرا لێدەدا دەنگی ترپەکانی دەبیستران.

دایکی باوەشی پێدا کرد و گوتی: "ئەوەی تۆ پێت خۆش بێت وا بکە، بەڵام تکا دەکەم، خۆت بپارێزە، دونیا تێکچووە، خەڵک زۆر خراپ بوون، کلی لە چاوان دەدزن."

مووسا دەیگوت: "بە منداڵیش بەو باوەشانە ئۆخژنیم دەهات."

هەموویان هەستیان بەو ترپانە دەکرد، هەموویان بۆ سەغڵەتبوونی زوورۆیشتنی کات نیگەران بوون، بۆ ئەو دەستگوشینانە دەیان شانامە و شیعر و گۆرانیم ڕێکدەخست، لە شەوچەرەی ڕۆحە ماندووەکاندا تابلۆیان دەنەخشاند.

مووسا دەیگوت: "ئەو شەوانەی کە ئەنگوستەچاو بوو، بیرم بۆ دزینی ماچ دەچوو، بۆ ژوانێکی ترسناک و خۆهاویشتنە باوەشی سورەییا."

ئەو وەختە من لەژێر لیفە و بەدەم خەیاڵێکی تەڕەوە دەمگوت: "ئاخر ئەو هەموو تەڕبوونە بێ دەستلێدانی تاریکی دەبێت بە سەراب، ئەو هەموو خۆخواردنەوەیە بێ دەستکەوتنی ماچ دەبێتە کابووس، ئەو هەیەجانەی دڵ، دەبێتە پەرتبوونی ڕۆح و لە مەنزڵی دڕدۆنگیدا دەخنکێم. حەزم لێ بوو بێ چرا، بێ بینینی هیچ شتێک، ڕۆحم لەژێر سوانەی ئەو تاریکییەدا بۆ بەربوونەوەی ماچەکانی سورەییا لەوێ بێت."

**دوو**

نان و چایی سپێدەی ماڵی حەسەن سوورمە، پڕ بەرەکەت بوو، هێلکە و ماست و شیر و لۆرکیش، لەسەر سەبەتەیەکی دار دانرابوون. تیشکی خۆر لەنێو گەڵای دارتووەکە لەسەر سەبەتەکە دەدرەوشایەوە، جووڵەی گەڵاکان، وێنەیەکی جوانی لەسەر سەبەتەکە نەخشاندبوو، مووسا ڕۆژان تامی هەموو خواردنەکانی دەکرد و بەدەستی دایکی دادەنووسا و ماچی دەکردن.

ئەو چەند ڕۆژەی کە مووسا لە حاڵی خۆیدا بوو، دڵی بۆ هیچ نەدەچوو، سەبر و سیکەدانەی نەبوو، هەمیشە مژووڵ و بەپەلەپەل کەمێکی کەم، نانی دەخوارد و تێیدەپەڕاند و ئۆغری دەکرد. وەک

نەخۆش بێ حەواس و بێ کەیف بوو، هەموو شتەکانی لێ تێکەڵ بون، عیشقی سورەییا، هەڵیوەراندبوو، هەمیشە لەوە دەترسا، ڕەنجی بەفیڕۆ بچێت! ئەو ڕۆژانەی دەهاتنەوە خەیاڵ، دەمی لەدەمی سورەییادا دەبوو بە لوقمەیەکی شیرین و دەروێشئاسا دەچووە حاڵەوە.

دەیگوت: "دایە با درەنگ نەبێت دەڕۆم، دەستەکانی ڕامووسین و تێر ماچی کردن."

بەس چۆلەکە هەستی بە گەرمی دەموچاوی مووسا کرد، گوتی: "ڕۆڵە زۆر گەرمی، دەڵێی نۆبەتێت لێیە، ئەوەتا هیچ نانیشت نەخوارد، هیچ هەست ناکەم باش بیت!"

مووسا: "دایە هیچ نییە، ڕەنگە هۆکارەکەی سەرشووشتنەکەم بێت، هەست ناکەم هیچ شوێنێکم بێشێ، دڵنیا بە ساغ و سەلامەتم و وەک گوێزی ساغ وام."

بەس چۆلەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو؛ "وەک گوێزی ساغ وام!"، گەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژانە کە حەسەن سوورمەی تێدا ناسیوە، ئەو جۆرە ئاخاوتنە کتومت حەسەن سوورمە؛ ئومێد و شەوق و زەوق لە ئاخاوتنەکانیدا بەدی دەکرا. دڵی بە مووسا زۆر خۆش بوو، جووڵە و هەستان و دانیشتنی مووسا، هەر بابی بوو، بۆیە دەیگوت: "کەس هێندەی سوورمەی من جوان و قشتیل و لەبەردڵان نییە! مەگەر مووسا هێندە بە بابی خۆی بچێتەوە."

بە پێکەنینەوە مووسا هەستا ڕۆیشت و لە بیرکردنەوەی خەیاڵی ئاوێتەبوونی سورەییادا خرۆشا، باڵی گرت و بەدوای ئەو ساتە

تاریکاییانەدا دەگەڕا، کە سوورەییای تێدا گەوزاندووە، کە وەک حەڵاڵی خۆی سێبەری بۆ حەزەکانی جووتبوونی دروستکردووە، خەنی لەخۆی چ قیامەتێکی هێنابووە ناو ڕۆحی. سوورەییا داباری و کەوتە سەر کۆشم، ئەو کە کەوتە خوارەوە، لەتەنیشت سرووتێک نەگەڕایەوە بۆ خۆرەتاو. بە نەسیم، دڵۆپەکانی خستە ناو ڕۆحمەوە. تک تک کەوتە سەر وێنەکان و بە دووندی دوو چڵە چێژدا خزیم و لەسەر سینگت خەوتم!

پێت گوتم: "خەریکە عاقڵ دەبیی!"

– بەڵێ لەو تاریکییەدا خەریکە باڵ دەگرم و خۆم لە تریفە و ڕوناکی دەدزمەوە.

– دوێنێ شەو بەقەستی، خۆم ماتەڵ کرد و گوێم لە ڕیتمی ژووانەکان گرت، بۆ سووتانی چرایەک دەمخوێندەوە، بیرم لە ڕووتبوونەوەی سەفەر و جووتبوونی کانی دەکردەوە، لێ نەگەڕان فریوی گوناهەکان بخۆم و لە ڕۆخی فیردەوسدا ڕووتبوونەوەی خۆم و شلبوونەوەی تۆ بنووسمەوە!

پەروەردگار، لەوسەرەوە ئایەتێکی تەڕی نووسی، دەنگی شەڕەکانی نزم کرد، خۆی وەرزێکی پەنا دا و چەشەیەکی شیرینی پێ نۆشیم.

گوتم: "گەر بێ فەرمانی خودا، بێ ڕەزامەندی ڕووناکی، چۆن ئەو هەموو خوڵقە لە تاریکیدا بنووسمەوە."

پێت گوتم: "ڕۆحم بۆ بەربوونەوەی ماچ لەوێ دەبێت."

پێت گوتم: "لە تاریکیدا ڕشتنی جەنگەکانی ماندووبوون کۆدەکەمەوە."

***سێ***

ئەو ڕۆژانەی سەڵاوەتی و کچەکانی سەفەریان دەکرد، سوورمە دەخەمی ئەوانیشدا بوو، دەتگوت مامە خەمەیە. ئەو بیری لە هەمووان دەکردەوە، ئەو چەند ڕۆژە، سەڵاوەتی لەلایەن خزمەکانی بانگهێشت کرابوو.

مووسا زۆر بە خەمخۆریی بابی سەرسام بوو، هەمیشە شانازی بە کار و خەمخۆرییەکانی باب و دایکی دەکرد، لای ئەو ئاسوودەیییەکی زۆر بوو.

مرۆڤ وەختێک لە نێو کۆمەڵ و خزم و خوێش، چاکە و کارە باشەکانی باوکی باس دەکرێت، بستبەبست باڵا دەکات. کەسێک نەبوو باسی چاکە و دڵسۆزیی حەسەن سوورمە و بەس چۆلەکە نەکات، جێگەی لێڕازیبوونی دۆست و دوژمن بوون. زۆرجار مووسا بیری دەکردەوە، گەر کارێکی ناشایستە بکەم، ناوبانگی خێزانەکەم لەکەدار دەکەم، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی دروست و سەنگین لەگەڵ دەوروبەرم بکەم، نابێ بە خەیاڵ و خەونیش تخوونی کاری ناشیرین و قێزەون بکەوم، نابێ خۆم تێکەڵی هەموو کەس بکەم، ئاخر کورد دەڵێ: "گا لەگەڵ گای بێت، ڕەنگیشی نەگرێت خووی دەگرێت."

ئیدی ئەو پەندە وەک ڕاستییەکی حاشالێنەکراو دروست و لە جێگەی خۆیدایە، بەڵام هیچ لەگەڵ خۆشەویستی ناکرێت! ڕەنگە بتوانم واز لە هەمووشتێک بهێنم، بەڵام ناتوانم دەستبەرداری سوڕەییا ببم، ناتوانم خەدەنگ و نەغمە و لۆغانی شەوانی بەیەکەوەبوونی خۆم و سوڕەییا فەرامۆش بکەم.

خۆ ئەگەر ئەو حاڵەتەی من و سوڕەییا ئاشکرا بێت و خەڵکی بزانن، وێران دەبم، خێزانەکەم دەشکێ، دایکێک چەند ساڵە حەیا و حورمەتی خۆی کۆ دەکاتەوە، باوکێک خەرمانێکی لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ دروست بووە، کە گوتت کوڕی حەسەن سوورمەم، هەمووی دەستت بۆ بەسینگی وەدەنێن، ئاخر چاکە و دڵسۆزیی خێزانێک مایەپووچ دەبێت!

دەڵێن لەسەر هەوا و ئارەزووی هەتیوێکی لاسار، لەسەر بێپەروەردەییی منداڵێکی بێ حەشر و نەشر، لەسەر نازدان بە منداڵەکەیان بزانە چییان لە خۆیان کرد!

منداڵی خراپ سەری دایک و باوکی نەوی دەکات، حەسەن سوورمە ئەوەی کۆی کردبۆوە لێرە بڵاوی کرد، نەفرەت لە منداڵی بێڕەوشت، خوایە بەر تەقینەوەیەک بکەوێت جەرگی هەلابەهەلابێت وەک ئاوای بەسەر سوورمە و بەس چۆلەکەدا هێنا!

مووسا لە فکران ڕاچووبوو! هەموو دەرهاویشتەکانی هێنابووە بەرچاوی خۆی، لێ بۆ شەوە نێرگزییەکانی سوڕەییا هەر کۆلاو بوو!

دەیگوت: "چ دەبێ با ببێت، تازە خۆم یەکلایی کردۆتەوە بۆ سوڕەییا."

لەبەرخۆیەوە زۆری دەگوت! دەتگوت جندی لەسەرن!
هەر زۆر شاعیرانە دەدوا، دەیگۆ:
"تا ئەو دەپشکوێت، بڕەک لە تروکاندنی چاوەکانت نزیک دەبم.
تا ئەو دێتەوە بۆ پێکەنین، من تۆزێک لە سەرابیش بێت دێم و باوەشێک بە سوڕەتی ئەلفەتحدا دەکەم.
دەمەوێ بۆ سەرکەوتنی خەونێک، بۆ ماڵێبوونی ئاسکێکی سرک، بۆ چاوخشاندنێکی تۆ لەوێ بم.
دەمەوێ، بۆ بەربوونەوەی نیگایەکت لەوێ بم.
ناچم بۆ ئەو قەدەرەی، کە موتفەڕکی ماتەڵبوونی تۆی نووسیوە.
لە پاییزێکیش لا نادەم، بە بەردەرگای چۆلەکەیەکیشدا ناکۆخم، دەمەوێ، لەسەر سەکۆی تاریکی، بۆ خزینی ئەو مەمکانە دانیشم، بۆ کەوتنەخوارەوەی پرسیارێکت بێدەنگ بم، بۆ ماندووبوونی دڵم، قسە لەگەڵ چاوت بکەم، لە بەینی بەزین و سەرکەوتندا، لە گریانێک، هەستم بکەم بە پەرچەم، بیدەم لە فڕینی ترپەکان و شێعرێکی ئاوریشمیت بۆ بنووسم.

## چوار

کەمێک، لە تیرێژی خۆرەکە ڕاما، کە لە درزی دەرگاکەوە لە بنەبانێی دەدا، دەتگوت، تریفەیەکی ئاڵووالآیە لە عیشقی مانگ جێماوە.
وردە تۆزی سەر ئەرزەکە، وەک لەشکری ئاجوج و ماجووج دەجووڵان. بەرچاوی تەنیبوو بە ڕەنگ، هەناسەیەک لە پشتیری

ژوورەکە جێمابوو، دەستەملانی ژەنینی ڕۆحی ئەو مۆزیکە ببوو کە شەو بە کۆڵانەکەدا هاتبوو سروەیەکی بە گوێی سوڕەییادا دابوو!

دەمی ئەو تاریکییە، کەوتبووە ناو دەمی شەوێکی پڕ هەست، سوڕەییا دەخزا بۆ چێژی ئەو دەستەملانەی کە لە تاریکی دەستی کەوتبوو، بەردەبۆوە بۆ ئەو ماچە تەڕەی کە درەنگانێگ خودا بە نووتەکی شەودا بۆی ناردبوو!

مووسا، هەر لەو ئایەتە دەچوو، کە خودا بۆ ئاوێزانبوون نازڵی کردبوو!

پەڕینەوەی مووسا، بە چریکەی هەستێکی تەڕدا، بە لەززەتێکی ماندوودا، بە ڕاوەستانێکی شێتدا تێپەڕی!

مووسا، دەیگوت: "لەتێکی ئەو تاریکییە، ناگۆڕمەوە بە هەموو ئەو ڕووناکییانەی کە پێکەنین و ئاسوودەییمان لێ زیز دەکەن!

بەو بایە دەژیم، کە لە دەمی تاریکییەوە پێم دەگات."

خەیاڵی لای سوڕەییا بوو، ئەو قسانەی دەهاتنەوە بیر، دەیگوت: "مووسا، بە حەزرەتی مووسا قەسەم، منیش وا هەر لەو ژوانەدا خول دەخۆم و دەگەشێمەوە."

کەنوو [٢]یەکی کرد و گوتی: "منیش، ئەو تاریکییەم خۆش دەوێت.

چێژی ئەو شەوەم، لەبیر ناچێتەوە، نازانم تۆ هەستت بە گەرمی هەناسەی من کردبوو؟"

---

٢ کەنوو: پێکەنین

گوتم: "بەڵێ، دڵەڕاوکێ و لەرزینی دڵم، خەریک بوو مەست مەستم بکات!"

گوتی: "چاوت لێیە، ئەو خالقە چ نیعمەتێکی داوە بە ئێمە. سپاس بۆ تاریکی، کە نەیهێشت، گرووی دڵم بێ هیوا بێت. کە نەیهێشت، ئەوینم لەژێر باران بسووتێت[٣]، شەوەکان لەسەر پەڕەی خەرەندەکان دەنووسم و وێنەی ئەو کچانەی بۆ ئاوێزان هەڵدێران، لە ئاسمان دەکێشم، لەتەنیشت باخچەکانی عەدەن دایان دەنێم، ناهێڵم کتێبەکانی خودا تەڕ بن، ناهێڵم ماڵی چۆلەکەکان ئاگر بگرن، شەوەکانم خۆش دەوێن، بۆنی ڕووتبوونەوەی خۆم و شلبوونەوەی تۆی لێ دێت."

ئەوجار، دێم بۆ یارییەکانی تاریکی، دێم بۆ ڕازیکردنی دڵی شەو.

---

٣ سووتان لە ژێر باران تێکستێکی دکتور ڕەفیق سابیرە.

# لە کۆڵانەکەوە چاوی لێ بوو

## یەک

حەسەن سوورمە وەک پیشەی هەمیشەیی، سبەینان زوو هەڵدەستا، مشووری هەموو شتێکی دەخوارد.
دەیڕوانییە هەمووان، هەڵسوکەوت و کاری هەمووانی دەبینی. وای مەزەندە دەکرد مووسا لەگژ فکران ڕاچووە، دەیزانی لەچ دڕدۆنگییەکدا ژیان بەسەر دەبات.
ڕووی لە بەس چۆلەکە کرد، گوتی: "شتێک هەیە بە من ناڵێی و لێم دەشارییەوە، هەڵسوکەوت و حەرەکات و سەکەناتی مووسام سەیر دێتە بەرچاو!"
بەس چۆلەکە قوشقی بوو، ڕاما: "باشە من لەو هەموو ساڵەی بەیەکەوەین، هیچ شتێکم لە سوورمە نەشاردۆتەوە، بەڵام ئەو مەسەلەی مووسا هەر دەبێت لای خۆم و مووسا بێت!

نا، نا، نابێ هیچ شتێک بدرکێنم، سوورمە ئەو مەسەلەیە بزانێت زۆر پێی ناخۆش دەبێت، ڕەنگە تووشی کارەساتێک بێت، ئەوە ناڵێم! باشترە بەو لایەدا هەر نەچم، خۆم لەو باس و خواسانە دوور دەخەمەوە."

گوتی: "دەی گەنجە و تازە خۆی ناسیوە، ئێستا تۆغیانییەتی، کە بە سێبەری خۆی خۆشی لێی دێت و هەست دەکات ئیدی گەورە بووە، بۆیە هەمیشە لەسەر بەرماڵ نزادەکەم و دەپاڕێمەوە دەڵێم:

"ئێوارە بەرەی لە خێران
زەردی لەسەر لێوان
دوعای پیر و پێخەمبەران
ڕۆڵە گیان، بەردی سارد و گەرمت نەیەتە بەر پێیان.""

حەسەن سوورمە هێندە جوان گوێی بۆ بەس چۆلەکە شل کردبوو، دەتگوت وا لە ڕۆژی هەینییە، لە مزگەوتە و گوێ بۆ خووتبەی مەلا ڕادەگرێ!

سبەینێیەکی جوان بوو، نانی بەیانییان بەیەکەوە خوارد، مووسا وەک ڕۆژانی پێشوو چەند پاروویەکی خوارد، لەسەر سینی نانەکە دوور کەوتەوە، کەوتە خەیاڵ و بیرکردنەوەی شەوی ڕابردوو.

ئانیشکی دادابوو، ڕامابوو، شیپانەی دەرگاکە هێندە نەوی بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی، بێت و بچێت، دەبوو خۆی کووڕ کردباوە تا بچێتە ژوورەوە، چاوەکانی خسبوونە سەر تیشکی خۆر، بیری بۆ ڕنینی ئەو بەهێ و نارنجانە دەچوو کە دەبێ شەو وەک مولکی خۆی فریای دەستلێدانیان بکەوێت.

ئەو نەیدەویست، ناشیهەوێت بەدرەنگەوە ماڵئاوایی لە ڕووناهی بکات، پەلەی بوو زوو شەو بێت و ناشیەوێت، بێ بیسمیللا تخونی ڕەونەقی پاشماوەکانی ڕامووسین بکەوێت، بۆ ئەو دەبێ سپێدە لەبار بێت و خۆر لە دوو مەمکی نیشتیمان بێتە دەر و بۆ پەیامەکانی بێتە کڕنۆش، سپاسی خوا بکات، شوکرانەبژێر بێت، هەمیشە بۆ باڵکێشانی تاریکی نزا بکات. ئەو لە تاریکیدا، لە ڕیتمەکانی شەودا، لە بەربوونەوەی ڕوناکی و داخستنی چاوەکانی ڕوناهیدا سەمای ئاوێزانێکی دەست کەوت، بڵندبوون و قیتبوونی مەمکەکانی دەست کەوت و لە سەر سینگی ئەستێرەیەک خەوت، دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند کردن و گوتی: "خودایە من لە تاریکیدا گەمە لەگەڵ خۆر دەکەم و چی چیرۆکی لەززەت هەیە دەیخوێنمەوە!

خودایە، من هیچ شەوێک نییە بەدیار لۆغانی نەورەسەکانەوە گۆرانی نەڵێم، پێکێ لە ژوانەکانی مانگ نەخۆمەوە.

بەدیار ئەو تارماییانەوە مەست دەبم و بە باوەشی خەونێکەوە دەفڕم.

لە درزی دەرگاکەوە چی موتفەڕکی تاریکی هەیە لە بلووری ئەو ڕامووسینەی دەدەم کە لە یادداشتەکانەوە بڵند دەبن."

**دوو**

که جەرجیس، بەوە گەیشتبوو دەبێ بار بکات و لەو مەملەکەتە نەمێنێت. بە ڕێنماییی مونەزەمە و حیزبی بەعس بوو، کارێکی دییان پێ سپاردبوو. جەرجیس کەسایەتییەکی پاسیڤ و قێزەون بوو، کەس چارەی نەدەویست، بەڵام خەڵک لە ناچاری دەبوو سڵاوی لێ بکەن.

ئەو ڕۆژەی کە ماڵی بار کرد، گەڕەک بە ناچاری لە دەوری کۆبوونەوە، هاوکارییان کرد و ماڵەکەیان لەگەڵ بار کرد، حەسەن سوورمە هێندە ڕقی لێی دەبۆوە نەیدەویست بچێت و خۆی دوور دەگرت، بەس چۆلەکە گوتی: "دەستم دامێنت بچۆ یارمەتی بدە با تووشی کێشەیەکمان نەکات، هێندە لە زمان و کردەوەکانی ئەو خۆفرۆشە دەترسم هێندە لە مردن و لە خراپکارییەکانی پیاوەکانی دیکەی بەعس ناترسم. ئەوە لەبەر من بکە قوربانت بم، دەزانم چەندە کارێکی زەحمەتە بۆ تۆ بەڵام دەبێ وا بکەیت."

حەسەن سوورمە گوتی: "لێت تێدەگەم، تۆ هەمیشە پێش ڕووداوەکان دەخوێنیتەوە! دەچم گریمان کۆڵێکی قورس و زەحمەت بوو، بە قسەت دەکەم."

وەک بە گوێیانی ڕاکێشن، هێندەی لێ زەحمەت بوو، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و بۆ لای ماڵی جەرجس چوو. وەک دەروجیرانەکانی دی، دەهات و دەچوو.

سورەییا کە حەسەن سوورمەی بینی خەنی بوو، چاوی هەر لەسەر بوو، ئۆخژنی پێ هات و دڵی دامرکا! لەوە دەترسا جەرجیس قینی خۆی بەکار بهێنێت و بڵێت هەر یەک لە هاوسێکانی لەوێ نەبن کێشەیان بۆ دروست بکات، بۆیە ئۆقرەی گرت و لە دڵەوە ئاسوودە بوو.

مووسا دەیگوت: "گەر بچم ڕەنگە بەرگە نەگرم! بەچاوی خۆم ببینم سورەییا خەریکی ئۆغرکردن و بارکردنی ماڵ بێت. گەر بچم بۆ ماڵی جەرجیس ڕەنگە جەرجیس جۆرێک بیر بکاتەوە و سورەییا ئازار بدات." لێ لە دوورەوە نیگای بڕیبووە سەر سورەییا، دەهاتەوە بیری لە ژوانێکدا کە سورەییا دەیگوت: "حەزم بە تاریکی نەدەکرد، بەڵام لەوەتەی تامی تاریکیم کردووە، ڕازیم گڵۆپەکان بکوژێنەوە، کە دەستم بەر دەستت دەکەوێت دونیا بۆ من دەبێت بە چراخان!"

پێشتر حەزی بە تاریکی نەدەکرد، دەیگوت: "نابێت شەو گڵۆپەکان پێنەبن، نابێ هیچ کات ئێواران درەنگ لە دەرەوە بم، نابێت لە تاریکیدا بچمەوە سەر شتەکان، ڕووناکی دەکەم بە مەشخەڵی کار و کردەوەکانم، بە ئاگر ئۆقرە دەگرم و سەردەکەوم بۆ ئاسمان، کە خۆر ئاوا دەبێت، خەم دامدەگرێت و نامەوێت تاریکی ببینم." بەڵام دوای ئەوەی دەستی لە تاریکیدا دادەگیرسا، وەک مانگ ڕۆحی بڵند دەبێت، ئەو ساتانەی چێژی ماچی تاریکی دێتەوە یاد، ئەو لە وێنەی خۆر دەڕژێت، لەسەر لووتکە دەڕوێت و بەسەر دوند و شیوەکاندا پەرت دەبێت، وەک هەڵۆ مکوڕ دەبێ و دەنگی قاسپەی کەوەکان دەکات بە گۆرانی، ناهێڵێت کەس تخوونی ڕیتمەکانی تاریکی بکەوێت.

دەیگوت: "خۆ من ڕۆژانە وەک سرووتی سپێدە هەڵدێم و دەچم بەدەم ئاوێنەوە سەیری شوێنپێی ماچەکان دەدوێنم." دەیگوت: "نامەوێت ساتی تاریکی بەفیڕۆ بدەم، دەنگەکانی شەو بسمیلکراون و وەک سوڕەتی ئیلاهی کتێبەکان دەڕازێننەوە، نامەوێ قیامەتی حەژمەتەکانم لەدەست بچێت!"

دەیگوت: "پێش ئەوەی شەو خەنیم بکات و دڵۆپە شینەکانی ڕۆح ببینم، سروودم دەڕژا بۆ نابوودکردنی تاریکی، تیرم لە ڕوومەتی شەو دەدا، ئەو گۆرانییانەی شەوم زنجیر دەکردن و دوا ترپەی تاریکیم دەخنکاند."

گوتم: "ماتەڵبوونی منیش بۆ شەو ئاهێکە و لەیادی ناکەم، ئاخر درەنگ بەوە گەیشتم شەوانە قفڵی ژەنگاوی ڕۆحە تەریوەکان بشکێنم و دەستم تێکەڵی تاریکی بکەم، درەنگ بەوە گەیشتم پێکی شەوانم خەستتر بکەم و بەدوای گریانە جێماوەکانی ڕۆح بکەوم، درەنگ بوو کە بیرم بۆ نیگایەکت چوو، درەنگ بوو کە نیشتیمانی ئەوینم لە تاریکیدا ئاوێتە کرد و لە ژوانێکدا گەڕامەوە ژێر سوانەکانی ڕاموووسین."

**سێ**

جەرجیس، بۆ چاوشکاندنی گەڕەک و ترس و تۆقاندن هیچ شەرمی نەدەکرد، هەمیشە بەعسی و پیاوەکانی لە ماڵی خۆی دەخزاندن.

ئەو ڕۆژە کاتی ماڵبارکردن، پیاوەکانی مونەزمە، بە شۆفرلێتێکی سوور، جرت و فرتیان بوو، لەو ساتە کەمەدا چوار جار هاتن و چوون و دابەزین، جەرجیسیان بانگ دەکرد، سرکەیەکیان لەگەڵ دەکرد و دەڕۆیشتن.

ئەو دەوروبەرە بۆنی جاسووس و ڕژێمی لێ دەهات!

بۆ خەڵکی گەڕەک ناخۆش بوو، بەڵام کەس خۆی تێکنەدا و حاڵەتەکەیان بە ئاسایی وەرگرت.

مووسا تەقییەی دەکرد و دوور کەوتەوە، نەبادا چاوی جەرجیس و بەعسییەکانی لەسەر بێت!

بۆ مووسا گەلێک ئەستەم بوو، سوڕەییا دەڕوات و ئەو لەوێ نەبێت، دوا دیدار و دوا نیگایەک خەریکە مووسا وێران دەکات! بەڵام مووسا ئەو ڕۆژەی لەیاد ناچێتەوە، کە جەرجیس سەیارەکەی شکاندە سەری و خەریک بوو پانوپلیچی بکاتەوە!

زۆرجاریش دەیگوت: "پێم خۆشە جەرجیس بمداتە بەر فیشک، خۆ یەک جار دەمرم و تەواو، ئەو هەموو خۆشاردنەوەی ناوێت، بەڵام تەنیا و تەنیا لەبەر دایک و بابم خۆم دەپارێزم. ئەوان بریندارن!

ئاخر سووتانیشم بۆ سوڕەییا گڕوکڵپەی دانامرکێتەوە، سەیر بوومەتە کۆیلەی نیگا گەرمەکانی، کە بیرم دێتەوە چەند بە هەستییارانە دەیخستمە ئامێزی، ئاو بە لغاوانم دێتە خوار و هەموو گیانم دەبێت بە ئاو!

سوێندت بۆ دەخۆم، زۆرجار بەو یاد و ڕامووسینانە لەشم پیس دەبێت، بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک بکەم پانتۆڵەکەم تەڕ تەڕ بووە، ڕۆژی وا هەیە سێ جار خۆم دەشۆم!

بەشێکی ئەوەیە حەز و ئارەزووەکانم بەسەرمدا زاڵن.

لە لایەکیدیکەشەوە هێندە ئاوێتەی خۆشەویستیی سورەییا بووم دەستم لێی بەرنابێت، سەرەڕای هەموو ئەوشتانەش تووشی هەر کارەساتێک بم دایک و بابم دەمرن و بەرگە ناگرن!"

ئەو هەموو هێنان و بردنە و بیرکردنەوەیە، تووشی هەیەجان و دڕدۆنگییەکی ئەستەمی کردبوو، دەبێت ئاقڵانە بیر لەو بابەتە بکەمەوە، نابێ سەرچیغ بۆ شتەکان بچم.

زۆرجار هاوڕێکانم دەیانگوت: "تۆ هەر لێرە دەبیت و دڵت لێرە نابێتەوە، دەی با سەفەرێک بکەین و بای باڵی خۆمان بدەین!"

لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "سورەییا، ئەوەندەی دڵم بەو جێگەیە خۆشە، هێندە دڵم بە گەڕان و گەشت خۆش نییە. لێرە تۆم بینی بە کراسێکی ڕەنگپاییزی، بە قردێلەیەکی شین، بە پرچێکی ئاوێتە بە ئاوازەی شەو. ئەوەندە هۆگری ئێرەم، هێندە هۆگری شایی و لۆغانی ئاسمانەکان نیم."

بەسەر تاڵێکی تاریکیدا ڕەتبووم و دەستم بەر بەربوونەوەی خودا کەوت، پێمگوت: "دەستم بەرمەدە، ڕۆحم لەپەنای خۆت جێگیر بکە، لەو شەڕابەم بدەیە بۆ ڕابیعەی عەدەویت داناوە."

لەسەر ئەو کۆڵانە دەنووم و چ کارێکم بە کۆشک و باخچەکانی بەهەشت نییە.

بەسەر وێنەیەکی نەکێشراوی پەیامبەرێکدا کەوتم و سەرم خستە سەر دڵی و بە نۆشینی تیشکێکی ئاوێزەیی گوارەی ئەستێرەیەکم ڕاژاند.

ئەو پێی گوتم: بە دوڵدووڵی دڵمدا گەیشتی بۆ ژوان، گەیشتی بە شەوەکانی شەکەت لە خەوندا!"

پێی گوتم: "بچۆوە سەر تریفەکان و دەستت بخەرە سەر پەرچەمم، واز لە گریانی زەمەن بێنە و دوای پێکەنینەکانی باران بکەوە."

ئەوەندە دڵم بە تۆ خۆشە هێندە دڵم ناچێتە سەر بڵندبوونی زیندەگی!

دەی بباریٚ، بباریٚ، با لە سووتانی دڵمدا چی تاریکی هەیە یادداشتی بکەم.

**چوار**

ئێوارە بە دەنگی دایکم ڕاچەنیم، ڕۆڵە دەتەوێت ئێمەش بکوژیٚ! تکا دەکەم هێندە خۆت بێتاقەت مەکە، ئەو شتانە هەمووی کۆتایی پیٚ دێت، لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەن هیچ شتێک وەک خۆی نامێنیٚ، دەزانم دەرک بە نیگەرانی و ئازارەکانت دەکەم.

نەمتوانی گویٚ لە دایە بگرم، دەمگوت: "هەر کەسە و لە هەمبانەی خۆی گۆێزان دەژمێرێت، دەردی من دەوای نییە، خۆ هەر قسە کیفایەت نییە تا من بتوانم بەسەرخۆمدا زاڵ بم."

هێندە سەراسیمە ببووم نەمدەزانی نیگەرانی دایکم لەبەر منیەتی، بە دەنگێکی نەشاز و دوور لە نەریتی ڕێزگرتنی دایک، وەڵامم دایەوە و قیژاندم: "کارت بە من نەبێت، ئەتۆ نازانی چی دەگوزەرێ!"

دایکم بەدڵپڕی و خەمێکی قووڵ گوتی: "گیانی من لەبەر تۆمە." بەدەم دڵنەوایی و قسەکردنەوە فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە، بۆسۆی لە هەناوان دەهات، دەیویست باوەشم پێدا بکات، نەیوێرا، نەبادا هەستی بریندار بکەم، لەوە دەترسا پاڵی پێوە بنێم و بڵێم حەقت بەمندا نەبێت. کاتێک هاتمەوە سەرخۆ، هەستم کرد هەڵەیەکی گەورەم کردووە، خەریکە لە تەریقبوونەوە دەبم بە قەترەیەک ئاو!

شەرمم کرد، چەمیمەوە، پێڵاوەکانیم ماچ کرد، نەمتوانی هەڵسمەوە، بە ئەرزەکەوە نووسام و گریانم پێڵاوەکانی شەلاڵی فرمێسک کردن، بە نووزەیەک و هەستێکی گەرمەوە گوتم: "گەر لێم خۆش نەبیت لە خۆم خۆش نابم!"

دایکم بەسەرمدا بەربۆوە و کەوتە سەر زەوی، چاوێکی هەڵبڕی و گوتی: "مووسا، خودات بەگژدا دەکەم جەرگم پارەپارە مەکە! تا چاوی تۆم لێ دیار بێت، خۆشبەخترین دایکم، هیچ دڵگران نیم بە وەڵامی تۆ، دەزانم دەردی تۆ بە من دەرمان ناکرێت بەڵام دەبێ ئاگات لەئ ێمەش بێت."

خۆم خزاندە ژوورەوە دەمویست بەسەر خۆمدا زاڵ بم، بەزۆری زۆرداری زەردەخەنەی درۆزنانەم دەکرد، هەموویان دەرکیان بە شتێک کردبوو؛ سەلاوەتیی برادەری گیانیبەگیانیی بابم، زارای

خوشکم، بابم، واتا خەمێک هاتبووە ماڵەکەمان و خەریک بوو دەوارەکانی دەڕوخاند، تەبایی و خۆشبەختی تووڕە دەکرد، تەمێکی تاریکی دروست کردبوو منیش لە قووڵاییی ڕۆح و بڵندی ئومێدەکانم کوژابوومەوە!

دەمگوت: "دەبێ خۆم ڕابێنم، دەبێ ئاگام لە دەورووپشتی خۆم بێت، دەزانم ئەوینی من ڕاستەقینەیە و خۆلێلادانی ئەستەمە، بەخوێنمدا چۆتە خوار، پڕبووم لە هەناسەی گۆرانی و تەڕتەڕ بووم بە بارانی حەزین!"

سوڕەییام لەبەرچاوان لا نەدەچوو، شەوقی قردێلە و برووسکەی پرچەکانی دەیدا لە ڕۆحم، دەنگی سوڕەییا وەک مۆسیقا دەیویست سەرخۆشم بکات!

خەیاڵی گریانەکانمی دەڕژاندە ئەو نیگایانەی لە شەوی بوورانەوەکەیدا جێمابوون!

کەوتبوومە ناو خەڵوەتێکی عاریفانە و بەدەم کوتانی دەفەی سینگمەوە دەڕژام، ئەو بەدرەنگەوە زانی، کەسێک شەوانە دەچێتە خەڵوەتەوە، تا سپێدەکان بە ماچ خەبەر بکاتەوە.

تا کەسێک، پێی بڵێ: "ئەمشەو هەموو ترپە و ئۆخژن و ڕامووسینەکانی تۆم بژاردوون."

پێی بڵێ: "سات، بە سات، گوێم لە گۆرانییە خەمگینەکان بوو، لەلات بووم، وەختێک دەستەکانت بڵند کردبوو!

لەلات بووم وەختێک دەتویست لەو فڕینە دانەبەزیت و بچیتەوە ئەو ئاقارەی سرووتی دڵەکانی لێ شین دەبێت!

لەوێ بووم کاتێک وێنەی ئەو ڕۆژانەت دەکێشا، دەکەوتی، دەشکای، پێدەکەنی، بەکوڵ دەگریای!

لەوێ بووم، ویستم دەستم بێنم و بکەومە ناو دەستەکانت، ویستم چاوەکانم دابخەم و خۆم بخزێنمە ناو جێگەکەت و خەنی بوونی خۆمت پێ بڵێم، بیرم کردەوە!"

دەی با خەڵوەتی ئەو نەڕوخێت، ئاخر گازندەکانی خودا چی لێ بکەم؟"

تووڕەبوونی ئاسمان دوایی جەبم نادات و ناهێڵێت دەمێکی دی بێمەوە، ناهێڵێت ڕۆژێکی دی تۆم خۆش بوێت، ناهێڵێت ئایەتەلکورسییەکانم بخوێنم و فوو بە شوێنپێکانی تۆدا بکەم.

ئاخر دەترسم، تۆ لەو ئەندێشەیە بچیتە دەر و ڕەگی هەستی منبوونت بپچڕێت و نەمبینییەوە!

دەترسم، باڵقبوونی خەونێک لێم شێتبێت و ئەو فرسەتەم لێ خەرا کات!

دەترسم، نزاکانی من لە ڕۆخ کەوتنمدا جێبمێنن و خودا هەر لە پەراوێز بیانهێڵێتەوە.

تا ئەو زانی کەسێک لە خەڵوەتدایە و تێکەڵی باهۆزەکانی خەیاڵ بووە، ئاوێتەی سەفەرەکانی دڵ بووە، با ئەو لە دەمی مندا بڕوێت و جەنگی دڵنیایی و ئارامبوون بخواتەوە.

## پێنج

بەو سبەی ساڵحانە، کە شەو لە ماتەمبوونی ئەو ئازارانەی ئەوین ڕۆی نابوون هەر بێدار بوو.

سروە، سپێدەیەکی ڕوونی بەردایەوە بۆ گێڕانەوەی یاد و یادەوەرییەکان.

سوورمە لە تاوی ئەو ئازارانەی ژەنگیان هێنابوو، بۆ ئەو ڕۆژگارانەی بەتەنیا دونیای بەکۆڵ خۆیدا دابوو، بۆ ڕۆژانی عاشقبوونی بۆ بەس چۆلەکە و زامە سەختەکانی زەمەن و دەردە کوشندەکانی نەگەیشتن بە ئاسۆکانی ئازادی، بزربوونی جگەرگۆشەکەی و لەدەستچوونی هاوڕێ و دۆستەکانی، دونیایەک ڕووداو و ئازار و زەحمەتییەکانی ژیان، پاڵی بە پایەی هەیوانەکەدا دابوو.

هێشتا جگە لە بەس چۆلەکە کەس خەبەری نەبووبۆوە، هەر لە شیرینی خەودا بوون، ئەوان بەدوای خەون و ئاواتەکانییانەوە بوون، بەڵام حەسەن سوورمە لە خەو ڕاپەڕیبوو، لە تەنگەژەی ئەو پێشهاتانەی خەریکە دەگەنە جێ ڕامابوو، ڕووی لە بەس چۆلەکە کرد و گوتی: "دەزانی ئەو ڕۆژانەی بەدیار پەیدابوونی تۆوە بۆ من چەند گریام، چەند لەو ڕووداوە گریانی ئۆخژنی و ئاسوودەبوونم بینیوە!

ئەو ڕۆژانە، لەززەت و جوانییەکانیان ناگەڕێنەوە، تەنها دەتوانم ئێستاش بە چرپە، بە هێواشی پێت بڵێم لە هەموو دونیام خۆشتر دەوێی، بارتەقای ئەوینت هۆگرت بووم.

خەریکە وردەوردە دەڕۆم و ڕوو لە ئاوا بوون دەکەم، تەمەنم دەچنمەوە، داغانبوون و سووتانی دڵم لە دەسترۆکەی سپێدەکان دەپێچم و دەینێرمەوە سەر کانییەکەی گوندەکەمان تا ڕۆژئاوابوون گۆرانی بۆ کۆڵانە ڕوخاوەکان و شوێنی گەمە و کەوتن و هەستانەوەی منداڵیم بڵێت.

خاتوونەکەم، لە ڕەنگوڕووی مووسا برین و خەمێکی قووڵ دەبینم، بۆ پەیدابوونی هەواڵی عەولاچرچ و عەلی خەریکە لە خۆشییان دونیا بەسەر خۆمدا دەڕووخێنم، ئەوەتا سەرەداوەکانی ڕزگاربوونمان لە سایەی ترس و تۆقاندن خەریکە دەردەکەون، ڕۆیشتنی جەرجیس هۆکارگەلێکی زۆری لە پشتە."

بەس چۆلەکە ورد ورد قسەکانی سوورمەی هێنابووە ناو دڵی و هەستەکانی دانابوو، بە شەوقەوە گوێی گرتبوو، هەر وشەیەکی سوورمە لای وەک ئەو پیرۆزییانە بوو کە لە ئاسمانەوە داباریون.

مووچڕک بە جەستەیدا دەهات و قەستی دەکرد سوورمە لە ئامێز بگرێت و بە باوەشییەوە ڕۆحی دەربچێت!

لەوە نیگەران بوو باسی ئاوابوونی تەمەن و کۆتاییی ڕۆیشتنی بۆ فەنا، بەڵام ئەو وێنە و یادگارییانەی هەموو لە ڕامانەکانی سوورمەدا دەدیت.

بە حەوسەلەیەکی نەرم و ژیرانە ڕووی لە سوورمە کرد و گوتی: "سێبەری ڕۆح و کۆڵەکەی هەمووان، چ خۆشییەک لەوە خۆشترە کە ئەوەتا بەو هەموو گریانەوە، بەو هەموو ئازارەوە، بەو هەموو زەحمەت و کوێرەوەرییەوە لەپەناتم و بەرەو خۆرێکی ڕووناک و هیوایەکی گەورەوە دانیشتووم، تۆ هەموو سەروەتێک و خۆشییەکی منی!

دەزانم دروونەوەی ئەو خەمە قووڵانە، بەڕێکردنی ژیانێکی سەیروسەمەرە، سارێژنەبوونی برینی سوارە بوو کە بە دیداری ئاخرەتی سەختە، بەڵام بەردەوامبوون و خۆڕاگریی تۆ ئاسوودەم دەکات، مووسا ڕێگەیەکی جوانی گرتۆتە بەر، لە چاوەکانیدا پرژانی خۆرەتاوێکی گەش دەبینم..."

جەرجیس ڕۆیشت و ئاسۆیەک دەرکەوت، دەرگایەک کرایەوە، کۆڵان جمەی دەهات، هەمووان بۆ هەواڵێک لە چاوەڕوانیدا بوون. ئومێدێک و حەزێکی شیرین و دەربازبوون لەو دۆخەی کە تێیدا بوون. دوای بارکردنی ماڵی جەرجیس و راکەڕاکی پیاوەکانی بەعس، هەواڵی خۆشی لێ دەخوێنرایەوە. چاوەڕوانیی وەرچەرخانێک دەکرا. سەرەڕۆییی رژێمی بەعس و داگیرکردنی کوێت، رادیۆی کۆڵانەکانی گەڕەکی خرۆشاندبوو. ئاپۆرەی خەڵکت دەبینی لە چاوییان دەخوێنرایەوە کە ئامادەبوونیان هەیە بۆ خولقاندنی رۆژێکی نوێ. دەنگی رادیۆکانیان زیاتر بەرز دەکرد، موژدە لەسەر موژدە کەرنەڤاڵی خۆشی بوو.

مووسا هەواڵەکانی دێنا و دەبرد، چەند دڵخۆش بوو کاتێک دەیدیت باوکی و سەلاوەتی بەجۆشوخرۆشەوە گوێیان لێ دەگرت.